

د. شوان محەمەدئەمین خۆشناو:

## سەرۆك مسعود بارزانی بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەریتی خۆبەپاشکۆزانین و شەرمنیی لە بڕیاردان ڕەواندەوە

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٢٢)- (٢٧)ی حوزەیرانی ٢٠٢٢

گرنگیی هەڵبژاردن لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا

## گرەوکردن لە دیموکراسیدا ئەوەیە کە ئازادیی هەڵبژاردن بکەین بە بناغەیەکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگە و بەشێك لە کەلەپووری نەتەوەیی و نیشتمانی

هەڵبژاردن چوارچێوەیەکی سرووشتییە بۆ ڕکابەریی سیاسی و هێنانەکایەی دەرفەتە بۆ چارەسەرکردنی گرژییەکان بە ڕێگایەکی ئاشتییانە






# پارتی و عێراق

## ٢٣

پارتی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەمیشە گفتوگۆ و شێوازی ئاشتییانەی بە ڕێگەیەکی گونجاو زانیوە و بڕوای پێیەتی و هەمیشە دەرگای دانوستاندنەکانی بە کراوەیی هێشتووەتەوە. هەر چەند لەو بڕوایەدا بووین کە ڕژێم ئامادە نییە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات، چونکە لەم بارەیەوە ئەزموونێکی دوورودرێژمان لەگەڵ حکوومەتەکانی عێراق هەبووە.

لە هەموو ئەو گفتوگۆ و دانوستاندنانەدا مەرج و داواکارییەکانمان زۆر ڕوون و نەگۆڕ بوون، کە بریتی بوون لە:

یەکەم: گەڕاندنەوەی دانیشتووان و هاووڵاتییانی کوردستان بۆ سەر زێد و شوێنەکانیان.

دووەم: ئازادکردنی هەموو گیراو و بەندکراوەکان.

سێیەم: ئاشکراکردنی چارەنووسی بارزانییەکان و فەیلییەکان و ئەنفالکراوەکان و هەموو بێسەروشوێنەکان.


چوارەم: ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ بکرێتە بنەمای هەر ڕێککەوتنێک.

پێنجەم: ئێمە کێشەی متمانە و بڕوامان هەیە و پێمان وایە بنیاتنانی متمانەش پەیوەندیی بە حکوومەتەوە هەیە و پێویستە بە کردەوە ئەمە بسەلمێنێت. هەست دەکەین دەسەڵات جددی نییە لەم بابەتەدا و بە دڵسۆزییەوە سەیری کێشەکان ناکات و پێویستە بە کردەیی نیەتی خۆی بسەلمێنێت.

شەشەم: پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئۆتۆنۆمی و نەهێشتنی ئەو ڕێوشوێنانەی بە پێچەوانەوە گیراونەتە بەر کە زیانی گەورەیان بە برایەتیی کورد و عەرەب گەیاندووە و بوونەتە هۆی گۆڕین و تێکدانی پێکهاتەی نەتەوەیی و دیموگرافیای کوردستان.

حەوتەم: بەڕێوەبردنی کاروباری گەلی کورد لە هەموو بوارەکاندا بە نوێنەرە ڕاستەقینەکانی بسپێردرێت. بە شێوەیەک کە گەلی کورد هەست بە زامنکردنی مافە نەتەوەییەکانی بکات؛ لەوانەش ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا کە هەست بە ئەرکە نیشتمانییەکانی بکات بۆ بەرگریکردن و پاراستنی سنوورەکانی عێراق دژی دوژمنە دەرەکییەکان، بەڵام چونکە حکوومەت نیازپاک و جددی نەبوو بۆ ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکان، هەموو گفتوگۆکان بێئەنجام بوون و نەگەیشتینە ڕێککەوتن.

# چاپکراوی نوێ




بەرگی دووەمی کتێبی (حدث و حديث- لقاءات اعلامية) لە ئامادەکردنی نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرگێکی ناوازەو لە دووتوێی (٣٣٦) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندی کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەر دیدی خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لەو بابەتانەی کە بەڕێز میرانی نووسیونی، هەروەها ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کە بۆ دەزگا و کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن کردوونی، نەك لە کوردستان و عێراق، بگرە لەگەڵ چەندین میدیای وڵاتانی دیکە، ئەمە وێڕای ئەو وتارانەی کە میرانی لە زۆر بوار و بۆنە جیاجیاکان پێشکەشی کردوون، ئەم نووسین و بابەت و دیدارانە لە چەندین دەیەدا ئەنجام دراون.

کاتێك خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەکات، لە نزیکەوە بە ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو ماوەیەی ڕابردووی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ئاشنا دەبێت، ئەم هەموو ڕووداوانە وەرچەرخانێك بوون لە ڕێبازی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هاوکات پەیوەندییان بە تەوەرە ناوخۆییەکان و وڵاتانی ئیقلمی و نێودەوڵەتییەوە هەیە.

تەوەرە گرنگەکانی نێو ئەم کتێبە چەندین لایەن و بواری جیاجیای سیاسی و حزبی و پرۆسەکانی دیکەی دیموکراسی و سەرکردایەتیی شۆڕش و خەباتی نەبەردانەی پێشمەرگەی کوردستان دەگرێتەوە، بە تایبەتی ڕۆڵی باوکی ڕۆحیی کورد و پێشەوای خەبات و بەرخۆدان مستەفا بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد، دواجار ڕۆڵی مێژوویی و سیاسیی شارەزا و بلیمەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە سەرکردایەتیکردنی حزب و کوردستان کە بە دانایییەوە توانیویەتی ئەم بەرپرسیارێتییە مێژووییە چارەنووسسازەی بارودۆخی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستادا هەڵبگرێت، کە ئامانجیش خزمەتکردنی سەرجەم گەلی کوردستانە بە هەموو چین و توێژەکانەوە.

ئەوەندە ماوەتەوە کە بڵێین میرانی دەرچووی قوتابخانەی خەباتە کە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە ژیلەمۆکەی لە بارزان هەڵکرا و زیاتر لە سەدەیەکە برەو بەو خەباتە نەپساوە دەدات و تائێستاش هەر بەردەوامە، دەستخۆشی لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، لە چاوەڕوانیی بەرهەمی زیاتر.

## دکتۆر دیندار زێباری :



**پەسندکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ دەستکەوتێکی گرنگی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمە**

## دکتۆر محەمەد ڕێکانی :



**چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی و دادوەری هەیە**

## موقەدەم هۆگر عەزیز گەلالی :



**بە پاڵپشتیی خەڵک زۆربەی هەرە زۆری تاوانبارەکانمان ڕووبەڕووی دادگا کردووەتەوە**

## کۆری زۆلی :



**ڕووسیا دووچاری دابڕانی سیاسی بووەتەوە، بەڵام نەتوانراوە لە ڕووی ئابوورییەوە گۆشەگیر بکرێت**





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

د. نەهلە قادر ئەفندی :

## دۆخێکی نوێی سیاسی لە عێراق درووست بووە و پارتیش بەشێکە لە چارەسەر




شیرین یاسین :

## حەز دەکەم بتوانم ببمە راهێنەرێکی سەرکەوتوو




حوسێن یەزدانپەنا :

## ژنان لە هەرێمی کوردستان زۆر کەم کەڵکیان لەو ماف و ئازادییە یاساییانە وەرگرتووە کە بۆیان دانراوە



## گوگل کامێرایەکی نوێ بەرهەم دێنێ



## تووشبووانی شەکرە دەتوانن میوە بخۆن.. بەڵام!




## محەمەد ئەربیللی

## سێ چارەکە سەدە خزمەتی هونەر و میوزیکی کرد



# موقتەدا سەدر

## دیار و نادیار لە ئاسووگەی سیاسیدا

لە ٢٠٠٣وە تا ئەمڕۆ ئەوەی پێی دەگوترێت «پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا»، دوو گورزی گەورەی پێ کەوتووە، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠١٠ و ئەویتریان لە ساڵی ٢٠٢١دا. ئەیاد عەلاوی و موقتەدا سەدر بە شێوەیەك ڕەفتاریان کرد، وەك ئەوەی دیموکراسییەت لە عێراقدا لەوپەڕی باشیدایە و، ئەوەی بە ژمارەیەکی زۆر سەربکەوێت، مافی حوکمڕانیی هەیە و ئەوەی سەریش نەکەوێت، دەبێ ڕوو لە ئۆپۆزسیۆن بکات.

بێ شك ئەو دووە لەسەر دامەزراوەی حوکم حیساب دەکرێت، جا بە واتا سیاسییەکەی بێت، یان ئایینی، هەردووکیان شارەزاییەکی باشیان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی گەیشتن بە حوکم و، هەروا بە پێناسەی ئەوانەی توانای دروستکردنی بەربەستیان هەیە و ئەو هۆیانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاری دێنن، جا لە ڕێی هەڕەشەی سیاسی بێت، یان چەکداری.

با واز لە عەلاوی بێنین کە مەسەلەکەی تا ئێستا وای لە پرۆسەی سیاسیی عێراق کردووە کە باجێکی قورس بدات و، بێینە سەر موقتەدا سەدر کە ئەمڕۆ ڕەفتارەکانی بوونەتە جێی مشتومڕی هاوپەیمانەکانی بەر لە نەیارەکانی، کە دواییینیان بڕیاری کشانەوەی بوو لە تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەم بڕیارەشی پشێوییەکی زۆری خستە ناو هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکە.

بە درێژایی تەمەنی ئەو هاوپەیمانییە، پارتی و سیادە کەوتنە ژێر فشاری هێز و میلیشیاکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی، بەتایبەتی پارتی، کە ئەمڕۆ لە بەردەم دوو ئەگەردان، یان کشانەوە، یانیش گۆڕینی شێوە و سرووشتی هاوپەیمانیی داهاتوویان.

بردنەوە لە هەڵبژاردن بە واتای ئەوە نایەت ئیتر دونیا شامی شەریفە و ڕێگەکەشی خۆشە بۆ گەیشتن بە کورسیی حوکم، چونکە ئەو بۆچوونە لە وڵاتێکدا ڕوو دەدات، کە پشت بەو ڕێگەیە دەبەستێت لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکاندا، نەك لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا.

موقتەدا هەموو ڕێگەیەکی تاقی کردەوە تا پیاوێك لە سەرووی حکومەت دابنێت، کە دانانەکەی هەڵقوڵاوی دوائەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بێت، کە لە تشرینی یەکەمی ڕابردوو ئەنجام درا. هاوپەیمانییەکی دروستکرد و ناوێکی پڕ واتای پێ بەخشی (ڕزگاریی نیشتمان) و بێجگە لە ڕەوتی خۆی، دوو قەوارەی لە خۆ گرت (سیادە) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە دەنگی بەشێکی زۆری کوردی هێنا و، هاوپەیمانییەکەشی بووە خاوەنی ڕێچەیەکی بەسەنگ لە پەرلەمانی عێراقدا. بەڵام ئەو هاوپەیمانییە نەبووە خاوەن پاڵوەندەیەکی کرۆك، یان (چرایەکی سەوز) کە بە بێ ئەو چرایە زۆرینە ناتوانێ بگاتە ئامانج کە چرایەکی تارانە.

هەر چەند پەیوەندییەکی بەتین هەبوو لە نێوان محەمەد باقر ئەلسەدر و مەرجەعە ئایینییەکانی ئێران و، موقتەداش بە خۆی تا ئێستا خوێندن لە ئێران تەواو دەکات و ناوەناوە سەردانی دەکات، بەڵام دەبێ ئەوە لە بیر نەکرێت، محەمەد سادق ئەلسەدر (باوکی موقتەدا) و دوو برای بە دەستی گرووپێکی شیعەی عێراق کوژران.

هەر چەند موقتەدا کارەکە دەخاتە سەر سەدام حوسێن، بەڵام ڕاستییەکە وا نییە. بە هەر حاڵ سەرکردایەتیی ئێران (عەلی خامەنەئی و فەیلەقی قودس) پەیوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و میلیشیاکانی هەیە،



**فەیسەڵ دەباغ**
بۆ گوڵانی نووسیوە

وەك نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی و هادی ئەلعامری و قەیس خەزعەلی و...تاد.

ئەو چوارچێوەیە توانی لە دواهەڵبژاردندا ٨٠ کورسی بەدەست بێنێ، بەڵام ئەو ژمارەیە ڕێی پێ نەدا بگاتە حوکم. بە هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێ لایەندا، وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توانی لە بەرامبەر زۆرینەکە بوەستێ، وەك ئەوەی پێی دەگوترێ (سێیەکی پەکخەر) کە ئەمەش دەربڕینێکە لە ئەزموونی سەرنەکەوتووی لوبنان وەرگیراوە و، توانای ئەوەی هەیە بە ڕووی حکومەتەکان و سەرۆکەکانیان بوەستێت و، هەروا بە ڕووی ئەو بڕیارانەی کە بە بێ ڕەزامەندیی ئەوان و مەرجەعییەتیان وەردەگیرێت، چەکە پەکخەرەکە لە عێراقدا بووە هۆی ئیفلیجکردنی دامەزراوە فەرمییەکان و، ئەندامانی پەرلەمانیش نەیانتوانی سەرۆك کۆمارێکی نوێ هەڵبژێرن، یان حکومەتێکی نوێ پێك بهێنن.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکەی نێوان سەدر و نەیارانیدا کە هەمیشە بە گەندەڵکار وەسف دەکرێن، سەرکردە ئێرانییەکان هەوڵێکی زۆریان دا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك و کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان، وەك هەوڵەکەی فەرماندەی قودس کە هەوڵی دا باوەڕ بە سەدر بێنێ و لەگەڵ هێزە شیعەکانی دیکە حکومەتێکی تەوافوق پێك بێنێ، بەڵام داواکەی ڕەت کرایەوە.

هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئێران دەستیان بە شاڵاوێکی توند کرد بەرامبەر سەدر و، تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ کە گوایە دژی یەکێتیی هێزە شیعییەکانە و، دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامەکانیشی لە پەرلەمانی عێراق ئامانجەکەی دوور خستنەوەی چوارچێوەی هەماهەنگییە لە گۆڕەپانی سیاسی، هەتا یەکێك لە ڕۆژنامەکان موقتەدا سەدری بەوە وەسف کرد کە کەس ناتوانێت پێشبینی بڕیارەکانی بکات.

دوور لە هەڵپلانی هەڵوێستی سەدر لە کاری سیاسی، بەڵام ئەو پیاوە خاوەن شەقامە و دەتوانێت لەهەر ساتێکدا ئاسووگەکە سەراوبن بکات و دەرگاکانیشی بەرامبەر ئەگەرێکی جاڕسکار بکاتەوە، چونکە پڕکردنەوەی کورسییەکانی سەدر لە پەرلەماندا بە ئەندامانی دیکە، کە لەوانەیە لە چوارچێوەی هەماهەنگی بن، ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری لە نێو هێزە شیعەکاندا زیاتر دەکات.

زۆر قورسە سەدر وەك سەیرکەر و دەستبەستراو بمێنێت بەرامبەر بە ئاسووگەیەك کە تێیدا نەیارەکانی سەرکەوتن وەدەست بێنن، بێ حیسابکردن بۆ ئەو زۆرینە جەماوەرییەی کە بڕوای خۆیان پێی داوە.

بەشێك لە چوارچێوەی هەماهەنگی خۆشحاڵن بەوەی ڕووی دا و بەشێکیش ترسیان لێ نیشتووە و حیساب بۆ پاش پێکهێنانی حکومەت دەکەن.

بەشی یەکەم بە شێوەیەکی عاقڵانە بیر ناکاتەوە و بەشی دووەمیش دوور تەماشا دەکات.

مالیکی لەگەڵ ئەوەدایە حکومەت بە خێرایی پێك بێت، بە بێ ئەوەی حیساب بۆ ئاسەوارەکانی بکات، بەڵام هادی ئەلعامری لەگەڵ ئەو خێراییە نییە و دەیەوێ تا دواسات چاوەڕوانی دوابڕیاری سەدر بێت.

عامری لە ڕووی سیاسییەوە حیساب بۆ هاوینێکی زۆر گەرم دەکات و پێی وایە پێکهێنانی هەر حکومەتێك بە بێ ڕەوت سەر ناگرێت و چەند مانگێکی پێ ناچێ و دەڕووخێت.



**دکتۆر شوان محەمەدئەمین خۆشناو**

**مامۆستای زانکۆ- پسپۆڕ لە مێژووی هاوچەرخی کورد بۆ گوڵان:**

# سەرۆک مسعود بارزانی بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەریتی خۆبەپاشکۆزانین و شەرمنیی لە بڕیاردان ڕەواندەوە

**گشتپرسی جۆرێکە لە دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ، دژایەتیکردنیشی بە واتای دژایەتیکردنی دیموکراسی دێت، بۆ نەتەوەی کورد کە ڕووبارێك خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە، ئەنجامدانی زەرورەتی مێژوویی بوو. ڕیفراندۆم هەنگاوێکی بوێرانە بوو، ئەنجامێکی دایە دەست کە ٩٣٪ی کوردستانییان بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیشەوە بە «بەڵێ» دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا. تا ئەو کاتانەی سەرکردە سیاسییەکان لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان لەسەر مافەکانی کورد دەدوان و ڕوونکردنەوەیان دەدا، هەمیشە شەرمنانە باسی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان دەکرا و، جەختیان لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکردەوە، سیاسەتی خراپی حوکمڕانانی بەغدا، لە مووچەبڕین و هاوکاری نەکردنی هێزی پێشمەرگە و.. تاد، ئەوانە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو بۆ ئامادەسازی و، لە کۆتاجاردا ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە شکێندرا و، ویستی جەماوەر بۆ ئەنجامدانی پرۆسە دیموکراسییەکە (ڕیفراندۆم) ڕاگەیەندرا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر شوان محەمەدئەمین تەها مامۆستای زانکۆ- پسپۆڕ لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد کرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەتا بۆ ئەوەی باسی ڕیفراندۆم بکەین، ئایا دەکرێت ڕیفراندۆم ببەستینەوە بە درێژکراوەی خەبات و شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانەوە؟**

- گشتپرسی (ڕیفراندۆم-referendum) مافێکی سرووشتیی هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمینە، ڕێگەچارەیەکی سەردەمییانە و پێشکەوتووخوازانەیە و، جۆرێکە لە دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ، دژایەتیکردنیشی بە واتای دژایەتیکردنی دیموکراسی دێت. بێگومان ئەو شێوازە مافی هەموو گەلێکە و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە گشتی و لە ڕۆژئاوا بێ کێشە و ئاریشە پەیڕەو دەکرێت.

سەبارەت بە کورد کە نەتەوەیەکی ڕەسەنی خاوەن خاك و دۆزی ڕەوای خۆیەتی لە ناوچەکە و، لە بەرەبەیانی مێژووەوە ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە بونیاتنانی شارستانێتی کۆنی میزۆپۆتامیا و زاگرۆس، هەر لە پێش زایینەوە لە زێدی ڕەسەنی خۆی ژیاوە و پشکی گەورەی لە دروستکردنی ژیاریی دەڤەرەکە بەرکەوتووە، شان بە شانی وێستگە مێژووییەکان ڕاگوزەر بووە و زیندوێتی و ڕەسەنایەتیی خۆی بە درێژایی قۆناغ و وێستگە سەرەکییەکانی مێژووی کۆنی بەر لە زایین و سەدەکانی ناوەڕاست (سەردەمی ئیسلام) هەر پاراستووە و، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا بە هەمان شێوە، لە دوای شەڕی چاڵدێرانەوە لە ساڵی ١٥١٤ کە زۆربەی زۆری میرنشینە کوردییەکان لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتنە ژێر قەڵەمڕەویی دەوڵەتی عوسمانی، بەردەوام کورد لە هەوڵی پاراستی خۆیدا بووە، بۆ ئەو مەبەستەش خەباتی کردووە و بەرەنگاری هەوڵەکانی سڕینەوە بووەتەوە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم تا نیوەی یەکەمی سەدەکە، سەیر بکەین، سێ بزووتنەوەی سەربەخۆخوازی لە لایەن سێ میری گەنج لە ئارادا بووە، ئەوانیش: هەریەك لە ئاوڕەحمان پاشای بابان و میر محەمەدی سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان بوون، بەڵام ئەم ویستە بە زەبری هێز شکستی پێ هێنرا، پاشان لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵگە مێژووییەکان ئاماژە بە هەوڵە دیپلۆماسییەکەی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دەکەن، چۆن داوای لە پادشا جۆرجی پێنجەمی ڕووسیا کردووە پاڵپشتی بونیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بێت، دەکرێت ئەمە بە یەکەم هەوڵی سەدەی بیستەم دابنرێت، دوای جەنگی یەکەمی جیهانییش هەوڵەکانی شەریف پاشای خەندان لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ساڵی ١٩١٩ بۆ بەهەندوەرگرتنی پرسی کورد و گەیاندنی دۆزەکەی بە وڵاتە براوەکانی جەنگ، دواتر پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢١ و کۆنگرەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣و هەموو ئەوانە

**لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵگە مێژووییەکان ئاماژە بە هەوڵە دیپلۆماسییەکەی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دەکەن، چۆن داوای لە پادشا جۆرجی پێنجەمی ڕووسیا کردووە پاڵپشتی بونیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بێت**

**ڕیفراندۆم شابڕیاری مێژوویی بوو بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی ئەم پارچەیەی کوردستان**

**لە ڕووی هێزەوە ئەوە پێشمەرگەی کوردستان بوو دوای ئەوەی داعش سێیەکی عێراقی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ داگیر کرد، وەکو قەڵغانێک بەرانبەر ئەم هێزە بیروباوەڕ دۆگما و تاریکپەرستە وەستایەوە و، سنوورێکی بۆ وێرانکارییەکانی دانا**

**سیاسەتی خراپی حوکمڕانانی بەغدا، لە مووچە برین و هاوکارینەکردنی هێزی پێشمەرگە و.. تا دوایی، ئەوانە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو بۆ ئامادەسازی و ویستی جەماوەر بۆ ئەنجامدانی پرۆسە دیموکراسییەکە**

**گشتپرسیی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ پرۆسەیەک بوو بە شێوازێکی دیموکراسییانە، بە قەد شۆڕشێکی پێشکەوتووخوازانەی سەردەم توانی شکۆی تاکی کورد باڵا بکات**

هەوڵی بەرایی بوون. دوای ئەوە بزووتنەوەی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود و زنجیرە بزووتنەوە و شۆڕشەکانی بارزان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد و، پاشان بەزاندنی سنووری جوگرافی لە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە لە شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا بۆ سەرتاپای باشووری کوردستان، پاشان نسکۆ، دواتر پرۆسە قێزەونەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردن، ئینجا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، ئەو دەستکەوتانە بە خوێن و قوربانیی زۆر بەدەست هاتوون، بەڵام کێشە لە حوکمڕانانی سەردەستەی عێراق بووە و، تا ئێستاش ئەو مێژووە نادیدە دەگرن، ئەوانەی باسمان کرد پانۆرامەیەکی کورتی مێژوویی بوون، دەتوانین بڵێین ڕیفراندۆم شابڕیاری مێژوویی بوو بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی ئەم پارچەیەی کوردستان. بۆیە ئەگەر بۆ گەلان جارێك شایستەی ئەو مافە بووبن کە زۆرینەی نەتەوەکانی ناوچەکە بێ شووناس و وڵات نین و ئەم گرێکوێرە مێژووییەیان نییە، بۆ نەتەوەی کورد کە ڕووبارێك خوێنی ڕشتووە، ئەنجامدانی زەروورەتی مێژوویی بوو.

*** خواست و ویستی نەتەوە تا چەند ڕۆڵی هەبوو لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێم بنەماکانی دەوڵەتبوون و هاووڵاتی و تەنانەت فیدراڵی نەما؟**

- پاشخانی مێژوویی کورد و قۆناغەکە ئەوەی دەخواست کە ویستی نەتەوە سەربخرێت. ئەگەر سەیری ئانوساتی ئەنجامدانەکە بکەین لە ڕووی کارگێڕییەوە، هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی حوکمڕانیی باشی هەبوو بەراورد لەگەڵ عێراق، بە باش و خراپییەوە، هەزاران کادیری زانستی و تەکنۆکراتی لە هەموو بوارەکاندا هەبوو و، بە سەدان و هەزاران بڕوانامەداری هەبوو، لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە سەردەمێکی مێژوویی وابوو کە هەولێری پایتەخت ببووە ناوەندێکی دیپلۆماسییەتی کورد و، سەرەڕای ئاڵوگۆڕی شاندە بەردەوامەکانی هەرێم و وڵاتانی هەرێمی و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بوونی دامەزراوەی نوێنەرایەتی و ئۆفیسی پەیوەندییەکان لە زۆربەی جیهاندا، لە ڕووی هێزەوە ئەوە پێشمەرگەی کوردستان بوو دوای ئەوەی داعش سێیەکی عێراقی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ داگیر کرد، وەکو قەڵغانێك بەرانبەر ئەم هێزە بیروباوەڕ دۆگما و تاریکپەرستە وەستایەوە و، سنوورێکی بۆ وێرانکارییەکانی دانا، کە مەترسیی لەسەر تەواوی جیهان و مرۆڤایەتی هەبوو، ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە نەبووە هێزێکی نیشتمانیی یەکگرتوو، بەڵام لەم شەڕانەدا بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە تا خانەقین ببووە بەربەستێکی پۆڵایین و ڕێگەی پەڕینەوەی لە داعش گرت، تەنانەت ڕێگەی ئەوەی گرت کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان داگیر بکات و بە خوێن پارێزگاری لێ کرد، گومانی تێدا نییە ئەگەر بە تەمای سوپای بەغدا بووایە، کەرکووکیش بە دەردی مووسڵ و تکریت و حەویجە و شوێنەکانی دیکە چووبوو، دواتریش بینیمان دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆریستانی داعش چۆن لەسەر دەستی پێشمەرگە شکۆی شکا، لە ڕووی ئابوورییەوە دوای برینی مووچە و سیاسەتە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکانی حکومەتی بەغدا دژ بە هەرێمی کوردستان، هاوکات مەسەلەی ئابووریی سەربەخۆ لە ئارادا بوو، نەوتی کوردستان ڕەوانە کرا، لە سەرووی هەمووی ئەوانەوە سیاسەتی خراپی حوکمڕانانی بەغدا، لە مووچە برین و هاوکارینەکردنی هێزی پێشمەرگە و.. تا دوایی، ئەوانە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو بۆ ئامادەسازی و ویستی جەماوەر بۆ ئەنجامدانی پرۆسە دیموکراسییەکە.

*** وەك پسپۆڕ و شارەزایەکی بواری مێژوو، دەکرێت بزانین هەڵسەنگاندنتان بۆ پرسی ڕیفراندۆم چییە و، ئایا تا چەند ڕیفراندۆم دەنگ و ڕەنگ و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستانی یەکخست و کۆدەنگیی لێ کەوتەوە؟**

- ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی هەموو ساڵێك جەژنێکی کوردستانییە لە مێژووی ئازادیخوازی و سەربەخۆخوازیی نەتەوەی کورددا، ڕۆژی سەرکەوتنی ویستی سەربەخۆخوازانەی کوردە، گشتپرسیی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ پرۆسەیەك بوو بە شێوازێکی دیموکراسییانە، بە قەد شۆڕشێکی پێشکەوتووخوازانەی سەردەم توانی شکۆی تاکی کورد باڵا بکات و ناخی نەیارانی کورد بهەژێنێ، ڕەهەندەکانی ڕیفراندۆم

و هەڵسەنگاندنی، دەکرێت لە چەندین ڕووەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بایەخی بخرێتە ڕوو، لێرە تەنیا لە ڕووی سیاسی و سایکۆلۆژییەوە ئاماژەی پێ دەکەین:

١- ڕیفراندۆم لە ڕووی سیاسییەوە وەك دۆکیۆمێنتێك لە ئەرشیف و یادگەی کوردستانییان و وڵاتە هەرێمایەتییەکانی وەك تورکیا و ئێران و سووریا مایەوە، سەنگی ئەوەش لە داهاتوودا دەردەکەوێت و لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا ئامادەگیی پێشوەختە کراوە و، پێمان وایە کاروانی سەربەخۆیی کورد ناوەستێ.

٢- لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بەدەر لە سۆز و هەڵچوون، هیچ تاکێکی کورد نییە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیری لە کۆژان و بێ ناسنامەیی نەتەوە ستەمدیدە ژێردەستەکەی نەکردبێتەوە، لەم ڕۆژەدا هەستی شانازیبەخۆکردنی لەلا دروست نەبووبێت، لە باری دەروونییەوە شکۆی بە تاکی کورد بەخشییەوە کە چەندین ساڵ بوو، هەستی خۆبەپاشکۆزانینی بەسەردا زاڵ ببوو و، کڕوکپ و شەرمن و خامۆش و بێدەنگ کرا بوو، تەنانەت سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش تا ئەو کاتە زاتی ئەوەی نەبوو ئەم هەستە پەنگخواردووەی نەتەوەکەی بە ئاشکرا بە گوێی فەرمانڕەوایانی سەردەستەی عێراقدا بچرپێنێ، بە بیرمان دێت هەلومەرجی دوای ڕاپەڕین لە هەموو دانوستانەکاندا جەخت لەسەر یەکپارچەیی عێراق و هاوبەشی لە حوکمڕانیدا دەکرایەوە، ڕیفراندۆم هەنگاوێکی بوێرانە بوو، ئەنجامێکی دایە دەست کە نزیکەی (٩٣٪)ی کوردستان بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیشەوە بە «بەڵێ» دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا.

ڕیفراندۆم بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان بوو، ئەوانیش شانبەشانی کورد بە درێژایی مێژوو هاوبەشی مەینەتییەکانمان بوون و، لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیشەوە تا ئێستا لەژێر دەستی دەسەڵاتی عەرەبی سەردەستە بە (سوننە و شیعەوە) وەك ئێمە تاڵی و ئازاریان چەشتووە، کورد شوێنی ئازاری لە جەستەدا بوو، بۆیە لە هەستی ئەوان دەگەیشت و ئەوانیش لە مامەڵەی کورد گەیشتبوون، بۆیە پرۆسەکە نموونەیەکی جوانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی لەسەر بنەمای هاوووڵاتیبوون و یەکسانی و دادوەری نیشان دەدا، ئەو کۆدەنگییەش هۆکارێکی دیکەی ترسی وڵاتان بوو.

*** سەبارەت بە ڕۆڵی ڕابەر لە سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، ئایا چی وای لە هەموو خەڵك کرد کە لە دەوری سەرۆك بارزانی کۆببنەوە و، وا لەو هێزە سیاسییانەش بکات کە نەتوانن لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا لابدەن؟**

- لە فەلسەفەی مێژوودا قوتابخانەیەکی تایبەت هەیە دەربارەی نەخشی ڕێبەر و ڕۆڵی پاڵەوان لە مێژوودا، کە خاوەنی قوتابخانەکە بیریاری ئوستکوتلەندی تۆماس کارلایل (١٧٩٥-١٨٨١)ـە، ئەو ڕێبازە زۆرتر هەڵوەستە لەسەر پێگە و ڕۆڵ و بوێری و ئازایەتی و کاریزمابوونی ئەو سەرکردانە دەکات، کە دەتوانن لە قۆناغێکدا ڕابەرایەتیی کۆمەڵگە بکەن و ناویان لە مێژوودا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

گومانی تێدا نییە خەبات و مێژوو و ئەدگارەکانی سەرکردە ڕۆڵی هەرە گەورەی هەبوو لە کۆکردنەوەی و کۆدەنگیی کورد و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان، ئەگەر سەیری بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەین، زۆربەمان ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١مان لە بیرە، ئەو کاتانەی سەرکردە سیاسییەکان لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیاندا لەسەر مافەکانی کورد دەدوان و ڕوونکردنەوەیان دەدا، هەمیشە شەرمنانە باسی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان دەکرا و جەختیان لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکردەوە، ئەو ترسە لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە شکێندرا، ئەو نەریتی خۆبەپاشکۆزانین و شەرمنیی لە بڕیاردانی ڕەواندەوە و، وەستانی ڕێڕەو و ڕەوتی مێژووی ڕزگاریخوازی و ئازادیخوازیی کوردی خێرا کرد.

*** لەکاتێکدا ڕیفراندۆم مافێکی ڕەوای هەموو نەتەوەکان بێت و ڕێز لە ڕا و خواستی خەڵك بگیرێت، ئایا تا چەند گرنگ بوو گەلانی ئازادیخوازی جیهان خواست و ویستی گەلی کوردستانی باشوور بزانن، کە چ چارەنووس و ئایندەیەکیان دەوێت؟**

**خەبات و مێژوو و ئەدگارەکانی سەرکردە ڕۆڵی هەرە گەورەی هەبوو لە کۆکردنەوەی و کۆدەنگیی کورد و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان**

**ئاشنایەتیی وڵاتان و میللەتان بە دۆزی کورد، دوای ئەنجامدان و سەرکەوتنی ویستی سەربەخۆییخوازیی لە ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم چووە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە، خودی پرۆسەکە بووە مانشێتی ڕۆژنامە و سایتە ئەلەکترۆنییە جیهانییەکان**

**ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەشێکی دەکەوێتە سەر بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئینگلیز لە کەرکووک، بۆیە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ساتێکدا بوو کە پێویست بوو ئەنجام بدرێت**

**یەکێک لە سەروەری و جیاوازییەکانی ڕیفراندۆم ئەوە بوو کە سنوورە بڤەکانی تێکشکاند، کە بە زۆر و بە ئیمکانییەتێکی گەورەوە بەرنامەڕێژیان بۆ کردبوو**



**دوای داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پێشڕەوییەکان نەوەستان، بەڵکو هەوڵی لەباربردنی ئەزموون و قەوارەی هەرێمی کوردستان درا**

**داستانی پردێ و سحێلا و مەحموودیە هەموو لایەکی هۆشیار کردەوە و، پەیامێکی دایە وڵاتە هەرێمییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناپاکەکانی ناوخۆ، کە کورد و دۆزە ڕەواکەی ئەو پارووە ئاسانە نییە، بە ئاسانی لە گەروویان بچێتە خوارەوە و بۆ ئایندەش ئاسان نابێت**

- ئاشنایەتیی وڵاتان و میللەتان بە دۆزی کورد، دوای ئەنجامدان و سەرکەوتنی ویستی سەربەخۆییخوازیی لە ئەنجامدانی پڕۆسەی ڕیفڕاندۆم چووە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە، خودی پڕۆسەکە بووە مانشێتی ڕۆژنامە و سایتە ئەلەکترۆنییە جیهانییەکان، ئەمەش وایکرد مرۆڤە ئازادیخوازەکان لە نێو گەلاندا زۆرتر بە دوای زانیاریدا بگەڕێن و تەنانەت لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش لە بواری مێژوویی و سیاسسییەوە زۆرتر بووەتە جێی بایەخی ئەکادیمیستانی دەرەوە.

*** لە دەستپێکی پرسی ڕیفراندۆم و لە ناو ڕیفراندۆمدا دژایەتییەکی زۆر کرا، بەوەی پڕۆسەکە دوابخرێت، یان نەکرێت، چی وایکرد گەلی کورد بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا نەکەوێتە ژێر فشار و پاڵەپەستۆی دەرەکی؟**

- نەتەوەی کورد بە داخەوە ئەزموون و ڕابردوویەکی تاڵی لەگەڵ زلهێز و بڕیاربەدەستانی ڕۆژئاوا هەیە، بۆ نموونە شکستی بزووتنەوە سەربەخۆخوازییەکانی کورد لە سەردەمی عوسمانیدا، ئینگلیزەکان ڕۆڵی نەرێنیان هەبوو و، پاڵپشتی عوسمانییەکان بوون، دوای ئەوان لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس هاوپەیمانان دیسان خەونەکانی کوردیان زیندەبەچاڵ کرد، لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا دیسان مافی کوردان نادیدە گیرا، هەمدیس لە شۆڕشی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ ئەوە ژەنەڕاڵەکانی ئینگلیز و تۆپخانە و فڕۆکەکانیان بوون پاڵپشتی سوپای عێراق بوون، بۆ لێدانی شۆڕشگێڕان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی، تەنانەت بۆ نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ ڕۆژئاوا هۆکارێکی سەرەکی بوو، ئەوانە هەمووی ئەزموونن و بۆ شکاندنی ئیرادەی کورد درێغییان نەکردووە، بۆیە مێژوو پێمان دەڵێت گەلی کورد بۆ ئێستا و بۆ ئایندە دەبێ پشت بە خۆی ببەستێت، بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا کاتین و تاسەر نییە، دەبێ هۆشیاریی مێژوویی لای تاکی کورد دەستەبەر ببێت، ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەشێکی دەکەوێتە سەر بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ئینگلیز لە کەرکووك، بۆیە ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم لە ساتێکدا بوو کە پێویست بوو ئەنجام بدرێت.

*** خاڵێکی دیکەی دەستکەوتی ڕیفراندۆم ئەوە بوو بۆ یەکەمینجار لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، خەڵکی ئازادانە دەنگیان دا، ئایا تا چەند گرنگ بوو کەرکووکییەکان و تەواوی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان بەشداریی پڕۆسەی ڕیفراندۆم بکەن؟**

- یەکێك لە سەروەری و جیاوازییەکانی ڕیفڕاندۆم ئەوە بوو کە سنوورە بڤەکانی تێکشکاند، کە بە زۆر و بە ئیمکانییەتێکی گەورەوە بەرنامەڕێژیان بۆ کردبوو، دەکرێت ئەمە ببێتە پەندێك بۆ حکومەتی عێراقی کە سوودی لێ ببینێت، لە دوای ڕۆژگارێکی درێژ لە پڕۆسەی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و دەرکردنی کوردەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، لە ڕیفڕاندۆمدا ئەو ناوچانە دەنگی ڕەها و زۆرینەی بەدەست هێنا، ئەوان و خەڵکی دیکە و چاودێرانیش لەوە گەیشتن هیچ حوکمڕانییەکی



خۆسەپێن ناتوانێت کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە بسڕێتەوە.

*** وەکو ئاماژەت پێ دا، ڕیفراندۆم دوژمنایەتییەکی زۆری هێزە عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی لێ کەوتەوە، پرسیار ئەوەیە لە لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم فێری چی بووین؟**

- لە ڕووی لێکەوتە و ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمەوە کە بە هۆی گەلەکۆمەکیی هەرێمی و خۆگێلکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست ڕووداوەکان و دەستێکی ناپاکی ناوخۆیی، بەربەستی بۆ دروست کرا و بە لەشکرکێشیی گەورە و هێرشی نابەرابەرەوە بەرپەچ درایەوە، لە ئەنجامدا مەترسی و پیلانی گەورە ئاشکرا بوون و دوای داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پێشڕەوییەکان نەوەستان، بەڵکو هەوڵی لەباربردنی ئەزموون و قەوارەی هەرێمی کوردستان درا، لەم بارودۆخە ناهەموار و هەستیارەدا، سەرۆك مسعود بارزانی توانی ڕابەرایەتیی پێشمەرگە بکات و بەرەوڕووی هێزی پاڵپشت بە تانکی ئەبرامزی ئەمریکی و چەکی پێشکەوتووی دەستی میلیشیاتە چەکدارەکان بوەستێتەوە، ئەوە بوو داستانی پردێ و سحێلا و مەحموودیە هەموو لایەکی هۆشیار کردەوە و، پەیامێکی دایە وڵاتە هەرێمییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناپاکەکانی ناوخۆ، کە کورد و دۆزە ڕەواکەی ئەو پارووە ئاسانە نییە، بە ئاسانی لە گەروویان بچێتە خوارەوە و بۆ ئایندەش ئاسان نابێت.


ئێستا ڕیفراندۆم ئەنجام دراوە و پێنج ساڵ تێپەڕی و وەك ئامانج دڵخۆشکەر و دەنگی (بەڵێ) سەرکەوتوو بوو، بەڵام وەك ئەنجام بۆ ماوەیەك ڕاگیراوە، بەڵام وانەیەکی گەورەی فێرکردین کەوا کاتی ئەوەیە ناوماڵی خۆمان یەك بخەین، هێزی پێشمەرگە ببێتە هێزێکی نیشتمانی، پشت بە خۆمان ببەستین، ڕۆژئاوا بەرژەوەندیخوازە، دەکرێت لەگەڵ وڵاتە هەرێمایەتییەکان پەیوەندیی باشمان هەبێت، بەڵام نابنە دۆستمان، چونکە دەزانن باشوور ڕووگە و ئاواتی هەستی کوردەکانی هەر سێ پارچەکەی دیکەیە.

بەداخەوە کورد سەرەڕای ئەو مێژووە دەوڵەمەندەی هەیەتی لە بواری خەبات و کۆڵنەدان و شۆڕشگێڕی و بەرگری و خۆڕاگرییەوە، بەڵام هوشیاریی مێژوویی لاوازە، سەربەخۆیی خەونی دێرینی باب و باپرانمان بووە، ڕیفراندۆم شابڕیاری سەدەی بیستویەك بوو لە مێژوووی هاوچەرخی کورددا، پابەندبوونی خاك و خۆشویستنی نیشتمان و هەوڵدان بۆ بەدیهاتنی خەونی دێرینمان، شتێکە و گرفت و کێشە و ئاریشەی ناوخۆیی شتێکی دیکە، ڕاستە ژیانێکی شایستە مافی ڕەوای هەموو تاکێکی کوردە و زۆری سەختی و ناخۆشی دیوە، بەڵام بەلاڕێدابردن و تێکەڵکردنی کارتەکان لە بەرژەوەندیی پرسی ستراتیژی نەتەوە نییە و هیچ وڵاتێکی دونیا بێ گرفتی ناوخۆیی نییە، بەڵام میللەتانی پێشکەوتوو نیشتمانیان خۆش دەوێت و ئەو هەستە لە مەسەلەی حوکمڕانیی خراپ جیا دەکەنەوە.

**ڕۆژئاوا بەرژەوەندیخوازە، دەکرێت لەگەڵ وڵاتە هەرێمایەتییەکان پەیوەندیی باشمان هەبێت، بەڵام نابنە دۆستمان، چونکە دەزانن باشوور ڕووگە و ئاواتی هەستی کوردەکانی هەر سێ پارچەکەی دیکەیە**

**سەربەخۆیی خەونی دێرینی باب و باپرانمان بووە، ڕیفراندۆم شابڕیاری سەدەی بیستویەك بوو لە مێژوووی هاوچەرخی کورددا**

# گرنگیی هەڵبژاردن لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا



**پ.د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

وێڕای هەندێ هەلومەرجی خودی و بابەتییانە، بەڵام تا ئێستا بزاڤی گۆڕانکاری بە ئاراستەی دیموکراسی درێژەی هەیە، کەچی خراپیی ئەم هەلومەرجانە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردەواری تێیدا دەژی کە بریتییە لە دەستپێکی شەڕی دیموکراسی، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژین ململانێی توندو یەکلاکەرەوە نییە لە نێوان بژاردەی دیموکراسی و بژاردەی ستەمکاری کە خۆی لە پشت ترس لە یەکێتیی نیشتمانی و پارێزگاریکردن لە بەهاکان حەشار داوە، لە پێناو پاساوهێنانەوە بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسی، وەك ئەوەی لە زۆر کۆمەڵگەی جیهانی تازە پێگەیشتوو بەدی دەکرێت، بەڵکو ئەوەی ئێستا لە کوردستانی عێراقدا تێیدا دەژین، قۆناغی وەرچەرخانی دیموکراسی و چەسپاندنیەتی لە ویژدانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا.

هێزی بژاردەی دیموکراسی لەوەدایە کە بریتییە لە میتۆدێك بۆ دەرکردنی بڕیارە گشتییەکان کە زۆر پێویستن، بەپێی پرەنسیپی ئیرادەی میللی و تواناداان بە گرووپی سیاسی کە لایەنەکانی جیاوازی و جودایی بەرژەوەندییەکان بە شێوەی ئاشتییانە بەڕێوەبەرێت، لە چوارچێوەی پرەنسیپ و بەها دەستوورییەکان کە هێزە ئەکتیڤەکان لە کۆمەڵگە لەسەری ڕێککەوتوون، چونکە گرنگترین نیشانەکانی دەستپێکی دیموکراسی بریتین لەوەی کە کۆمەڵگە بتوانێت توندوتیژی و ململانێی سیاسی کۆنترۆڵ بکات و بیگۆڕێت بۆ ڕکابەری و کێبڕکێیەکی ئاشتییانەی ڕەوا.

بناغەی دیموکراسی بریتییە لە بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی کە زامنی گوزارشت بکات لە ئیرادەی میللەت کە سەرچاوەی خودی شەرعییەتی دیموکراسییە، ئەمەش لە ڕێی فرەیی و یەکسانی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و دابینکردنی ماف و ئازادییەکانەوە، دیموکراسی مومارەسەکردنێکە خەسڵەت و دامەزراوەگەلی خۆی هەیە، کە ڕێگا بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات (بە هەموو چین و توێژەکانەوە) بەشداریی کارای سیاسی بکەن، چ بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و هەڵبژاردنی دەسەڵاتی سیاسی، یان چاودێریکردنی و بەلاخستن و لێپرسینەوە، یانیش بەشدار بن لە پێکهێنانی ڕای گشتیی کاریگەر لە دروستکردنی بڕیار و سیاسەتدا، ئەوەش لەمیانی ڕۆڵێکی کارای دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هێنانەکایەی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵات و ئازادی.



هەندێ کەس گرنگیی هاوبەندیی ئۆرگانیی نێوان پیادەکردنی دیموکراسی و پێداویستیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کۆمەڵگە فەرامۆش دەکەن، هەندێ شتی بینراوی ڕۆژانەش سەلماندوویانە کە نەبوونی دیموکراسی، یان بەتاڵکردنەوەی ناوەرۆکی و هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی هێزە سیاسییەکان بووەتە هۆی ئیفلیجکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسی، هەروەها سەرهەڵدانی گرژی و دواتر شەڕ و کوشتاری ناوخۆ و لەقکردنی شیرازەی کۆمەڵگە و لەناوبردنی هۆگری و ئاشتی کۆمەڵایەتی لێ کەوتووەتەوە.

چارەسەرەکە لە تەوزیفکردنی ئەو شتانەدایە کە میتۆدی دیموکراسی پێشکەشیان دەکات لە گەشەسەندنی هەستی نیشتمانی و گەشبینی و ئاوات خواستن بە ئایندە و پابەندبوون بە ئاشتی، ئەمەش لە میانی بەشداریی ڕاستەقینەی سیاسیی تاکەکانی کۆمەڵگە، چونکە هەر هاوڵاتیانی ئازادن کە سیستەمێکی سیاسی و نەتەوەیی دێننەکایەوە کە بە تەواوی بەشداری بکات لە هەموو کارلێکەکانی ڕۆژانە، دواجار پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تەنیا لە چوارچێوەی دیموکراسیی سەردەمیانە و دامەزراوە دەستووری و شەرعییەکانی دێتە کایەوە، کاتێکیش یەکسانیی سیاسی و یاسایی لەنێو کۆمەڵگەدا دێتە ئاراوە، بە شێوەیەك کە هاووڵاتی هەست بە هەموو ماف و ئازادییەکانی بکات، بە جۆرێك دەسەڵاتی سیاسی بە گوێی ڕای گشتیی ئازاد بکات لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان، هەروەها لە بەهێزکردنی پرەنسیپەکانی شەرعییەتی دیموکراسی.

لەم سۆنگەیەوە پێویستە دووپاتی ئەوە بکەینەوە کە بەشداریی سیاسی گرنگە لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتی حوکمڕان و دامەزراوەکاندا، ئەمەش لە میانی هەڵبژاردنی گشتی و دەوری و نهێنی و بێگەرد، کە بریتییە لە توخمێکی جەوهەریی پرۆسەی دیموکراسی و تەرجەمەکردنی پرەنسیپ و بەهاکانی بۆ واقیع.

**ئەوەی ئێستا لە کوردستانی عێراقدا تێیدا دەژین، قۆناغی ڕاگواستنی دیموکراسی و چەسپاندنیەتی لە ویژدانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا**

**گرنگترین نیشانەکانی دەستپێکی دیموکراسی بریتین لەوەی کە کۆمەڵگە بتوانێت توندوتیژی و ململانێی سیاسی کۆنترۆڵ بکات و بیگۆڕێت بۆ ڕکابەری و کێبڕکێیەکی ئاشتییانەی ڕەوا**

**دیموکراسی کە بۆ بەشداریی ڕاستەقینەی میللی نەبێت، هەروەها بەرپرسیارێتیی چاک نەورووژێنێت، تواناشی نەبێت بۆ قوربانیدان و کارکردن لە نێو خودی میللەتدا، ئەو دیموکراسییە هیچ بەهایەکی نابێت**

**دەسەڵاتی نیشتمانیی ئێستای کوردستان دەسەڵاتی شەرعییە و پشت بە ئیرادەی میللەت دەبەستێت و ڕەوڕەوەی کاری سیاسی بەرەو چەندین تەوەر دەبات بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسی بە هەموو چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیەوە**

دیارە هەڵبژاردن پشت بە سیستەمی بنەما و چەمک و بەها و هۆ و پیادەکردنی ئامانجدار دەبەستێت بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕێکخەری وزە و توانای مرۆڤایەتییە بەرەو چالاکیی ڕەوا و بەرچاو و خوڵقێنەری کۆمەڵایەتی، واتا بەشداریی سیاسی دەکاتە ئامرازێک بۆ هاندانی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە تا لە چوارچێوەی شەرعییەتدا کاربکەن، لەو حاڵەتەشدا بزووتنەوە و ڕەوتە سیاسی و فیکرییەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە میانی چەسپاندنی متمانە بە خود و هەستکردن بە ناسنامە و ئینتیما لە میانی گەڵاڵەکردنی یەکلاییکردنەوەی شەرعیی کێشەکان و گرژییە کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات لە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی نیشتمانی و چەسپاندنی ئاسایش و ئاشتیدا بەپێی پێوەرەکانی لێکگەیشتنی ئاشتییانە و نیشتمانییانە.

دیموکراسی کە بۆ بەشداریی ڕاستەقینەی میللی نەبێت، هەروەها بەرپرسیارێتیی چاک نەورووژێنێت، تواناشی نەبێت بۆ قوربانیدان و کارکردن لە نێو خودی میللەتدا، ئەو دیموکراسییە هیچ بەهایەکی نابێت. چونکە ئەو دیموکراسییەی کە کوردستان پێویستییەتی دەتوانێت پەیوەندیی ڕاستەقینەی ئینتیما لە نێو خەڵکدا بێنێتە کایەوە، کە هەست بە ئازادی بکەن بۆ هەڵبژاردنی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، سیستەمی سیاسیش کە ئێمە پێویستمانە بریتییە لە سیستەمێک کە بتوانێت هەستی ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانی قووڵ بکاتەوە، هاوکات چەمکەکانی دیموکراسی و بەهاکانی لە پیادەکردنی ڕۆژانەدا بەرجەستە بکات، ئەمەش لە ڕووی دەستاودەستکردنی ئاشتییانە و ئاساییانەی دەسەڵات، هەروەها نەهێشتنی ئەو هەستەی کە لە نێو زۆربەی کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکاندا باوە، کە گوایە دەسەڵات و نیشتمان میراتی چەسپاوی تاکەکەسی و هەمیشەیی کەسێکە، یان کۆمەڵێک دانیشتووانە، وێڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی نیشتمانیی ئێستای کوردستان دەسەڵاتی شەرعییە و پشت بە ئیرادەی میللەت دەبەستێت و ڕەوڕەوەی کاری سیاسی بەرەو چەندین تەوەر دەبات بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسی بە هەموو چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیەوە، هەروەها جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ، کاریش دەکات لە پێناو چەسپاندنی ژیانی یاسایی و بەدامەزراوەییکردنی بەشداریی سیاسی و پلۆرالیزمی سیاسی و فیکری و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و میدیا، دیسان کاردەکات بۆ وەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دادگا، بەڵام دیموکراسی لە کوردستان پێویستی بە زیاتر چەسپاندنی میتۆدی دیموکراسی و تەواوکردنی لایەنەکانی هەیە.

سەرباری لایەنە ئەرێنییەکانی ڕێڕەوی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردەواریماندا، ئەوەی پەیوەستە بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتیش مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیان، هاوکات سووربوون لەسەر ئەوەی دوور بێت لە ئەزموونی تاکحزبی، لەگەڵ گرتنەبەری پلۆرالیزمی سیاسی وەک بژاردەیەکی ستراتیژی، بەڵام پێویستی بە تەواوکاری و هاوبەندیی هەیە لە نێوان ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانیدا، واتا جیانەکردنەوەی نێوان دیموکراسیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە و نێوان دیموکراسیی دامەزراوە پەروەردەییەکان کە خۆی لە بەرهەمهێنان و جارێکی دیکە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا دەبینێتەوە.

دیموکراسیی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەیەکی ساغڵەمدا بەرهەم دێت و پیادە دەکرێت، ناکرێت وێنای ئایندەیەکی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردەواریماندا بکرێت بێ گۆڕینی دیموکراسی بۆ پرسی میللەت، واتا بزاڤی فراوانی کۆمەڵایەتی چوارچێوەی دەستەبژێرەکە تێدەپەڕێنێت، بۆیە وەدیهێنانی ئەمە بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە دەکەوێتە سەر شانی حزبی زۆرینەی فەرمانڕەوا و گشت هێز و ڕەوتە سیاسی و فیکرییەکان، لە بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی چەمک و بەهاکانی دیموکراسی لە نێو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسیدا، هەر لە ڕێکخستنەکان و ڕەوتە سیاسییەکانی ناو خێزان و قوتابخانە و زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە و دیراسات و کۆمەڵە و یەکێتییەکان و ناوەند و جومگە حکوومی و ناحکومییەکان.. تاد.

پێویستە کاربکرێت بۆ گەشەندنی دیموکراسی لە نێو خەڵکدا و فێر بکرێن چۆن پیادەی بکەن، دواجار خەڵکەکە هان بدرێت بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن، کە ئەمە بەرپرسیارێتیی هەمووانە بۆ پەرەسەندنی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا.

قسەکردن لەسەر بوونی دامەزراوە دیموکراسییە شەرعییەکان تەنیا قسەی سەرپێییە، بێ ئەوەی بەشداریی کارای جەماوەر لە ڕاییکردنی کاروبار و چاودێریکردنی کارەکانی بێتەدی، هەروەها گرنگیدان بە مەسەلەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەناو دامەزراوەکاندا نەك لەبەر ئەوەیە کە شەرعییەتی نابێت لە حاڵەتی نەبوونی هەڵبژاردندا، بەڵکو کاریگەری هەیە لە ئەدا و لێهاتوویی خودی دامەزراوەکان.

ئەوەی لە کوردستان دەیبینین لە بەشداریی ئازادانەی جەماوەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بە هەنگاوێکی شارستانییانەی سەردەمیانە دەژمێردرێت لە پیادەکردنی سیاسەتدا، چونکە هەڵبژاردنی نوێنەران لەلایەن گەلی کوردەوە لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، بە دیاردەیەکی دروست دادەنرێت بەرەو گۆڕانکاریی دیموکراسی و دووپاتکردنەوەی ڕێبازەکەی، هاوکات بەتینکردنی ناسنامەی نیشتمانیی هاووڵاتی کورد و کاراکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی.

چەسپاندنی بەها و بنەما چەسپاوەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، وەك میتۆدێك و پیادەکردنێك کارێکی پێویستە، هەتا ئەگەر هەندێ شتی نەرێنیشی لەگەڵدا بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو پرسە بکەین بە مەسەلەیەکی ژیان لە ویژدان و بەهاکانی کۆمەڵگەدا، گرەوکردن لە دیموکراسیدا ئەوەیە کە ئازادیی هەڵبژاردن بکەین بە بناغەیەکی بنەڕەتیی لە کۆمەڵگەدا، هاوکات بە بەشێك لە کەلەپووری نەتەوەیی و نیشتمانی.

جەوهەری گۆڕانکاریی سیاسی کە دیموکراسییەت بەڕێوەی دەبات، ئەوەیە کە هەڵبژاردن بکەینە ڕێگایەکی سرووشتی بۆ بەشداریکردنی ئەرێنییانەی هێزە سیاسییەکان و گرووپەکان و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و ژیانی سیاسیدا، ئەمەش بەو واتایەی کە پێویستە هەڵبژاردنی گشتی و ئازاد ئەنجام بدرێت، تاکو نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەل بتوانن دەسەڵات وەربگرن، چونکە دەنگدانی گشتی پێوەری شەرعییە لە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا، بێ ئەوە هیچ کەسێك ناتوانێت نوێنەرانی ڕاستەقینە بۆ کۆمەڵگە دیاری بکات، بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی (هەڵبژاردنی ئازاد) بەری خودی ژیانی دیموکراسییە، چونکە هەڵبژاردن بەو هەموو ڕکابەرییە ڕەوایانەی تێیدایە بۆ دەسەڵات، گوێڕایەڵییە بۆ ڕای گشتی، هاوکات مامەڵەکردنە لەگەڵ کێشە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە خودی ئەمە بریتییە لە قوتابخانەیەکی سیاسی.

دیموکراسی وەك چەمکێکی کۆمەڵایەتی بەبێ هێزە کۆمەڵایەتییەکان پێش ناکەوێت، ئەوانەی کە بەرژەوەندییان لە پێشکەوتنیدا هەیە و پاراستنیان مسۆگەرە لە میانی بەشدارییان لە ژیانی سیاسیدا.

هەڵبژاردن چوارچێوەیەکی سرووشتییە بۆ ڕکابەریی سیاسی و هێنانەکایەی دەرفەت بۆ گوزارشتکردن لە هێز و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەخساندنی هەلە بۆ چارەسەرکردنی گرژییەکان بە ڕێگایەکی ئاشتییانە.

بە دڵنیاییەوە دیموکراسی بێ دەستاودەستکردنی دەسەڵات نایەتە ئاراوە، ئەویش بە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتیی ئازاد و بێگەرد، بەڵام کێشەکە لەوەدا نییە کە تەنیا هاووڵاتیان نوێنەرانیان هەڵبژێرن لە دەسەڵاتی یاسادانان، یان لە ئەنجومەنە خۆجێییەکاندا، چونکە پێویستە پەیوەندیی بەردەوام بێت لە نێوان نوێنەران و دەنگدەراندا، کە نابێت نوێنەر دواجار ببێتە بەشێك لە پرۆژەی دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها ئامانج لە بەشداریی گشتیدا نایەتە دی، ئەگەر ڕێگە نەدرێت پاڵێوراوان بە یەکسانی بیروبۆچوون و بەرنامەکانیان ئازادانە بخەنە ڕوو لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بەشداریکردنەکە بەهای دیاریکراوی خۆی هەبێت، ئەگەر هەڵبژاردنەکانیش ماوە ماوە و بە نارێکی ئەنجام بدرێن، یان دانیشتنەکانی ئەنجومەنی هەڵبژێردراو بە ئاشکرا نەبێت بۆ هەموو هاووڵاتیان بێ سانسۆر، بۆیە جێبەجێکردنی زەمانەتی مافی بەشداریکردن پێویستی بە جێبەجێکردنی مافەکانی دیکەش هەیە.

**پێویستە کاربکرێت بۆ گەشەندنی دیموکراسی لە نێو خەڵکدا و فێر بکرێن چۆن پیادەی بکەن، دواجار خەڵکەکە هان بدرێت بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن، کە ئەمە بەرپرسیارێتیی هەمووانە بۆ پەرەسەندنی پرۆسەی دیموکراسی**

**ئەوەی لە کوردستان دەیبینین لە بەشداریی ئازادانەی جەماوەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بە هەنگاوێکی شارستانییانەی سەردەمیانە دەژمێردرێت لە پیادەکردنی سیاسەتدا**

**هەڵبژاردن بەو هەموو ڕکابەرییە ڕەوایانەی تێیدایە بۆ دەسەڵات، گوێڕایەڵییە بۆ ڕای گشتی، هاوکات مامەڵەکردنە لەگەڵ کێشە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکاندا**





## حوکمڕانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا

# لێکتێگەیشتن لە پێناوی بەشداریی سیاسیی هاووڵاتیاندا

**ئەوەی ئێستا بووەتە کێشەی سەرەکی بۆ سیستمی دیموکراتی ئەوەیە کە میدیا ناتوانێت بە باشی ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ بکات**

**لایەنێکی دیکە کە میدیا ناتوانێت وەک پێویست ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی سیاسیی «سیستمی دیموکراتی» ئەدا بکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا کۆمپانیاکانی میدیا نەک هەر ناتوانن بەو داهاتەی دەستیان دەکەوێت، خۆیان بەڕێوەبەرن**

**گرفتی سەرەکی کە بۆ حوکمڕانیی سەدەی بیست و یەکەم دروست بووە، ئەوەیە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕۆڵی میدیای بە ئاستێک گۆڕیوە کە ناتوانێت وەک سەدەی بیستەم ڕۆڵی «دەسەڵاتی چوارەم» بگێڕێت**

**کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیاکارانی کوردستان، بەو ئامانجە بوو کە لێکتێگەیشتنی تەواو لە نێوان حکومەت و میدیا دروست بکرێتەوە**

تۆماس فریدمان ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهانی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی «سوپاس بۆ دواکەوتنت — Thank you for being late»، سەبارەت بە ئاستەنگەکانی حوکمڕانی لە سەدەی بیست و یەکەم، جەخت لەوە دەکاتەوە «کاتێك کارەسات لە سیستمی دیموکراتی دروست دەبێت، کە میدیا نەتوانێت زانیاریی ڕاست بۆ هاووڵاتیان بگوازێتەوە و پردێکی لێکتێگەیشتن لە نێوان حکومەت و هاووڵاتی دروست بکات، لەمەش زیاتر ئەگەر ئەو لێکتێگەیشتنەی نێوان هاووڵاتی و حکومەت بوونی نەبوو، ئەوا هاووڵاتیان لەسەر سندوقی دەنگدان نازانن کام «بژارە» هەڵبژێرن و دەنگ بە چ بەرنامەیەك بدەن». بۆ ئەوەشی ئەو ژینگەیە دروست بێت کە میدیا ڕۆڵی پردی لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەت و هاووڵاتی ببینێت، ئەوا دەڵێت: «هەندێك کەس کە دێنە بواری ڕۆژنامەگەری بەو ئامانجە دێن کە «هەواڵی بەپەلە» بگوازنەوە، هەندێکی دیکە بەو ئامانجە دێنە ئەم بوارە بۆ ئەوەی «لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی» ئەنجام بدەن، بەشێکیش وەك ڕۆژنامەنووسی ڕەخنەگری توند دێنە ئەم بوارە، بەڵام من ( فریدمان) بەو ئامانجە هاتمە ناو بواری ڕۆژنامەگەری بۆ ئەوەی ببمە «وەرگێڕ» و «ئینگلیزی بکەم بە ئینگلیزی»، ئامانجم لەم کارەم ئەوەیە هاووڵاتی باشتر لە ڕووداوەکانی ڕۆژ تێ بگەن و بەشدار بن لە ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان و، ئەوەی ئێستا بووەتە کێشەی سەرەکی بۆ سیستمی دیموکراتی ئەوەیە کە میدیا ناتوانێت بە باشی ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ بکات».

ئەوجا ئەگەر لەسەر بۆچوونەکانی «فریدمان» ئەو پرسیارە بورووژێنین و بپرسین: ئایا ئەو هۆکارانە چین کە وای کردووە میدیاکار، یان ڕۆژنامەنووس نەتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگەی هەیەتی وەك پێشان «سەدەی بیستەم» جێبەجێی بکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا «فریدمان» زۆر ڕاشکاوانە دەست دەخاتە سەر برینەکان و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تایبەتمەندی و ناسنامەی میدیاکار، یان ڕۆژنامەنووسی گۆڕیوە و، هەر تاکێك لە کۆمەڵگە کەرەستەی ڕۆژنامەنووسێکی نەریتی لەبەر دەستە و زۆر بە ئاسانی دەتوانێت لاپەڕەی تایبەتیی خۆی لە سۆشیال میدیا هەبێت، یان «ویبسایت»ی تایبەتیی خۆی هەبێت و هەرچی بیەوێت و بخوازێت بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ «پێوەر و ئیتیکێك» بڵاوی دەکاتەوە، لەمەش زیاتر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بووەتە هۆکارێك کە نەتوانین بیربکەینەوە، هەر بۆیە کاتێك کۆمپیۆتەرەکەم دەکوژێنمەوە و چاوەڕێی میوانەکانم دەکەم، بۆ ئەوەی دیداری ڕۆژنامەوانییان لەگەڵ ئەنجام بدەم، لەگەڵ کوژاندنەوەی کۆمپیۆتەرەکەم بیرکردنەوەم دەست پێ دەکات، هەر بۆیە زۆر جار کە میوانەکانم لە کاتی خۆیان دوا دەکەون، لەبەر هەر هۆیەك بێت، پێش ئەوەی ئەوان داوای لێبوردنم لێ بکەن، من پێیان دەڵێم: «سوپاس بۆ دواکەوتنت».

لایەنێکی دیکە کە میدیا ناتوانێت وەك پێویست ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی سیاسیی «سیستمی دیموکراتی» ئەدا بکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا کۆمپانیاکانی میدیا نەك هەر ناتوانن بەو داهاتەی دەستیان دەکەوێت، خۆیان بەڕێوەبەرن و قازانجیش بکەن، بەڵکو زەرەریش دەکەن، ئەم حاڵەتە میدیای خستووەتە دووڕێیانێکەوە: یان ئەوەیە دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کۆمپانیاکەی دابخات، یان دەبێت پەنا بۆ ئەوە بەرێت کە «زانیاری بگۆڕێت بۆ شمەك» و موشتەریی بۆ پەیدا بکات و بەم ڕێگەیە بەردەوامی بۆ کاری کۆمپانیاکەی دابین بکات، ئەم حاڵەتەش کە کۆمپانیاکانی میدیا لە پێناوی مانەوەی خۆیان پەنای بۆ دەبەن، گورزێکی گورچکبڕ لە بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسە سیاسییەکەدا دەدات و، هاووڵاتی لەبری ئەوەی بە «زانیاریی ڕاست» بەشدار بێت لەناو پرۆسەکە و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەوا میدیا تەنیا «فەیك نیوزی وەك شمەك» پێ دەفرۆشێت و، بەمەش ڕۆڵ و بەشداریی هاووڵاتی لەناو پرۆسە سیاسییەکە بوونی نامێنێت، لەسەر مەترسیی ئەم حاڵەتەش فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی «یۆرگان هابرماس» کە خاوەنی هەر دوو تیۆری «دیموکراتی ڕاوێژکاری و فەزای گشتی»یە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە

«گەیشتنی زانیاریی ڕاست بە هاووڵاتی فاکتەری سەرەکییە بۆ بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیی «سیستمی دیموکراتی»دا و کاتێك ئەم زانیارییە پێویستانە دەبنە «فەیك نیوز و شمەك» و بە هاووڵاتیان دەفرۆشرێن، ئەوا کۆی سیستمە دیموکراتییەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە چۆن کاتێك زستانێك «زۆر سارد» دەبێت و حکومەتی ئەڵمانیا دێتە سەر خەت و هاوکاریی هاووڵاتیان دەکات بۆ ئەوەی سووتەمەنییان بە ئاسانی دەست بکەوێت و ئەو زستانە ساردە تێپەڕێنن، ئەوا بۆ ئەوەی سیستمە دیموکراتییەکە لە مەترسیی فەیك نیوز بپارێزێت، ئەوا دەبێت بە هەمان شێوە حکومەتی ئەڵمانیا سەرچاوەیەك دروست بکات بۆ ئەوەی زانیاریی ڕاست بگاتە دەستی هاووڵاتیان و سیستمە دیموکراتییەکە بپارێزێت.»

هەڵوەستەکردنمان لەسەر بۆچوونەکانی «فریدمان وەك ڕۆژنامەنووس» و «هابرماس وەك بیرمەند و فەیلەسووف» بۆ ئەوەیە کە بڵێین: گرفتی سەرەکی کە بۆ حوکمڕانیی سەدەی بیست و یەکەم دروست بووە، ئەوەیە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕۆڵی میدیای بە ئاستێك گۆڕیوە کە ناتوانێت وەك سەدەی بیستەم ڕۆڵی «دەسەڵاتی چوارەم» بگێڕێت، بێگومان دەسەڵاتی چوارەمیش بەو مانای کە ناتوانێت لەگەڵ سێ دەسەڵاتەکەی دیکە (حکومەت و پەرلەمان و دادوەری) هەماهەنگ بێت و، باڵانسێك لەناو پرۆسە سیاسییەکە دروست بکات و، نەبوونی ئەم باڵانسەش ئەو هەمانگییەی نەهێشتووە کە لێکتێگەیشتنی پێویست لە نێوان هەر سێ دەسەڵاتەکە و میدیا وەك پێویست بوونی هەبێت و، بۆ گێڕانەوەی ئەم باڵانسە و زەمینەڕەخساندن بۆ گەیاندنی زانیاریی ڕاست بە هاووڵاتی، ئەوا دەبێت حکومەت خۆی بێتە سەرخەت و دەستپێشخەر بێت و میکانیزمی تازە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ میدیا بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی باڵانسەکە ڕاست بکاتەوە و سیستمە سیاسییەکە بپارێزێت.

لەم چوارچێوەیەدا، کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیاکارانی کوردستان، بەو ئامانجە بوو کە لێکتێگەیشتنی تەواو لە نێوان حکومەت و میدیا دروست بکرێتەوە و هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن «بینراو، بیستراو، نووسراو + ئۆنلاین و سوشیال میدیا» زانیاریی ڕاست بگەیێننە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا لە ئاستێکی بەرزدا بێت.

## ● دروستکردنی شەفافییەت لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و میدیادا

هەتا ساڵی ٢٠٠٥یش سەرکەوتنی پرۆسەی «بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوە» لە ڕوانگەی دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە بۆ دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو بریتی بوو لەو ڕەچەتەیەی کە لە دەرمانخانەی «سیستمی لیبراڵ دیموکراتی»یەوە بۆیان دەنووسرا و لەسەر دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووش فەرز بوو کە ئەو ڕەچەتەیە بکەنە نەخشەی ڕێگەی سەرکەوتنی پرۆسەی «بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوە»، بەڵام لە دوای ئەم بەروارەوە وردە وردە کێشەی سەخت و بێ چارەسەر لە سیستمی لیبراڵ دیموکراتیی ڕۆژئاوا سەریهەڵدا تاگەیشتە ئەوەی لە ٢٠٠٨ تەنگژەیەکی گەورەی دارایی و هەڵاوسانێکی گەورەی ئابووریی جیهانی لێ بکەوێتەوە و، بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی هاوچەرخی ئەمریکا خۆپیشاندەران بۆرسەی «وڵ ستریت» داگیر بکەن، ئەم ڕووداوەش تا ڕاددەیەکی زۆر بووە سەرەتای مێژوویەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی و تەنانەت بیرمەندێکی وەك فرانسیس فۆکۆیاما کە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩ کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی «کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ» نووسی، لە ساڵی ٢٠٠٩ ناچار بوو توێژینەوەیەك بە ناونیشانی «ئایندە مێژوو» بنووسێت و، مانای ئەم دوو نووسینە جیاوازەشی ئەوەیە، ئەگەر ڕووخانی دیواری بەرلین سەرکەوتنێکی مێژوویی و بێ هاوتا بێت بۆ سیستمی «لیبراڵ دیموکراتی» و ئەم سەرکەوتنەش ئەو موژدەیەی پێ بێت کە ئەم سیستمە سیاسییە (لیبراڵ دیموکراتی) باشترین و دوایین سیستمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و خۆشگوزەرانی، ئەوا کاتێك ئەم سیستمە (لیبراڵ دیموکراتی) خۆی کێشەی تێ دەکەوێت و بەرەو کۆتایی دەڕوات، دەبێت ئەو پرسیارە بکرێت: «ئایندەی مێژوو

**هیچ کەسێک هەتا ئێستا ناتوانێت مەزندەی ئەوە بکات جێگرەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی چی دەبێت و مێژوو لە ئایندە بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت**

**سەرۆک وەزیران «مسرور بارزانی» وەک دەوڵەتمەدارێکی مۆدێرن لە بازنەی «نەتەوەیی و نیشتمانی»یەوە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی پێناسە کردووەتەوە و هەر بەو شێوەیەش بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان دەکاتەوە**

**سەرۆک وەزیرانی کوردستان فەرمانی بە هەموو وەزیر و کاربەدەستانی حکومەت کردووە کە دەبێت هەمووکات لە ئاستی داخوازییەکانی هاووڵاتیان بن و، هاووڵاتی مافی خۆیەتی لە کاتی پێویست ڕاستەوخۆ بە وەزیر، یان پارێزگار، یان هەر بەڕێوەبەرێک بگات، کە کارەکەی لایەتی و دەبێت لایەنی بەرپرسیار بە سنگفراوانییەوە وەڵامی هاووڵاتی بداتەوە و کارەکەی بەپێی یاسا بۆ جێبەجێ بکات**



بەرەو کوێ دەچێت؟»

بێگومان تەنگژەکانی ساڵانی دوای ٢٠٠٨ و هەتا ئێستاش زۆر بە ڕاشکاوی وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە، بەوەی هیچ کەسێك هەتا ئێستا ناتوانێت مەزندەی ئەوە بکات جێگرەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی چی دەبێت و مێژوو لە ئایندە بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت.

ئەم وەرچەرخانە نەرێنییەی لە پرۆسەی سیاسیی سیستمی «لیبراڵ دیموکراتی» هاتووەتە ئاراوە گەیشتووەتە حاڵەتی بێئومێدبوون «hopelessness» و جاڕدانی ئەو پەیامەیە کە سیستمی «لیبراڵ دیموکراتیی گلۆباڵی» شکستی هێناوە و ئەم شکستەش قووڵتر دەبێتەوە ئەگەر حکومەتەکان سەرلەنوێ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی پێناسەی «لیبراڵ دیموکراتی» نەکەنەوە و، ڕاشکاوانەتر ئەگەر بۆ چارەسەری کێشەکانی ناو سیستمە سیاسییەکە، سەرۆکی حکومەت، یان دەوڵەتمەدار لە چوارچێوەیەکی «نەتەوەیی و نیشتمانی» بیر نەکاتەوە و چارەسەری لۆکاڵی بۆ کێشە لۆکاڵییەکان بدۆزێتەوە.

ئەوجا لێرەوە، ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو تەنگژە جیهانییەی ڕووبەڕووی سیستمی «لیبراڵ دیموکراتی» بووەتەوە، هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی ناو سیستمەکە دەکات و، چۆن هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە شەخسی سەرۆك وەزیران «مسرور بارزانی» وەك دەوڵەتمەدارێکی مۆدێرن لە بازنەی «نەتەوەیی و نیشتمانی»یەوە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی پێناسە کردووەتەوە و هەر بەو شێوەیەش بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان دەکاتەوە و، ئەم بازنە نەتەوەیی و نیشتمانییەش لە بیرکردنەوەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەسەر سێ ستوونی پتەو ڕاوەستاون کە بریتین لە:

١- ڕاگرتنی گەندەڵی «stop corruption» لە شوێنی خۆیدا و سەروەربوونی یاسا بۆ لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران.

٢- گێڕانەوەی متمانە و پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان حکومەت و هاووڵاتی.

٣- دروستکردنی شەفافییەت لە نێوان کۆی دامەزراوەکانی حکومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم و دووەم «ڕاگرتنی

**جیاوازیی کۆبوونەوەی ئەمجارەی سەرۆک وەزیران لەگەڵ میدیاکاران ئەوە بوو، دوای ئەوەی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ میدیاکاران کرا، تەواوی کۆبوونەوەکە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش کرا، ئەمەش پیشاندانی ئەوپەڕی بڕوابوونی سەرۆک وەزیران و کابینەی نۆیەمە بە پرسی «شەفافییەت» لەکاروباری حوکمڕانی کوردستاندا**



گەندەڵی و گێڕانەوەی متمانە و پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان حکومەت و هاووڵاتی»، کابینەی نۆیەم لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵی حوکمڕانییەکەیدا، هەنگاوی زۆر باشی بۆ هەڵگرتووە و، هەر ئەم هەنگاوانەش وای کردووە کە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان زۆر بوێرانە بڵێت: «هەر کەسێك بە بەڵگە دەزانێت گەندەڵی هەیە با بەڵگەکانی بداتە دادگا و بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ گەندەڵکاران بکرێت، سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و حکومەتیش، بێگومان سەرۆك وەزیرانی کوردستان فەرمانی بە هەموو وەزیر و کاربەدەستانی حکومەت کردووە کە دەبێت هەمووکات لە ئاستی داخوازییەکانی هاووڵاتیان بن و، هاووڵاتی مافی خۆیەتی لە کاتی پێویست ڕاستەوخۆ بە وەزیر، یان پارێزگار، یان هەر بەڕێوەبەرێك بگات، کە کارەکەی لایەتی و دەبێت لایەنی بەرپرسیار بە سنگفراوانییەوە وەڵامی هاووڵاتی بداتەوە و کارەکەی بەپێی یاسا بۆ جێبەجێ بکات.

سەبارەت بە خاڵی سێیەمیش «دروستکردنی شەفافییەت لە نێوان کۆی دامەزراوەکانی حکومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن» و کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی سەرۆك وەزیران لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی میدیاکارانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ئەمە یەکەم جار نییە لەم کابینەیەدا سەرۆك وەزیران لەگەڵ میدیاکاران کۆ ببێتەوە و پێشتریش چەند جارێك لەگەڵیان کۆبووەتەوە، بەڵام جیاوازیی کۆبوونەوەی ئەمجارەی سەرۆك وەزیران لەگەڵ میدیاکاران ئەوە بوو، دوای ئەوەی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ میدیاکاران کرا، تەواوی کۆبوونەوەکە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش کرا، ئەمەش پیشاندانی ئەوپەڕی بڕوابوونی سەرۆك وەزیران و کابینەی نۆیەمە بە پرسی «شەفافییەت» لەکاروباری حوکمڕانی کوردستاندا، لەمەش زیاتر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی سەرۆك وەزیران و میدیاکاران، بووە بەشێك لە بەرنامەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا جارێکی دیکە سەرۆك وەزیران جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت سەرجەم وەزارەتەکان هەموو زانیاری و ڕاستییەکان بدەنە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خەڵکی کوردستان وەك خۆی لە کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بێت.

ئەم هەنگاوەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆبوونەوەی

**مسرور بارزانی لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند «خۆم و وەزیرەکانیش خزمەتکاری گەلی کوردستانین»، ئەم بیرکردنەوەی مسرور بارزانی، سەرچاوەکەی فیکری مستەفا بارزانی-یە کە گوتوویەتی: «چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت»**

**لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا جارێکی دیکە سەرۆک وەزیران جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت سەرجەم وەزارەتەکان هەموو زانیاری و ڕاستییەکان بدەنە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خەڵکی کوردستان وەک خۆی لە کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بێت**

**ستوونێکی دیکەی بیرکردنەوەی مسرور بارزانی بۆ حوکمڕانییەکی «پتەو و باش» لە کوردستاندا، گرێ دراوەتەوە بە متمانەی هاووڵاتی بە حکومەتی خۆی و نەهێشتنی بۆشایی لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیدا**

**مسرور بارزانی زۆر بە قووڵی لەناو ئەم تەنگژەیەی حوکمڕانی لەسەر ئاستی گلۆباڵی و لۆکاڵی بیری کردووەتەوە و، گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت لە نێوان دەسەڵاتەکانی حوکمڕانی و هۆیەکانی میدیا «فەزایەکی گشتی» دروست بکرێت**

**ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان میدیا و حکومەت، بوار بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە «فەیک نیوز و چەواشەکاری» جێگەی «زانیاریی دروست» بگرێتەوە و، هاووڵاتی نەزانێت حکومەتی خۆی چۆن کارەکانی حوکمڕانی بەڕێوە دەبات**

لەگەڵ میدیاکاران و پاشانیش پەخشکردنی تەواوی کۆبوونەوەکە بۆ ڕای گشتی، پێویستی بە هەڵوەستەکردنی جددی هەیە و، پێویستی بەوەیە ئەو ڕەهەندانە بخوێیننەوە کە سەرۆك وەزیران بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە لەبەر چاوی گرتوون و پێشتر زۆر لۆژیکانە بیری لێ کردووەتەوە و لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێ دەکەین:

● مسرور بارزانی لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند «خۆم و وەزیرەکانیش خزمەتکاری گەلی کوردستانین»، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەم بیرکردنەوەی مسرور بارزانی، سەرچاوەکەی فیکری مستەفا بارزانی-یە کە گوتوویەتی: «چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت»، بەڵام هێنانەوەی ئەم فیکرە لەلایەن سەرۆك وەزیران و پراکتیزەکردنی لە واقیعی حوکمڕانیی کوردستاندا، پرۆسەی حوکمڕانی جارێکی دیکە لەناو بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی پێناسە کردەوە، کە ئەویش فیکری مستەفا بارزانی-یە و بەرپرس دەکاتە خزمەتکار و خزمەتکاری دڵسۆزیش نابێت هیچ ڕاستییەك لە سەردارەکەی بشارێتەوە، کە ئەویش گەلی کوردستانە و، ئەمەشی لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو جێبەجێ کردووە.


● ستوونێکی دیکەی بیرکردنەوەی مسرور بارزانی بۆ حوکمڕانییەکی «پتەو و باش» لە کوردستاندا، گرێ دراوەتەوە بە متمانەی هاووڵاتی بە حکومەتی خۆی و نەهێشتنی بۆشایی لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیدا و، ئەم ستوونە گرنگەش کە دیسان هەڵێنجراوی فیکری مستەفا بارزانی-یە، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر جێگەی متمانەی گەلەکەی خۆت بێت، ئەوا هیچ دوژمنێك ناتوانێت بەرامبەرت ڕابوەستێ، لە کابینەی نۆیەمدا ئەم ئاراستەیە وەك خۆی جێبەجێ کراوە، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی دەستپێکی کابینەی نۆیەم هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی پەتای کۆرۆنا و بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لە هەموو داهاتێکی حکومەتی فیدراڵی و تەنانەت بێبەشکردنی هەرێم لەو یاسایەی پەرلەمانی عێراق «قەرزکردن بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران»، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیران هەموو ڕاستییەکانی بۆ گەلەکەی ئاشکرا کردبوو و هیچ بۆشاییەك لە نێوان خەڵك و حکومەت بوونی نەبوو، توانرا بە پشتیوانیی خوا و ئیرادەی گەلی کوردستان ئەو قەیرانە گەورەیانە تێپەڕێندرێن و حکومەتیش پەنا بۆ هیچ قەرزکردنێك نەبات.

● کێشەیەکی گرنگی دیکەی پرۆسەی حوکمڕانیی «لیبراڵ دیموکراتی» لەسەر ئاستی جیهان، تێکچوونی هاوسەنگییە لە نێوان میدیا وەك «دەسەڵاتی چوارەم» لەگەڵ سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی حوکمڕانی «حکومەت، پەرلەمان، دادوەری»، بێگومان بەردەوامبوونی ئەم ناهاوسەنگییە، دەرهاویشتەی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەویش سەرهەڵدانی «حزب و سەرکردەی پۆپۆلیستی»یە، کە هەڕەشە لە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی « نەتەوەیی و نیشتمانی» دەکات و، ئەو سەرۆك حکومەت و دەوڵەتمەدارانەش کەمن کە بتوانن لەناو ئەم ناهاوسەنگییە، میکانیزمێك بۆ دروستکردنەوەی هاوسەنگی بدۆزنەوە. لێرەوە مسرور بارزانی زۆر بە قووڵی لەناو ئەم تەنگژەیەی حوکمڕانی لەسەر ئاستی گلۆباڵی و لۆکاڵی بیری کردووەتەوە و، گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت لە نێوان دەسەڵاتەکانی حوکمڕانی و هۆیەکانی میدیا «فەزایەکی گشتی» دروست بکرێت، ئەم فەزا گشتییە لە بیرکردنەوەی سەرۆك وەزیراندا کۆمەڵێك بنەمای هەیە کە هەرە گرنگەکەیان «ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییە» بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتن لە نێوان میدیا و حکومەت بێتە ئاراوە. ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان میدیا و حکومەت، بوار بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە «فەیك نیوز و چەواشەکاری» جێگەی «زانیاریی دروست» بگرێتەوە و، هاووڵاتی نەزانێت حکومەتی خۆی چۆن کارەکانی حوکمڕانی بەڕێوە دەبات، ئەمەش زەمینەیەکی لەبار دروست دەکات بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بەشدارییەکی کارایان لە ناو پرۆسەی حوکمڕانی هەبێت و، ئەو مەترسییانە بڕەوێننەوە کە ئێستا کۆی پسپۆڕانی زانستی سیاسەت لەسەر تەنگژەی حوکمڕانی پێشبینی دەکەن.



لەبەر ڕۆشنایی دیدارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیاکاراندا

# ڕۆڵ و گرنگیی ڕاگەیاندن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی



د.نەژدەت ئاکرەیی
پسپۆڕ لە ئاسایشی نەتەوەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

دیدار لە ڕووی ئەدەبییاتی سیاسییەوە لەلایەن بەرپرس و حوکمڕانان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، یان لەگەڵ بنکەی فراونی جەماوەر و چین و توێژی جیاجیا، یان لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتدا، هەروەها ئامادەبوون لە پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران، یان دیدار لەگەڵ حزبە سیاسییەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، بابەتێکی گرنگ و هەستیارە و کاریگەری و گرنگیی خۆی هەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە ئەگەر لە ڕوانگە ناوخۆییەکەوە سەیری ئاسایشی نەتەوەیی بکەین، پاراستنی قەوارەیە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی ناوخۆ، بۆیە ئەم جۆرە دیدارانە ئەم جۆرە مەترسییانە هەڵدەمژن و متمانەی نێوان حوکمڕان و بنکەی جەماوەری بەهێز دەکەن.

دوای ئەم پێشەکییە دەتوانین بڵێین دیدارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسرور بارزانی کە چوار کاتژمێری خایاند، بریتی بوو لە دیالۆگێکی نیشتمانی لەگەڵ دەسەڵاتی چوارەم کە ڕاگەیاندنە، بێگومان بەشداربووان خاوەن ئەزموونی دێرینی خۆیان بوون لە بواری ڕاگەیاندندا، گوزارشتیان لە بۆچوونی جیاجیا دەکرد، واتا دەستەبژێرانی حوکمڕانییان تێدا بوو ئەو ڕاگەیاندنانەی سەر بە حکومەت، هەروەها ئەو ڕاگەیاندکارانەی حزبە سیاسییەکان و ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن لەسەر گۆڕەپانی کوردستان و گوزارشت لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەکەن، واتا بیروڕاکان جیا بوون، کەواتە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەرفەتی دیالۆگ لەگەڵ هەمووان هەیە بۆ بەشداریکردن لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی، ئەم جۆرە دیدارنە لە ئەدەبییاتی سیاسی پێی دەگوترێت فراوانکردنی بنکەی بەشداریی سیاسی لە پرۆسەی سیاسی، واتا بەشداریی سیاسی تەنیا لە مەسەلەی هەڵبژاردن و دەنگداندا نییە، بەڵکو خۆی لە شێوازی جیاجیادا دەبینێتەوە، یەك لەوانە ئەم دیدارانەیە، یان گردبوونەوە و خۆپیشاندان، یان ڕەخنەگرتن لە بەرنامەی حکوومی.

ڕوون و ئاشکرایە کە لە کوردستاندا مەسەلەی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن بە پێی پرەنسیپەکان ڕێك خراوە، بەڵگەش بۆ ئەمە یاسای ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە، کە بە بەراورد بە یاساکانی دیکەی ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاسایەکی زۆر پێشکەوتووە، تەوەرەکانی دیالۆگی نیشتمانیی نێوان سەرۆکی حکومەت و میدیاکاران زۆر بوون، لەوانە ڕۆڵی ڕاگەیاندن، ڕاوبۆچوونی ڕاگەیاندن، دەستنیشانکردنی کێشەکانی ناوخۆ و تەنانەت هەرێمی و نێودەوڵەتی، بابەتەکانی دارایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی بە پلەی سەرەکی، دیارە بەشداریکردنی ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن لەم دیدارەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەرگا کراوەیە بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، تەنانەت تێبینی ئەوە دەکرا کە جۆرە سنوورێك هەیە لە نێوان دەسەڵات و میدیاکان، یان گوایە جۆرە سەرکوتکارییەك هەیە، بەڵام ئەم دیالۆگە وای کرد کە ئەم بەستەڵەکە بتوێتەوە، ئەمەش دەرفەتێك بوو بۆ زیاتر لێك نزیکبوونەوە لە نێوان سەرۆکی حکومەت، یان دامەزراوەکانی حکومەت لەگەڵ میدیاکاندا.

دیارە ئەمە یەکەم دیدار بوو، بەڵام بە دیدی من دیداری دیکەی بەدوادا دێت و دوادیداریش نابێت. پرسیارێك دێتە کایەوە، ئاستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا لە سی ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە بوارەکانی خوێندراو و بیستراو و بینراودا، میدیای ئەلیکترۆنیشی هاتەسەر، تەنانەت لە هەندێ لایەندا سنووری دەسەڵاتی چوارەمیشی بەزاندووە، کە پەیوەست نییە بە هەواڵ و هەواڵسازی و مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ ئەم جۆرە هەواڵانەدا.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە لە هەیکەلبەندیی خۆیاندا، لە دابینکردن و ئامادەکردنی کادیری پرۆفیشناڵ ئەوانەی کاری خۆیان بە تەواوی دەکەن و سنووری پیشەیی خۆیان نابەزێنن، دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە نێوان دەسەڵات و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، بۆیە پێویستە ئەم سەندیکایە چاو بە دامەزراوەی خۆیدا بخشێنتێەوە و کۆنگرە ببەستێت و سوود لە کادیرانی تازە ببینێت.

پرسیارك دێتە کایەوە، چۆن میدیاکار ئامادە بکرێت؟ لە بیست ساڵی ڕابردوودا خوێندنی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا جۆرە پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە دیوە لە کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژ و پەیمانگەکان، یان لە

**لە کوردستاندا مەسەلەی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن بەپێی پرەنسیپەکان ڕێک خراوە، بەڵگەش بۆ ئەمە یاسای ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە**

**یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێم بەراورد بە یاساکانی دیکەی ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاسایەکی زۆر پێشکەوتووە**

**دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە لە هەیکەلبەندیی خۆیاندا، لە دابینکردن و ئامادەکردنی کادیری پرۆفیشناڵ ئەوانەی کاری خۆیان بە تەواوی دەکەن و سنووری پیشەیی خۆیان نابەزێنن**

**پێویستە بۆردێکی ڕاوێژکاری بۆ میدیاکاران هەبێت، تاکو نەک هەر بۆ میدیاکاران، بەڵکو ڕاگەیاندن ببێتە کەناڵێک لە نێوان حکومەت و میدیاکاراندا**

کۆلێژەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی، ئەمانە ڕۆڵیان هەیە بۆ ئامادەکردنی پیشەییانەی میدیاکار، لەم شوێنانە میدیاکار بە شێوەی تیۆری سوود لە خوێندن وەردەگرێت و کە دێتە ئەم دەزگایانە ڕۆڵی دەبێت لە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونیان، هاوکات بەشداریکردن لە خولی تایبەت پێویستی بە هاوکاریی دەزگاکانی نێودەوڵەتی و چالاکییە مەدەنییەکان هەیە. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە ڕۆڵی ڕێکخراوی یۆنسکۆ بکەم کە لیژنەیەکی تایبەتیی هەیە بۆ دیراسەکردنی کێشەکانی ڕاگەیاندن، لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە دەڵێت: ڕاگەیاندن ئامرازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە لە کۆمەڵگەکان و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەو ڕاپۆرتەی خۆیدا کە پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردبوو، تەنانەت پرۆسەی میدیا و ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە پێداچوونەوەیەك هەیە. من وای بۆ دەچم کە پێویستە بۆردێکی ڕاوێژکاری بۆ میدیاکاران هەبێت، تاکو نەك هەر بۆ میدیاکاران، بەڵکو ڕاگەیاندن ببێتە کەناڵێك لە نێوان حکومەت و میدیاکاراندا، هەروەها پسپۆڕییەکانی دیکەش بۆیان زۆر گرنگن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕۆڵی مێژوویی گۆڤاری (گوڵان) بکەین کە نزیکەی سی ساڵە لە بواری ڕاگەیاندندا زۆر پرۆفیشناڵانە کاری خۆی کردووە، منیش شەرەفی ئەوەم هەبووە کە بە بابەتەکانی خۆم بەشدار بووم لەم گۆڤارە. گۆڤاری (گوڵان) لە ڕەهەندەکانی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەروەها لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی فرەچەشن مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکاندا کردووە و لەم بوارانەدا ئەزموونێکی پێشکەوتوو بووە، بۆیە پێویستە سوود لە ئەزموونی سەرکەوتووی (گوڵان) وەربگیرێت، چونکە ئەزموونێکی سەرکەوتووی هەیە لە نێوان دەستەبژێر و لە نێوان حوکمڕانی و میدیا، جگە لەمەش مەسەلەیەکی دیکەش هەیە، ئەویش چۆنێتیی ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕی ڕاگەیاندنە لە قۆناغی دوای بەکالۆریۆس، واتا ماستەر و دکتۆرا، کە پێویست دەکات هەندێ کادیر بنێرینە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتیش ئەورووپا، یان بۆ چین و ژاپۆن، تاکو ئاشنا بن بە ئاستی پێشکەوتنی ڕاگەیاندن لەم وڵاتانەدا.

ئەم دیدارەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ میدیاکاران، ئاماژەیەکی تێدا بوو کە کێشەیەك هەیە لە نێوان دەزگا ئەمنییەکان و میدیاکاران، بەتایبەتی لە کاتی ڕووداوەکان، لە ڕاستیدا پێویستە جۆرە هاوسەنگییەك هەبێت لەنێوان پرەنسیپ و پێداویستییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری، واتا هاوسەنگییەك هەبێت لەکاتی ڕووداوەکاندا، ئەم دیدارەی سەرۆکی حکومەت ئەوەی سەلماند کە لێك نزیکبوونەوەیەك هەیە لە نێوان دەزگاکانی ئاسایش و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لە ڕابردووشدا جۆرە تێگەیشتنێك هەبوو، بەڵام جاروبار مەسەلەکە بە ئاراستەیەکی نێگەتیڤدا دەچوو و هەندێ کێشە دروست دەبوون.

بابەتی دیکە کە لەم دیدارەدا باسیان لێوە کرا، بریتی بوون لە زۆر کێشە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان، وەك پەیوەندی لەگەڵ حکومەت و دادگای فیدراڵی، نەوت و گاز، بوودجە، مووچە، ئەوەی زیاتر گرنگە بە بۆچوونی من، وەڵامدانەوەی سەرۆکی حکومەت بۆ میدیاکاران بوو، کە ماوەیەکی زۆری خایاند لە دیدارە نیشتمانییەکە، بەڕێزیان جەختی کردە سەر مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، لە ئاستی نیشتمانی درێژەپێدانی بەرنامەی حکومەت لە هەموو سێکتەرەکاندا بۆ بەرەوپێشچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە ئاستی هەرێمی چۆنێتیی دیپلۆماسییەتی دەستدرێژکردن و کرانەوە بە ڕووی دەوڵەتەکاندا لەسەر بنەمای مێژوو و جوگرافیا و بەرژەوەندیی هاوبەش، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش تێگەیشتنی دەوڵەتان بۆ هەرێمی کوردستان کە ئێستا هەرێم ژمارەیە لە نەخشەی وزەی جیهانی، لەسەر ئەم بنەمایە کوردستان بەشداریی کاریگەر و گرنگی هەیە لەم نەخشەیەدا، جگە لەمە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتی، کە تاکو ئێستا مەترسییەکانی هەر ماون، هاوکات تێگەیشتنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ئەم لایەنە، بۆیە وەڵامدانەوەی سەرۆکی حکومەت ڕاشکاوانە و بەرپرسیارانە بوو، هیچ جۆرە نهێنییەکیش لە وەڵامدانەوەکە بەدی نەدەکرا، بۆیە لە کۆتاییدا من بەش بە حاڵی خۆم گەشبینم بەوەی کە ئەم جۆرە دیدارانە بەردەوام دەبن.

**گۆڤاری (گوڵان) لە ڕەهەندەکانی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی فرەچەشن مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکاندا کردووە و لەم بوارانەدا ئەزموونێکی پێشکەوتوو بووە**

**پێویستە جۆرە هاوسەنگییەک هەبێت لەنێوان پرەنسیپ و پێداویستییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری**

**ئەم دیدارەی سەرۆکی حکومەت ئەوەی سەلماند کە لێک نزیکبوونەوەیەک هەیە لە نێوان دەزگاکانی ئاسایش و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لە ڕابردووشدا جۆرە تێگەیشتنێک هەبوو، بەڵام جاروبار مەسەلەکە بە ئاراستەیەکی نێگەتیڤدا دەچوو و هەندێ کێشە دروست دەبوون**

**وەڵامدانەوەی سەرۆکی حکومەت ڕاشکاوانە و بەرپرسیارانە بوو، هیچ جۆرە نهێنییەکیش لە وەڵامدانەوەکە بەدی نەدەکرا**

**دکتۆر دیندار زێباری**

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# پەسندکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ دەستکەوتێکی گرنگی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمە

**هەوڵەکانی بە دیکیۆمێنتکردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش و ڕۆڵی هەرێم لە پرۆسەی بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی داعش و تاوتوێی بواری مرۆیی و ئەمنی لە شنگال و، ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) و چەند تەوەرێکی پەیوەندیدار ناوەرۆکی دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆر دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەرەتا با لە پرسی چاکسازی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤەوە دەست پێ بکەین، لە نیویۆرک لەگەڵ چەند بەرپرسێکی باڵا کۆبوونەوە، دەکرێت بزانین لەو دانیشتنانەدا بۆچوونی ئەوان لەسەر ئەم پرسانە چی بووە؟**

- هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ، جێگەی گرنگیدانی لایەنە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، لە نیویۆرک لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەگەڵ ژمارەیەک باڵیۆز و بەرپرسانی UN کۆبووینەوە، ئەوان بە گرنگییەوە دەڕواننە پرسی چاکسازی و مافی مرۆڤ، ئاشکرایە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم پرۆسەیەدا لە زۆر بواردا هەنگاوی باشی بڕیوە.

لە نیویۆرک لەگەڵ باڵیۆز ڕیچارد میلز جێگری نوێنەری هەمیشەیی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەلیز ندریتۆ یاریدەدەری سکرتێری گشتیی UN بۆ نەهێشتنی جینۆساید، باسمان لە پرۆسەی چاکسازی کرد، بەتایبەتی بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکان، گرنگە



ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە هاوکاریکردنی هەرێم و عێراق لە چەندین بواردا، بەتایبەتی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش.

*** باسی تاوانەکانی داعشت کرد، هەڵبەتە ئەم پرسە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، دەکرێت بزانین دۆسیێی پلانی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ و ناساندنی تاوانەکانی داعش بەکوێ گەیشتووە؟**

- بە ڕابەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی داعش و تیرۆریستاندا ڕۆڵێکی کارا و سەرەکیی لە پاراستنی سەرومالی هاووڵاتیان و قەوارەی کوردستان هەبووە، بەداخەوە لەو شەڕەدا داعش بە هاوکاریی خەڵکی شۆڤێنی و کەسانی دژ بە کورد و کوردستانییان، کۆمەڵکوژیی گەورەیان دەرهەق بە کوردانی ئێزدی و گشت پێکهاتەکان کرد و، ماڵ و موڵکیان تالان کرا و، ئاوارە و دەربەدەر بوون و، بە دڕندەترین شێوە ڕفێندران، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاریکردنی هاووڵاتیانی سڤیلی ئەو ناوچانە پێشوازیی لە ئاوارەکان کرد کە تا ئێستا بەشێکی زۆریان لە کوردستان ماون، جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارە و پەنابەران، نووسینگەیەکیش بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوەکان پێك هێنرا، بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بە مەبەستی بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەو شەڕەی هێزەکانی پێشمەرگە دژی داعش کە بۆ پاراستنی کوردستان و پێکهاتەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕووی دا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان نزیکەی (١٨٠٠) شەهید و(١٠٣٦٩) بریندار و (٤٧) پێشمەرگەی بێسەروشوێنبوومان هەبوو.

لە نیویۆرك لەگەڵ جێگری نێردەی هەمیشەیی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە وردی باسی لێکۆڵینەوەکان و بەڵگەکان کرا، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جددی لەسەر کردوون و پێشکەش بە «یونیتاد» کراوە، کە دەیان هەزار بەڵگە لەخۆ دەگرێت، سەرۆکی پێشووی تیمی یونیتاد کەریم ئەحمەد

**بە ڕابەرایەتیی سەرۆک مسعود بارزانی حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی داعش و تیرۆریستاندا ڕۆڵێکی کارا و سەرەکیی لە پاراستنی سەرومالی هاووڵاتیان و قەوارەی کوردستان هەبووە**

**لەو شەڕەی هێزەکانی پێشمەرگە دژی داعش کە بۆ پاراستنی کوردستان و پێکهاتەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕووی دا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان نزیکەی (١٨٠٠) شەهید و(١٠٣٦٩) بریندار و (٤٧) پێشمەرگەی بێسەروشوێنبوومان هەبوو**

خان پشتگیریی پرۆژە یاسایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە ساڵی ٢٠٢١ کە بۆ پەرلەمان بەرز کرایەوە، بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش، لەسەر هەموو ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە ئەنجامیان داون، بەداخەوە دادگای باڵای ئیتحادی پرۆژە یاساکەی ڕەت کردەوە، ئەمەش پێشینەیەکی نوێیە بڕیار لەسەر ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاسایەك بدرێت، کە هێشتا نەبووەتە بڕیار و لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، هەروەها دادگا لە بڕیارەکەی پشتی بە چەند ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی بەستووە، لەم ڕوانگەیەوە جەخت لەسەر ڕۆڵی زیاتری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەینەوە، چونکە تاوانەکانی داعش دەچێتە چوارچێوەی کۆمەڵکوژی، تاوانی جەنگ و دژی مرۆڤایەتی. لەم ڕووەوە لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم (٥١٧٠) دۆسیێ تۆمار کراون، لەوانە زیاتر لە (٢٣٢٤) دۆسیە لە دادگاکان تەواو کراون و (٢٠٠٠٠) تا ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدان، هەروەها (٢٩١٦) دۆسیێ بە بێسەروشوێن تۆمار کراون و زیاتر لە (٧٣٩١٢) لاپەڕەی ئەو تاوانانە ئەرشیف کراون.

*** هەر سەبارەت بە کۆمەڵکوژی و ئاوارەکانی کوردانی ئێزدی، دەکرێت بزانین چی کراوە بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی شنگال لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقدا؟**

- ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) بە شنگالیشەوە، گرنگیی خۆی هەیە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان، هەر خۆی لە خۆیدا ڕێککەوتنەکە بە سەرپەرشتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی عێراق (یونامی) لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی واژۆ کراوە، بەڵام لەبەر بوونی میلیشیاتی چەکداری و هێزی دەرەکی، لەوانەش پەکەکە تا ئێستا ڕێککەوتننامەی شنگال جێبەجێ نەکراوە، بە تەئکید دۆخی ئاڵۆزی ئەم ناوچانە وادەخوازێت هەموو ئەم لایەنانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن و کۆتایی بە مەینەتییەکانی ئاوارەکان بە تایبەتی کوردانی ئێزدی بهێنرێت، لە ناوچەیەکی نائارام و ناسەقامگیر و بوونی دەیان گرووپی چەکداری و میلیشیات و هێزی چەکداری دەرەکی، چۆن گەشە بونیات دەنرێت و لە غیابی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکاندا چۆن ژیان لەوێ گوزەر دەکات؟ دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئەرکی خۆیان لەم دەڤەرە هەستیارە هەڵسن.

*** لە دیدارەکانتاندا لە نیویۆرك باستان لە هەوڵەکانی نەهێشتنی مەترسیی تیرۆر کردەوە، بۆچوونی ئەوان لەم بارەوە چۆن بوو؟**

- هەرێمی کوردستان باجی زۆری داوە لە پێشێلکاریی دژی مرۆڤایەتی، ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی گوندەکان و ڕاگواستنەوەی بەزۆرەملێی خەڵکەکەی و، دواتر هەموو تاوانەکانی ئەلقاعیدە و داعش نموونەی بەرچاوی ئەم پێشێلکارییانەن، کە دەچێتە قاڵبی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، ئێمە لەم هەرێمە ئازاد و دادپەروەرەدا کە هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوەکان ئازادانە دەژین، پێویستیمان بە پاڵپشتی و پشتگیریی نێودەوڵەتی هەیە، هەرێمی کوردستان لە سایەی سەرۆك بارزانی بووەتە پێگەیەکی ئارام و سەقامگیری وا، کە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك لێرە ئازادانە دەژین، لەسەر ئەم پرسە لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئانا ئێزار سەرۆکی یەکەی قوربانیانی تیرۆر لە سەنتەری نەهێشتنی تیرۆر سەر بە UN تەئکیدمان لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بە کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی دەرهەق بە کورد و کوردستانییەکان کردەوە، کە بە خۆشحاڵییەوە هەرێم یاسای دژە تیرۆری دەرکرد و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان ڕەچاو دەکات، وەکو هەڵپەساردنی سزای لەسێدارەدان.

*** سەبارەت بە کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی کە هەرێمی کوردستان پێی ناسراوە، تا چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم بارودۆخە ئاگادارن، بەتایبەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ؟**

- یەکێك لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان، پەسەندکردنی پلانی هەرێمی کوردستانە بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی

**هەرێمی کوردستان لە سایەی سەرۆک بارزانی بووەتە پێگەیەکی ئارام و سەقامگیری وا، کە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزایەک لێرە ئازادانە دەژین**

**لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئانا ئێزار سەرۆکی یەکەی قوربانیانی تیرۆر لە سەنتەری نەهێشتنی تیرۆر سەر بە UN تەئکیدمان لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بە کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی دەرهەق بە کورد و کوردستانییەکان کردەوە**

**یەکێک لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان، پەسەندکردنی پلانی هەرێمی کوردستانە بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە واژۆی لەسەر کراوە**



**داوامان کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارییەکی کارای هەبێت لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە جینۆساید، چونکە کورد و کوردستانییان قوربانییەکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگن**

کوردستانەوە واژۆی لەسەر کراوە، ئەمەش نیشانەی گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە پاراستنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ، ئەم پلانە گشتگیرە و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) لە جێبەجێکردنی بەشدارن، پلانەکە چەند تەوەرێکی گرنگ لەخۆ دەگرێت لەوانە: نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕین و جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکان، داواشمان کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارییەکی کارای هەبێت لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە جینۆساید، چونکە کورد و کوردستانییان قوربانییەکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگن.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنەکەیدا لەگەڵ ژمارەیەك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باسی لە هەستیاری و مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستانی کرد، دەکرێت بزانین تاچەند هەرێمی کوردستان پارێزراوە و، ئایا زیاتر چ هەڕەشەیەکی لەسەرە؟**

- تا عێراق و هەرێمی کوردستان پێکەوە دەست بە دانوستان وگفتوگۆکانیان نەکەن لە بارەی چارەنووسی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور و، دۆخی ناوچەکانی دیکەی سووریا و عێراق سەقامگیر نەبێت، کاریگەرییە خراپەکانی تیرۆر لەسەر ئێمە هەر دەمێنێت، تەنانەت ڕۆکێت و مووشەکبارانکردنی هەرێمی کوردستان لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە هەڕەشەیەکی جددییە و دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بێتە سەر هێڵ، جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ دەستووری فەراغێکی ئەمنی لێکەوتووەتەوە کە بە درێژایی ئەم ناوچانە تیرۆریستان کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، بە بێ بوونی هێزی هاوبەشی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق هەرگیز ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ سەقامگیر نابێت و تیرۆرستان سوود لەو بۆشاییە ئەمنییە وەردەگرن.

**بە بێ بوونی هێزی هاوبەشی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق هەرگیز ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ سەقامگیر نابێت و تیرۆرستان سوود لەو بۆشاییە ئەمنییە وەردەگرن**

ئەوەی تا ئێستا ڕێگر بووە لە هێرش و مەترسیی زیاتری دەرەکی، سەقامگیریی دۆخی سیاسی و پاراستنی ئەمنییەت و کوکردنەوەی هێزە سیاسییەکانە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە لەگەڵ ئەکسڵ وینمان بەرپرسی باڵای کاروباری سیاسی و سەرۆکی تیمی عێراق لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا، باسی چەند پرسێکی گرنگی هەرێمی کوردستانمان کرد، ناوبراو ستایشی ڕۆڵی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستانی کرد، بەتایبەتی کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و یەکخستنی هەڵوێستیان و نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسیی هەرێم و بابەتی هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێم.

**ئەوەی تا ئێستا ڕێگر بووە لە هێرش و مەترسیی زیاتری دەرەکی، سەقامگیریی دۆخی سیاسی و پاراستنی ئەمنییەت و کوکردنەوەی هێزە سیاسییەکانە لە هەرێمی کوردستان**

**دکتۆر محەمەد ڕێکانی**
داواکاری گشتی بۆ گوڵان:

# چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی و دادوەری هەیە

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاگرتنی گەندەڵی و جەختکردنەوە بووە لەسەر پەسەندکردنی «یاسای چاکسازی» و ئامانج لەم یاسایەش بۆ ئەوە بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی یاسا و پشتیوانیی دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسا، ئەم پرۆسە گرنگە جێبەجێ بکات و، بناخەیەکی پتەو بۆ کاری دامەزراوەیی لە حوکمڕانیی کوردستاندا دروست بکات، لەمەش زیاتر شەخسی سەرۆك وەزیران، دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکانی دەستکراوە کردووە بۆ ئەوەی ئەوان بە پێی یاسا لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران بکەن و، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی چەندین فاکتەری جۆراوجۆر بوونە هۆکاری ئەوەی کە پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان «سەقامگیر» نەبێت، بە تایبەتی کێشمەکێشی سیاسیی نێوان حزبەکانی کوردستان و ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق و دادگای بەناو فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستان، بەردەوام هۆکار بوون بۆ تێکدانی سەقامگیریی حوکمڕانی، بەڵام کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو هەوڵەکانی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی هەم کێشمەکێشی سیاسیی نێوان حزبەکان هێور ببێتەوە، هەمیش بەرامبەر ئەو تەحەددییانە ڕابوەستێتەوە کە هەڕەشە لە سەقامگیریی کوردستان دەکەن، لە ناو هەموو ئەم تەنگژانەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە پرۆسەی یاسای چاکسازی. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی ئەم یاسایە و هەوڵەکان بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی ئەم دیدارەمان لەگەڵ دکتۆر محەمەد ڕێکانی داواکاری گشتی لە سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتیی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** بوونی گەندەڵی حاڵەتێکی نکۆڵی لێنەکراوە لە هەرێمی کوردستاندا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە لە ساڵی٢٠٢٠ یاسایەکی تایبەت بە چاکسازی دەرچوو، واتە بە دەرچوونی ئەم یاسایەش هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دەستکردن بە هەڵمەتی چاکسازی چوارچێوە و قاڵبێکی یاسایی وەرگرت، ئێوە چۆن لە خودی ئەم یاسایە دەڕوانن لە ڕووی داڕشتن و جێبەجێکردنەوە و تا چەند توانیویەتی ئەنجامەکانی خۆی بپێکێت؟**

- بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی گەندەڵی و هەنگاوی یەکەم و گرنگیی ئەم پرۆسەیە، یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٢٠ یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی یەکێکە لەو کۆمەڵە یاسا و ڕێسایانەی کە لە سیستەمی یاسایی هەرێمی کوردستان هەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرپاکردنی چاکسازی و دادپەروەری، بەڵام مەبەستی سەرەکی و بنەڕەتی لە دەرکردنی هەر یاسایەك بریتییە لە جێبەجێکردنی و هێنانەدی ئەو ئامانجانەی بۆی دانراوە. بۆ ئەوەی هەر یاسایەکی تایبەت بە چاکسازی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی بچێتە بواری جێبەجێکردن و گەیشتن بەو ئامانجانەی کە بۆی دانراون، پێویستی بەوە هەیە کە ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی و دادوەری لەپشتی بێت و ڕێکارێکی ڕۆشنی بۆ جێبەجێکردنی هەبێت، ئەگەرنا چەندین دەقی یاسایی جوان و ڕێکوپێکمان هەیە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ نەکراون، لەبەر نەبوونی ئەو پشتگیرییە. ئەم یاسایەش تا ڕاددەیەك هاندەرێکی باش بوو بۆ ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەکی کارگێڕی و سیاسی لە کوردستان، بەتایبەت لە بواری دارایی و بەڕێوەبردن و خانەنشینی، بەڵام نەبینینی دەرئەنجامێکی ڕۆشن و کاریگەری ئەم یاسایە تا ئێستا هۆکارێکە کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئاشنا و جێی دەستخۆشی نییە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە گەورەترین ئاستەنگ و تەحەددی لە بەردەم بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا لە چیدا بەرجەستە دەبێت و چۆن دەکرێت بەسەریاندا زاڵ بین؟**

- گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، بێئومێدبوونی هاووڵاتیانە لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، چونکە کاتێك هاووڵاتیان نەبن بە بەشێك لەو پرۆسەیە، ئەوە پرۆسەکە تەواو نابێت و کاریگەری نابێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها کاتێك یاسا وەك خۆی لەسەر هەموو کەسێك جێبەجێ نەکرێت، ئەمە دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی هاووڵاتیان و کەسانێك پابەند نەبن بە یاسا و ڕێنماییەکان بە بیانووی ئەوەی بۆچی یاسا سەروەر نییە.

**کاتێک یاسا وەک خۆی لەسەر هەموو کەسێک جێبەجێ نەکرێت، ئەمە دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی هاووڵاتیان و کەسانێک پابەند نەبن بە یاسا و ڕێنماییەکان بە بیانووی ئەوەی بۆچی یاسا سەروەر نییە**

*** ڕەنگە زۆر جار ئەو کەسانەی باس لە نەهێشتنی گەندەڵی و زەرووڕەتی ئەنجامدانی چاکسازی دەکەن، چاوەڕوانی ئەوە بکەن کە دەرئەنجامی خێرا و دەستبەجێ و بەرچاو ببینن، بەڵام ئایا تا چەند ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی درێژخایەنە؟ ئایا پێویستی بە کاتە و هەوڵی بەردەوام هەیە؟ ئەگەر حوکمێك لەسەر بارودۆخەکە بدەین لە دوای دەرچوونی یاسای چاکسازییەوە، ئایا تا چەند دەتوانین بڵێین ئێمە لەسەر ڕێڕەوی ڕاستین و هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێین لەم ڕووەوە؟**

- پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، پرۆسەیەکی درێژخایەنە و بەردەوامە و کۆتایی نایێت، چونکە ئەم دیاردەیە هیچ کاتێك بە یەکجاری بنبڕ نابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە دەستپێکێکی ڕاست و یاسایی هەبێت و زوو زوو هەندێك لە ئەنجام و بەرهەمی ڕووبەڕوونەوە و چاکسازییەکە پیشانی هاووڵاتیان بدرێت و لەسەر ئەرزی واقیع ببینن، چونکە بینینی جێبەجێکردنی چاکسازی، گرنگترە لە جێبەجێکردنی چاکسازی و دادپەروەری.

**پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، پرۆسەیەکی درێژخایەنە و بەردەوامە و کۆتایی نایێت، چونکە ئەم دیاردەیە هیچ کاتێک بە یەکجاری بنبڕ نابێت**

*** ئاشکرایە کە بەرگرتن و پێشگرتن بە گەندەڵی بە هەمان ئەندازەی چارەسەرکردنی گەندەڵی گرنگە، ئایا لە ڕووی یاساییەوە پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی میکانیزمی کارا دابڕێژدرێت و بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی گەندەڵی بۆ بەرتەسکترین بازنە بچووك بکرێتەوە؟**

- بوونی خۆپارێزی (الوقایە) بەشێکی گرنگی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵییە، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ٢٠٠٣ی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە بەشی دووەم و لە (١٠) ماددە باس لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی دەکات (التدابیر الوقائیة) کە بەگرنگترین بەشی ڕێککەوتنامەکە دادەنرێت، لەبەر ئەوەی باس لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە کاریگەریی خراپی گەندەڵی دەکات، هاوکات چەندین ڕێکار دەستنیشان دەکات بۆ خۆپارێزی لە گەندەڵی.

*** ئەگەر یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان چاودێریکردن و لێپرسینەوە بێت لە حکومەت و ئەدای حکومەت، ئەوا لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی دادوەرییش دەتوانێت ڕۆڵی کارا و کاریگەری خۆی بگێڕێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەیسەکانی گەندەڵی و یەکلاکردنەوەی دۆسییەکانی پەیوەست بەم بوارە، پێت وایە تا چەند دەسەڵاتی دادوەر و دادگاکان دەتوانن لەم ڕووەوە ڕۆڵی خۆیان ببینن و ئێوە چۆن ڕۆڵی ئەم دەسەڵاتە هەڵدەسەنگێنن لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا سەربەخۆبوون و کارابوونی دەسەڵاتی دادوەری کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، چەند دەسەڵاتی دادوەری و دادوەران و داواکارانی گشتیی سەربەخۆ و بێلایەن و دەستپاك بن، ئەوەندە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت و دۆسیەکانی گەندەڵی بە ئاسانی یەکلا بکەنەوە و کەسیش نەتوانێت دەستێوەردان لە کارەکانیان بکات.

**چەند دەسەڵاتی دادوەری و دادوەران و داواکارانی گشتیی سەربەخۆ و بێلایەن و دەستپاک بن، ئەوەندە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت و دۆسیەکانی گەندەڵی بە ئاسانی یەکلا بکەنەوە و کەسیش نەتوانێت دەستێوەردان لە کارەکانیان بکات**

*** لە کوردستاندا دەزگایەکی تایبەت و تایبەتمەند هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بە ناوی دەستەی دەستپاکی، کە ئەرك و ڕۆڵەکەی پەیوەستە بە بەدواداچوون و پەردەلادان لەسەر دۆسییە و حاڵەت و کەیسەکانی گەندەڵی، بەڵام ئەم دەستەیە دەسەڵاتێکی دادوەری و تایبەتمەند نییە بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسییەکان، ئێوە تا چەند بوونی دادگایەکی تایبەت بە یەکلاکردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵی بە پێویست دەزانن؟**

- بوونی دادگای تایبەتمەند بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارێکی زۆر پێویستە، چونکە پسپۆڕی بوون لە ناو دادگاکان پێویستییەکی سەردەمە بۆ دادوەری پسپۆڕ و داواکاری گشتیی پسپۆڕ و فەرمانبەری پسپۆڕ لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژی هەبێت، هاوکات دەبێت میکانزمی یاسایی و کارگێری بۆ فەراهەم بکەی لە هەموو بوارێکەوە.



*** ئایا تا چەند دەکرێت لایەن و ڕێکخراوە دەرەکییەکان هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین یاسا و ڕێنمایی و ڕێکارەکان باشتر و کاراتر دابڕێژین، بۆ ئەوەی بتوانین دەرئەنجامی خوازراو و چاوەڕوانکراو بەدی بهێنین لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا؟**

- هاوکاریی ڕێکخراوە دەرەکی و ناوەکییەکان پێویستە، بە مەرجێك بەپێی پلانی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت، واتە ستراتیژیەتی ڕۆشنی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوونی هەبێت، لەم چوارچێوەیەشدا هاوکاریی ڕێکخراوەکان گرنگە.

*** بە شێوەیەکی گشتی ناتوانرێت دەقاودەق ئەزموونی وڵاتێکی دیکە لە بواری نەهێشتنی گەندەڵیدا بگوازینەوە و جێبەجێی بکەین، چونکە دەبێت هەر هەنگاوێك هەڵقوڵاوی هەلومەرجی تایبەت بە هەرێمەکەمان بێت، بەڵام تا چەند دەکرێت سوود لە ئەزموونی هەندێ وڵاتی دیکە، تەنانەت وەك بۆتسوانا لە ئەفریقا وەربگرین کە سەرکەوتوو بوون لە بواری کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی گەندەڵیدا؟**

- ئەزموونی وڵاتانی دیکە چ ئەزموونی سەرکەوتوویان و چ ناسەرکەوتوویان بۆ ئێمە گرنگە سوودی لێ وەربگرین، بۆ نموونە سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکان وەك سەنگاپورا، ڕواندا، جۆرجیا، بۆتسوانا، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی بە هەمان قۆناغەکانی ئێمە تێپەڕبوون وەربگرین، هەروەها سوود لە ئەزموونی سەرنەکەوتووی هەندێك وڵات وەربگرین، بۆ ئەوەی بزانین هۆکارەکانی سەرنەکەوتنیان چی بوون، تاوەکو ئەو هەڵانەی ئەو وڵاتانە لە هەرێمی کوردستان دووبارە نەکەینەوە، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین لە ئەزموونی هەر وڵاتێك بەشێکی لێ وەربگرین و پێوەری گشتیی سەرکەوتنی زۆربەی ئەزموونەکان بریتییە لەمانە:

١- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان (فصل السلطات).
٢- سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری.
٣- کاریگەریی دەسەڵاتی یاسادانان.
٤- کاریگەریی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری حکومیی خۆی.
٥- ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد.
٦- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
٧- هۆشیاریی هاووڵاتیان.
٨- ئیرادەی سیاسیی بەهێز و چەندین هۆکاری دیکە.



کشانەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی ڕەوتی سەدر و سوێندخواردنی پەرلەمانتاری نوێ لە جێیان بووەتەوە هۆی ئەوەی پرۆسەی سیاسی و هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بە ئاقارێکی دیکەدا بڕوات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانە گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ د. نەهلە قادر ئەفندی ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دا.

## د. نەهلە قادر ئەفندی

**ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:**

# دۆخێکی نوێی سیاسی لە عێراق درووست بووە و پارتیش بەشێکە لە چارەسەر

*** ئاشکرایە کە ماوەیەکی زۆرە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوە چووە، بەڵام تا ئێستا لایەنەکان نەیانتوانیوە بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق، ئێوە چۆن لەم بارودۆخە دەڕوانن و پێتان وایە بۆچی دۆخەکە بەم ئاقارەدا ڕۆیشت؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ خۆدی هەڵبژاردنەکە و ئەو پەرەسەندنانەی بە دوایدا هاتن، چونکە وەکو هەموومان دەزانین لە١٠/١٠/٢٠٢١ هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق ئەنجام درا، لە دوای پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و دادگای فیدراڵی، هەر لایەن و حزبێك بەپێی ئیستیحقاقی خۆی لە هەڵبژاردنەکەدا کە سستەمێکی تازە بوو، ئەنجامەکانی وەرگرت. ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان (٣١) کورسیمان بەدەست هێنا، پێش دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان دەست کرا بە گفتوگۆ، کە لە دەرئەنجامدا پارتی و سوننە و ڕەوتی سەدر هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا بە ناوی «هاوپەیمانیی ڕزگاریی نیشتمانی»، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی دواتر سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان بکرێن. لە پاشان لە ٢٠٢٢/١/٩ یەکەم کۆبوونەوەی

پەرلەمانی عێراق بە ئامادەبوونی ٣٢٩ ئەندام پەرلەمان ئەنجام درا و هەر هەموو ئەو ژمارەیەی ئامادەبووان سوێندی یاساییان خوارد و دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆك و هەر دوو جێگری (سەرۆك لە پشکی سوننە و جێگری یەکەم شیعە و جێگری دووەم پشکی کورد کە ماف و شایستەیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو) دەستنیشان کران. بەڵام ئەوەی کێشەی لەسەر دروست بوو، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بوو، چونکە ئەوە بوو لە دوو دانیشتن نەتوانرا نیسابی یاسایی تەواو بکرێت. کە رێژەکە دوو لەسەر سێ دانرابوو لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە، کە ئەم ڕێژەیەش خۆی لە خۆیدا بۆ ئەوە بوو نەتوانرێت نیساب تەواو بکرێت، تاوەکو سەرۆك کۆمار هەڵنەبژێردرێت. ئەوە بوو پرۆسەکە دووچاری چەقبەستوویی بوو و بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت. هەر چۆنێك بێت، لەبەر تەواونەبوونی ڕێژەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان نەتوانرا سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت. هەر بۆیە کێشەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و پشووی پەرلەمان دەستی پێ کرد، لەو کاتەدا موقتەدا سەدر ماوەی ٤٠ ڕۆژی دا بە لایەنی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ ئەوەی حکومەت پێکبێنن و ئەوانیش لەو ماوەی ٤٠ ڕۆژەدا هیچ ئەنجامێکیان نەبوو. لە پاش پشووەکان لیژنەکانی پەرلەمان بەپێی ئیستحقاقی لایەنەکان دەستنیشان کران و ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو لیژنەکان پشکمان هەیە، لیژنە هەیە دوو ئەندامی ئێمەی تێدایە و لە زۆربەی لیژنەکانیش جێگری یەکەم و دووەمی سەرۆکی لیژنە لە لیستی پارتییە، لە پاشان لیژنەکان دەستیان بە کاری خۆیان کرد، لایەنە سیاسییەکانیش کاری خۆیان دەکرد بۆ ئەنجامدانی هەماهەنگی و کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، تاوەکو دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدەن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار. بەڵام هەروەك ئاشکرایە تا ئێستا بێسوود بووە و نەتوانراوە ئەو ڕێژەی یاساییە تەواو بکرێت کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە بن، بەو پێیەی کە ئەو ڕێژەیە دادگای فیدراڵی دەستنیشانی کردووە بۆ ئەوەی پرۆسەکە زەحمەت بێت و وەك ئێستا بە چەقبەستوویی و ئاڵۆزی بمێنێتەوە.

*** پێت وایە هۆکاری بنەڕەتی چی بوو بۆ ئەوەی دۆخەکە بە چارەسەر نەگات و ئایا چەند ئەگەری ئەوە هەیە لە ئێستادا پەرەسەندنی ئەرێنی بێتەئاراوە ؟**

- لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە بوونی ناکۆکیی ناوماڵی شیعە بکەین بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانێك کە بووە هۆکاری سەرەکیی ئەو کێشە و ئاڵۆزییەی کە دروست بوو. چونکە ئەگەر پارتی و یەکێتیش بگەیشتنایەتە ڕێککەوتن و سەرۆك کۆماریش هەڵبژێردرایە، کێشەکە هەروەکو خۆی دەبوو، لەبەر ئەوەی ماڵی شیعە لەسەر دانانی سەرۆك وەزیران کێشە و ناکۆکییان هەیە، کە ئاشکرایە لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار ئەوە سەرۆك کۆمارە کە کەسێك ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئەوە بوو ماڵی شیعە و لایەنەکانیان لەسەر ئەو کەسە بۆ سەرۆك وەزیران نەگەیشتنە ڕێککەوتن و کێشەکە هەر وەك خۆی بە ئاڵۆزی و چەقبەستوویی ماوەتەوە، هەر ئەمەش وای کرد کە بەداخەوە سەید موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە کوتلەکەی لە پرۆسەکە دەکشێنەوە، بەمەش ٧٣ ئەندامی فراکسیۆنەکەی موقتەدا سەدر دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند. ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان و وەك جەنابی سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ دا، ڕێز لەو بۆچوون و هەڵوێستەی موقتەدا سەدر دەگرین، ئێستاش لە هەوڵداین بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق ڕاست بکرێتەوە و، سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت و حکومەت پێکبهێندرێت. بەڵام لەم ڕووەوە دۆخەکە زۆر بۆ دواوە گەڕاوەتەوە و دەتوانرێت بوترێت گەڕاوەتەوە خاڵی سەرەتا. چونکە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان- کە حاکم زاملی بوو لە پشکی سەدر- ئەویش دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش کردبوو و پەسند کرا، بەمجۆرە پرۆسەکە زیاتر بەرەو ئاراستەیەکی دیکە هەنگاو هەڵدەنێت. بە شێوەیەکی گشتی ئێمە وەك پارتی خۆمان بە شەریکی هەموو لایەنەکانی عێراق دەزانین بۆ بنیادنانی عێراقێکی فیدراڵ و ئێمە خۆمان بە بەشێك لە چارەسەر دادەنین بۆ حوکمڕانیی عێراق، هەموو کار و هەوڵەکانیشمان بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بنیادنانی عێراقێکی فیدراڵیی خاوەن دەستوورە. لەم ڕووەوە هەموو کات دەستپێشخەر بووین بۆ هەر گفتوگۆ و دانیشتن و ڕێککەوتنێك کە لایەنەکان کۆبکاتەوە و لێکیان نزیك بکاتەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەری هەر کێشەیەك کە هەبێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ماوە ماوە شاری هەولێر مووشەکباران دەکرێت و تۆمەتی ناڕاست و نادروست بۆ کوردستان دروووست دەکەن، ئێمە هیچ کات بێدەنگ نەبووین و ئەو کردەوە نایاسایی و ناڕاستانەمان ئیدانە کردووە و لە بەرامبەریدا هەڵویستی ڕاست و واقیعیمان نواندووە.

**ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و وەک جەنابی سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێ دا، ڕێز لەو بۆچوون و هەڵوێستەی موقتەدا سەدر دەگرین، ئێستاش لە هەوڵداین بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق ڕاست بکرێتەوە**

**وەک پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو لیژنەکان پشکمان هەیە، لیژنە هەیە دوو ئەندامی ئێمەی تێدایە و لە زۆربەی لیژنەکانیش جێگری یەکەم و دووەمی سەرۆکی لیژنە لە لیستی پارتییە**

**ئەگەر پارتی و یەکێتیش بگەیشتنایەتە ڕێککەوتن و سەرۆک کۆماریش هەڵبژێردرایە، کێشەکە هەروەکو خۆی دەبوو، لەبەر ئەوەی ماڵی شیعە لەسەر دانانی سەرۆک وەزیران کێشە و ناکۆکییان هەیە**

**کێشەکە ئەوەیە کە ماوە ماوە شاری هەولێر مووشەکباران دەکرێت و تۆمەتی ناڕاست و نادروست بۆ کوردستان دروووست دەکەن، ئێمە هیچ کات بێدەنگ نەبووین و ئەو کردەوە نایاسایی و ناڕاستانەمان ئیدانە کردووە و لە بەرامبەریدا هەڵویستی ڕاست و واقیعیمان نواندووە**

مایکڵ جەیمس مۆسۆ پڕۆفیسۆری سیاسەت و ئاسایش و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە ئابوورییەکان و دامەزراوە و ناکۆکییەکان دەدات و، خاوەن تیۆرێکی تایبەتە کە پەیوەستە بەوەی چۆن دەرفەتی یەکسان لە بازاڕدا بایەخ دروست دەکات بۆ لیبراڵ دیموکراسی و هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکاندا، مۆسۆ پشتیوانی لەوە دەکات کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان هەوڵی ئەوە بدەن دەرفەتی بەربڵاوی ئابووری بۆ ئەو وڵاتانە بڕەخسێنن کە کەمتر گەشەکردوون، چونکە پێی وایە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی و دادپەروەرانە لەسەر ئاستی جیهان. لەم ڕووەوە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد لەبارەی پرسی پەیوەست بەو دیاردەیەی پێی دەگوترێت «نەفرەتی سەرچاوەکان» و چۆنیەتی مامەڵەی دروست و کارا لەگەڵ داهاتی ئەم سەرچاوانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## مایکڵ جەیمس

پڕۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا بۆ گوڵان:

# نەفرەتی سەرچاوەکان لەو شوێنانەدا ڕوونادات کە بازارەکانی کار بەهێزن

## دیمانەی تایبەت



*** سەرەتا دیدگای گشتیتان بۆ «نەفرەتی سەرچاوەکان» لە ڕووی هۆکار و دەرئەنجامەکانیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە نەفرەتی سەرچاوەکان ئەو دیاردەیەیە کە تێیدا ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەمەندن بە سامانی سرووشتی، وەك نەوت و گاز، زیاتر فۆڕمی حوکمڕانییەك دەبن کە تێیدا بوار بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی گەندەڵ و ئۆتۆکراتیان دروست دەبێت، ئەمە بەراورد بەو وڵاتانەی کە کەمتر دەوڵەمەندن لە بواری سەرچاوەکانی سامانی سرووشتیدا، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین کە نەفرەتی سەرچاوەکان تەنیا لەو وڵاتانەدا ڕوو دەدات کە بازاڕی کاری تایبەتیان لاوازە، چونکە لەو شوێنانەی کە بازاڕی کار لاوازە زۆربەی خاوەن ماڵەکان بە کارکردن بۆ حکومەت پشتگیریی خێزانەکانیان دەکەن، یان با بڵێین بژێو و گوزەرانی خێزانەکانیان دەستەبەر دەکەن و، زۆرجاریش حکومەت کارەکان تەنیا بەو کەسانە دەدات کە زیاتر پەیوەندییان بە بەرپرسانی حکومەتەوە هەیە. بەم شێوەیە، لەو شوێنانەی کە بازاڕەکانی کار لاوازن و سامانی سەرچاوە سرووشتییەکان زۆرە، حکومەتێك دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت بە دابەشکردنی سامانی سەرچاوە بە لایەنگری بەسەر ئەو کەسانەدا کە زۆرترین دڵسۆزییان هەیە، زۆرجار بە شێوەیەکی نایاساییە، کەواتە نەفرەتی سەرچاوەکان لەو شوێنانەدا ڕوو نادات کە بازاڕەکانی کار بەهێزن، وەك لە نەرویج، چونکە لەو شوێنانەی کە بازاڕەکانی کار بەهێزن، زۆربەی خاوەن ماڵەکان نەك بە کاری حکوومی، بەڵکو لە ڕێگەی دامەزراندن لە بازاڕی کاری تایبەتدا پشتگیریی خێزانەکانیان دەکەن.

*** وا دیارە زۆربەی وڵاتانی دەوڵەمەند بە**

**بەبێ وەبەرهێنان لە سندووقەکانی سامانی سەروەریدا، دۆخێک دروست دەبێت کە لە کۆتاییدا وڵاتەکە هیچ هەناردەیەکی دیکەی نەبێت، جگە لە سەرچاوە سرووشتییەکە**



**سەرچاوە سرووشتییەکان دوچاری کێشەی حوکمڕانی بوون، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی ئەو داهاتانەی کە لەم سەرچاوانەوە بەدەست دەهێنرێن، کەواتە دەتوانین بڵێین بوونی ئەم سەرچاوانە فاکتەری ئاسانکارییە بۆ سەرهەڵدانی حوکمڕانیی ناکارامە؟**

- بەشێکی بەڵێ و بەشێکی نەخێر، دەتوانین بڵێین سامانی سەرچاوە سرووشتییەکان فاکتەری ئاسانکارییە بۆ سەرهەڵدانی حوکمڕانیی ناکارامە، کە بازاڕەکانی کار لاوازن، وەك زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووسیا و ڤەنزوێلا، بەڵام لەو شوێنانەی کە بازاڕەکانی کار بەهێزن، سامانی سەرچاوە سرووشتییەکان هۆکارێکی ئاسانکاری نییە بۆ سەرهەڵدانی حوکمڕانیی ناکارامە، وەك لە بەریتانیا، کەنەدا، ئەمریکا و نەرویج.

*** کەواتە دەتوانرێت و پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی سەرچاوەکان بکرێتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی حوکمڕانییەکی کاریگەر و کارا؟**

- من ئامۆژگاریی هەر دەوڵەتێك دەکەم کە سامانی سامانی سرووشتی هەیە، سێ هەنگاوی سەرەکی بنێت، یەکەم: پێویستە حکومەت بەشێك لە سامانی سەرچاوەکان لە سندووقەکانی سامانی سەروەریی جیهانیدا وەبەربهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گوشاری هەڵکشاوی سەر دراوی وڵاتەکە، لە هەمان کاتدا سامانی وڵاتەکەش لە یەدەگدا دەهێڵێتەوە، بە چەشنێك کە ئەو پارەیەی کە لە سندووقەکانی سامانی سەروەریدا وەبەر نەهێنرێت، دەبێتە هۆی زیادبوونی بەهای دراوی وڵاتەکە و تا بەهای دراوەکە زیاتر بەرز ببێتەوە، مەترسیی ئەوە زیاترە کە هەناردەکردنی دیکەی وڵاتەکە (وەك خورما و زەیتوون) چیتر نەتوانن لە بازاڕە جیهانییەکاندا کێبڕکێ بکەن، بەبێ وەبەرهێنان لە سندووقەکانی سامانی سەروەریدا، دۆخێك دروست دەبێت کە لە کۆتاییدا وڵاتەکە هیچ هەناردەیەکی دیکەی نەبێت، جگە لە سەرچاوە سرووشتییەکە.

دووەم: پێویستە وڵاتەکە دەستەیەکی سەربەخۆی حکوومی دابمەزرێنێت کە نەتوانێت کۆنتڕۆڵی بکات، بۆ ئەوەی هێندە سەربەخۆ بێت کە بە شێوەیەکی شەفافانە سامانی سەرچاوەکان بەڕێوە بەرێت، بە چەشنێك هەنگاوەکانی بۆ هەمووان ئاشکرا بن، هەر لە وەرگرتنی دۆلاری بیانییەوە تا دەگاتە وەبەرهێنانە دەرەکییەکان. پێویستە ئەم دەزگایە لە لایەن دەستەیەك لە بەڕێوەبەرانەوە بەڕێوە بچێت، کە جێی ڕەزامەندیی پێکهاتە و لایەنەکانی نێو وڵاتەکە بن. پێویستە ئەم دەستەیە پەیوەندیی دامەزراوەیی لەگەڵ ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییە نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت، بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە پاراستنی شەفافییەتی دەستەکە و، بەم شێوەیە بتوانێت

**پێویستە وڵاتەکە دەستەیەکی سەربەخۆی حکوومی دابمەزرێنێت کە نەتوانێت کۆنتڕۆڵی بکات، بۆ ئەوەی هێندە سەربەخۆ بێت کە بە شێوەیەکی شەفافانە سامانی سەرچاوەکان بەڕێوە بەرێت، بە چەشنێک هەنگاوەکانی بۆ هەمووان ئاشکرا بن**

**ئەگەر بە بێ هیچ مەرجێک و بە یەکسانی داهاتی سەرچاوەکان بە سەر هەمووان‌دا دابەش بکرێت، ئەوا گەلی ئەو وڵاتە دەتوانێت بە بێ نەفرەتی سەرچاوە چێژ لە سامانی سەرچاوە سرووشتییەکانی وەربگرێت**



متمانەی خۆی لەگەڵ خەڵکدا بپارێزێت، ئەگەر دەزگایەکی لەم جۆرە بنیات بنرێت، ئەوا حکومەتی دەسەڵاتداری وڵاتەکە دەستی بە سامانی سەرچاوە ناگات و، بەم شێوەیە ناچار دەبێت پشت بە سەرچاوە تەقلیدییەکانی داهات ببەستێت، ئەمەش توانای بەرپرسان بۆ گەندەڵکردنی کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە.

سێیەم: دەتوانرێت ئەو دەستە سەربەخۆ و شەفافە کە کۆنترۆڵی سامانی سەرچاوە دەکات، ئەرکی دابەشکردنی بەشێکی داهاتی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر دانیشتووانی وڵاتەکەدا پێ بسپێردرێت. ئەگەر بە بێ هیچ مەرجێك و بە یەکسانی داهاتی سەرچاوەکان بە سەر هەمووواندا دابەش بکرێت، ئەوا گەلی ئەو وڵاتە دەتوانێت بە بێ نەفرەتی سەرچاوە چێژ لە سامانی سەرچاوە سرووشتییەکانی وەربگرێت، بۆ نموونە دەستەکە دەتوانێت مانگانە چەکێکی پارە بۆ هەر خێزانێك لە وڵاتەکەدا بنێرێت و ئەو مەرجەش لەبەرچاو بگیرێت، تەنیا قەبارەی خێزانەکە بێت و هیچ مەرجێکی دیکە لەخۆ نەگرێت، خێزانەکان لە بەرامبەردا ئەم پارەیە بەکاردەهێنن بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان لە بازاڕە ناوخۆییەکان و قوتابخانە ئەهلییەکان و...هتد، بەم شێوەیە بازاڕێکی تایبەتی کاری گشتگیر لە وڵاتدا بەرەوپێش دەبەن.

*** ئەگەر سەیری جیهان بکەین، دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەن و ئەدای ئابووریی سەرنجڕاکێشیان هەیە، بە سامانی سرووشتی بەخشراو نین، ئەگەر ئێوە بن چی لەو بارەیەوە دەکەن؟**

-لە ڕاستیدا پێویستە حکومەت پشت بە سەرچاوە تەقلیدییەکانی داهات ببەستێت، و زیادەڕەوی نەکات لەسەر پشتبەستن بە سامانی سەرچاوە سرووشتییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەرپرسەکان تا نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان داهات بەسەر ئەو کەسانەی دڵسۆزی خۆیانن دابەش بکەن، بەمەش توانایان بۆ گەندەڵکردنی کۆمەڵگەیەك کەم دەبێتەوە. ئەم پرۆسەیە لە وتارەکەمدا لەگەڵ ئەردەم ئایتاچ و ئۆمەر ئۆرسون، بە ناوی «بۆچی هەندێك وڵات بەرگرییان لە نەفرەتی سەرچاوەکان کردووە؟» بە وردی باس کراوە.

*** هەندێك دەڵێن هۆکارە بنەڕەتییەکان بۆ ئەوەی داهاتی سامانە سرووشتییەکان بە بێباکانە خەرج بکرێت، بریتییە لە بوونی حوکمڕانیی خراپ، بە واتەی ئەوەی پێی دەگوترێت «نەفرەتی حوکمڕانی»، نەك نەفرەتی سەرچاوەکان، دیدگای ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

لە ڕاستیدا من دەتوانم بڵێم وەڵامی پرسیاری پێشووم دەکرێت ببێتە وەڵام بۆ ئەم پرسیارەش.

**پێویستە حکومەت پشت بە سەرچاوە تەقلیدییەکانی داهات ببەستێت، و زیادەڕەوی نەکات لەسەر پشتبەستن بە سامانی سەرچاوە سرووشتییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەرپرسەکان تا نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان داهات بەسەر ئەو کەسانەی دڵسۆزی خۆیانن دابەش بکەن**

# دیمانەی تایبەت



کۆری زۆلی پرۆفیسۆری یاسا و سیاسەتی ئەمنییە لە سکووڵی ماکس وێڵ لە زانکۆی سیراکیوز و، بەرپرسی بەشی توێژینەوەیە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك كێشە هاوچەرخەکانی بەرپابوونی جەنگ، ڕەهەندەکانی ناکۆکی و تەنگژە جیهانییەکان و ڕۆڵی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی لە ناکۆکییە جیهانییەکاندا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕەوە.

## کۆری زۆلی

پرۆفیسۆری یاسا و سیاسەتی ئەمنی لە زانکۆی سیراکیوز بۆ گوڵان:

# ڕووسیا دووچاری دابڕانی سیاسی بووەتەوە، بەڵام نەتوانراوە لە ڕووی ئابوورییەوە گۆشەگیر بکرێت

*** سەرەتا چۆن لە بارودۆخی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن و، ئایا بۆچی ڕووسیا پەنای بردە بەر ئەم بژاردەیە و تا چەند دڵنیا بوو لەوەی دەتوانێت شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە؟**

- من پێم وایە دەبێت سەرەتا لەو ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە ڕووسیا باوەڕی بەوە هەبوو کە دەتوانێت ئامانجەکانی خۆی لەم شەڕەدا بپێکێت، ئەویش لە ڕوانگەی ئەزموونی هەرێمی کریمیا کە ڕووسیا توانی لە ئۆکرانیای دابڕێت و بیکاتە بەشێك لە وڵاتەکەی خۆی، بە بێ ئەوەی دووچاری بەرەنگاری و بەرهەڵستییەکی ئەوتۆ ببێتەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. مەبەستم ئەوەیە ئەمە فاکتەرێك بوو بۆ ئەوەی ڕووسیا پەنا بباتەبەر ئەم بژاردەیە و بڕیار بدات کە ئۆکرانیا داگیر بکات. هەروەها لێکدانەوەی ڕووسیا ئەوە بوو کە بەرەیەکی جیهانی و یەکگرتووی لە دژ دروست نابێت، ئەگەر هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵبگرێت، بۆ نموونە پێشتر هاوبەشییەکی لەگەڵ وڵاتی چین دامەزراندبوو و لە ئێستاشدا دەبینین کە چین هەڵوێستی دژ بە ڕووسیا وەرنەگرتووە و، درێژەی بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی داوە لەگەڵ ڕووسیادا، کەواتە ئێمە دەبێت لە ڕوانگەی هەموو ئەم فاکتەرە کاریگەرانەوە لە بڕیارەکەی ڕووسیا بڕوانین، هەرچەندە لە ئێستادا جیاوازییەکە ئەوەیە کە بڕیاری داگیرکردنی ئۆکرانیا پەرەسەندن و پێشهاتێکی بەربڵاوتر و بەرفراوانتر بوو، بەراورد بە دابڕین و داگیرکردنی هەرێمی کریمیا، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەڵگیرسانی شەڕەکە لاوازیی ڕووسیای دەرخست لە ڕووی لاوازی تەکنەلۆژیای

**هەڵگیرسانی شەڕەکە لاوازیی ڕووسیای دەرخست لە ڕووی لاوازی تەکنەلۆژیای سەربازیی سوپاکەیەوە و لە بواری هەماهەنگی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی سوپاکەیدا**

**لە ئێستادا کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لەسەر ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی وزە لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست دەرکەوتوون**

**رووسیا نەک نەیتوانی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بپێکێت، بەڵکو لەم رووەوە دەرئەنجامی پێچەوانەی بەدەست هێنا، کە وڵاتانی دیکە لە هەوڵی ئەوەدان ببنە ئەندامی ناتۆ**

**ئەگەر لە رووی ستراتیژییەوە لە باروودۆخەکە بڕوانین، ئەوا تا ئێستا رووسیا سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە رەنگە لە رووی تەکتیکییەوە دوچاری شکست بووبێتەوە، لەبەر ئەوەی توانیویەتی بەشێکی گرنگی ئەو وڵاتە کۆنترۆڵ بکات**

**لاوازکردنی پێگەی رووسیا پلان و نیازی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و هاوبەش و هاوپەیمانەکانیانە، بەڵام من قەناعەتم نییە بەوەی بتوانن ئەم دەرئەنجامە بەدی بهێنن**

سەربازیی سوپاکەیەوە و لە بواری هەماهەنگی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی سوپاکەیدا، لەبەر ئەوە ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانە بۆ رووسیا، هەرچەندە ئەمە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە تەواوی ناوچەکە (بە جیهانیشەوە) باجی ئەم شەڕە دەدەن و بە دەر نین لە زیان و ئاکامەکانی، بەتایبەتی خودی وڵاتی ئۆکرانیا. چونکە لە ئێستادا کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لەسەر ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی وزە لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست دەرکەوتوون، لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین رووسیا نەك نەیتوانی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بپێکێت، بەڵکو لەم رووەوە دەرئەنجامی پێچەوانەی بەدەست هێنا، کە وڵاتانی دیکە لە هەوڵی ئەوەدان ببنە ئەندامی ناتۆ، چونکە هەمیشە رووسیا و خودی سەرۆك پوتین گوزارشتیان لە نیگەرانیی خۆیان دەکرد، لەوەی کە وڵاتانی دراوسێی رووسیا هەنگاوێکی لەم چەشنە نەنێن. بەڵام ئەم بڕیارەی رووسیا نەك نەبووە هۆی ئەوەی ئۆکرانیا دوور بکەوێتەوە لە رۆژئاوا، بەڵکو وڵاتانی دیکەش هەوڵی ئەوە دەدەن زیاتر ئاوێتەی سیستەمە ئەمنییەکەی رۆژئاوا ببن.

*** بەڵام هەروەك ئاشکرایە لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕەکەوە و تا ئێستا بە بەردەوامی وڵاتانی رۆژئاوا (بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) سزایەکی بەربڵاوی ئابووری و داراییان لە دژی رووسیا گرتووەتەبەر، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن و، ئایا پێتان وایە لە کۆتاییدا رووسیا ناچار بە سازش دەکەن و سەردەکێشن بۆ ئەوەی لە رێی گفتوگۆوە کۆتایی بەم شەڕە بهێنرێت؟**

- لە راستیدا ئەمە لای من روون نییە، بەڵام ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و پرسیارێکی دروستە، من پێم وایە لە نێو جەرگەی هەڵکشانی شەڕەکەدا زۆر زەحمەتە بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ کارایی و دەرهاویشتەکانی ئەم سزایانە بکەین، چونکە ئەمە بەندە بە چەندین فاکتەری دیکەوە، یان با بڵێین هەڵوێستی وڵاتانی خاوەن سەنگ و دەسترۆیشتووی دیکەوە، بۆ نموونە چین، هەروەها ئەوەی زیاتر ئەم پرسە یەکلا دەکاتەوە (مەبەستم گۆڕینی باروودۆخەکەیە بۆ ئەوەی بیر لە کۆتاییهێنان بە شەڕ بکرێتەوە)، ئەوەیە تا چەند هاوکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبنە هۆی ئەوەی هەلومەرجی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ئۆکرانیا بگۆڕن، چونکە ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە ئەو هاوکارییانە بوونەتە هۆی ئەوەی ئۆکرانیا دووچاری دۆڕان و شکستێکی یەکجارەکی نەبێتەوە، چونکە ئەگەر لە رووی ستراتیژییەوە لە باروودۆخەکە بڕوانین، ئەوا تا ئێستا رووسیا سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە رەنگە لە رووی تەکتیکییەوە دوچاری شکست بووبێتەوە، لەبەر ئەوەی توانیویەتی بەشێکی گرنگی ئەو وڵاتە کۆنترۆڵ بکات، کە بواری بۆ دروست کردووە تا رێڕەوێکی دەستەبەرکردن بۆ سەر دەریای رەش دروست بکات، ئەوەی جێی سەرنجە لەم رووەوە ئەوەیە کە ئەم پەرەسەندنانە وەك پێویست ئاماژەیان پێ ناکرێت لە نێو راگەیاندنی رۆژئاوا و ئەمریکادا، کە من پێم وایە ناکرێت نادیدە بگیرێن و لە گرنگییان کەم بکرێتەوە. لێرەدا و بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا دەڵێم هەموو ئەم فاکتەرانە رۆڵیان هەیە و کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی شەڕەکە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات و، ئایا دەکرێت لە کۆتاییدا چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، کە لە ئێستا زۆر زەحمەتە بزانین ئایا مەرجەکانی کۆتاییهێنان بە شەڕەکە چی دەبن. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا روونە ئەوەیە کە قسە و باس و هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەدی ناکرێت بۆ راگەیاندنی ئاگربەست و بۆ بنیاتنانی ئاشتی و کۆتاییهێنان بە شەڕەکە، هەروەها گفتوگۆیەکی جدیش بەدی ناکرێت لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە کە بە هۆی ئەم شەڕەوە دوچاری پێشێلکارییەکی بەربڵاو بووەتەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە هاوکارییە سەربازییەکانی رۆژئاوا (بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) رێگر بوون لەوەی ئۆکرانیا نەڕووخێت و رووسیاش نەتوانێت بە چەشنێکی خێرا شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە، هەروەها لە ئێستادا وڵاتانی رۆژئاوا لە هەوڵی ئەوەدان کە چیتر پشت**

**بە کڕینی نەوت و غازی ڕووسیا نەبەستن، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم هاوکارییە سەربازییانە بۆ ئۆکرانیا و، ئەم خۆدابڕینە لە نەوت و غازی ڕووسیا تا چەند دەبنە هۆی لاوازکردنی پێگەی ڕووسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

- من دەزانم لاوازکردنی پێگەی ڕووسیا پلان و نیازی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و هاوبەش و هاوپەیمانەکانیانە، بەڵام من قەناعەتم نییە بەوەی بتوانن ئەم دەرئەنجامە بەدی بهێنن و ئەم ئامانجە بهێننەدی، هۆکارەکەش ئەوەیە کە هەروەك دەبینن وڵاتانی هاوردەکردنی وزە هەبێت لە ڕووسیا، بەڵکو وڵاتانی گرنگ و گەورەی دیکەش هەن لەم ڕووەوە، بە تایبەتی چین و هیندستان، کەواتە ناکرێت بڵێین هەر کاتێك ئەورووپا بڕیاری دا چیتر پشت بەم وزەیە نەبەستێت، ئەوا ڕووسیا دووچاری دابڕان و گۆشەگیری دەبێتەوە، هەرچەندە لە ئێستادا ڕووسیا دووچاری گۆشەگیریی سیاسی بووەتەوە، بەڵام من زۆر دڵنیا نیم لەوەی بتوانرێت ڕووسیا لە ڕووی ئابوورییەوە گۆشەگیر بکرێت. ئەوەتا وڵاتانی وەك هیندستان و چین درێژە بە هاوبەشییە ئابوورییەکەیان دەدەن لەگەڵ ڕووسیادا و بگرە


**ئەورووپا ڕێگەیەکی دوور و درێژی لە پێشە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی خۆی دابڕێت لە پشتبەستن بە نەوت و غازی ڕووسیا**



ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەڵمانیا، هەنگاوەکانیان زۆر سست و خاوە بۆ خۆدابڕین لە پشتبەستن بە نەوت و غازی ڕووسیا، بۆ نموونە ئەڵمانیا تەنیا بە ڕێژەی لە سەتا ٣٠ پشتبەستن بە وزەی ڕووسیا (بەتایبەتی غازی سرووشتی) ی کەم کردووەتەوە. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەورووپا ڕێگەیەکی دوور و درێژی لە پێشە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی خۆی دابڕێت لە پشتبەستن بە نەوت و غازی ڕووسیا، هەروەها وڵاتانی ئەورووپاش مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی وڵاتەکانیان لەبەرچاوە لە پەیوەندی بە پشتبەستنیان بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە. لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ئەوە تەنیا وڵاتانی ئەورووپا نین کە پێویستیان بە هاوردەکردنی وزەیان لە ڕووسیاوە زیاتر کردووە، دواتر دەبینین بەهای دراوی ڕووسیا (ڕۆبڵ) بە بەرزی ماوەتەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم شەڕە ئەوەی دەرخست کە چۆن ئابووری و بازرگانیی جیهان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە و بووەتە چەند زۆنێك، لە بری ئەوەی سیستمێکی جیهانگەرایی و بونیادێکی جیهانی وەك (ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی) بڕیاری لەبارەوە بدەن، مەبەستم ئەوەیە گۆڕانکارییەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە چەند زۆنێکی دەستڕۆیشتوو لە جیهاندا دروست بووە لە پەیوەندی بە پرسی وزە و دەستەبەرکردنی وزەوە، دواتر ڕاستە ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە دووچاری زیان بووەتەوە، بەڵام من ئەم زیانە لە بواری وزەدا بەدی ناکەم.

**ئەوە تەنیا وڵاتانی ئەورووپا نین کە پێویستیان بە هاوردەکردنی وزە هەبێت لە ڕووسیا، بەڵکو وڵاتانی گرنگ و گەورەی دیکەش هەن لەم ڕووەوە، بەتایبەتی چین و هیندستان**

# پەنجا ساڵ لە دوای یەکەم کۆنگرەی تایبەت بە ژینگە، پێویستە چی بکرێت؟



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئاشکرایە لای ژینگەدۆستان کە گەلانی جیهان لە ٥ی حوزەیرانی هەموو ساڵێکدا یادی ڕۆژی جیهانیی ژینگە دەکەنەوە، کە لە هەمان ڕێککەوتیشدا لە ساڵی ١٩٧٢ یەکەم کۆنگرەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی ژینگەوە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید بەسترا، کە یەکەم کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوو، ژینگە تەوەری سەرەکیی باسەکانی بێت و، دامەزراندنی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ ژینگە (یونیپ) یەکێك بوو لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە و، هەر ئەم بەرنامەیەش لەوساوە تا ئەمڕۆ بووە هەوێنی کاری ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهان. ئەمساڵیش لە ٢٠٢٢ دا جیهان تەماشای پەنجا ساڵەی ئەم کۆنگرەیە و ئەم بەرنامەیەی کرد، بۆ ئەوەی بزانێت چی کراوە؟ چی دیکەش پێویستە بکرێت؟

یادکردنەوەی ئەمساڵی ڕۆژی جیهانیی ژینگە بە دروشمی «جگە لەم زەوییە هیچی دیکەمان نییە» کرایەوە، ئەمەش هەمان ئەو دروشمە بوو کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر بە گوێی مرۆڤایەتیدا درا و، ئەم دروشمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تا چ ڕاددەیەك دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە و تاك توانیویانە بەرجەستەی بکەن لە یاسا و ڕێنمایی و سیاسەت و بەڕێوەبردن و ڕەفتاردا، بە مەبەستی بەسەربردنی ژیانێکی تەبا لەگەڵ سرووشت، بە شێوەیەکی ژینگەدۆستانە.

ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ٥٠ ساڵ، جیهان ڕووبەڕووی سێ کێشەی گەورە بووەتەوە، کە بەشی زۆریان هەر زادەی دەستی مرۆڤەکان خۆیانن، ئەوانەش بریتین لە گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا و، لەدەستدانی فرەجۆریی زیندەوەران و، بەردەوامبوونی هەڕەشەکانی سەر هەسارەکەمان، بە هۆی جۆرەکانی پیسبوونەوە.

بۆیە دروشمەکەی پێشی پەنجا ساڵ لەمەوبەریش بۆ ئەمساڵ (٢٠٢٢) لە هەموو کات زیاتر مانابەخشە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەرك بەو ڕاستییە بکات کە تا ئەم ساتەش جگە لەم هەسارەیە شوێنێکی دیکەمان بۆ ژیان نییە.

ڕۆژی جیهانیی ژینگە هەر وەکو سەکۆیەکی جیهانییە، لە هەمان کاتیشدا جێگەی هاندانی هەموانە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی ئەرێنیی و باش لەلایەن هەر یەك لەم چین و توێژانەوە:

کۆمەڵگە: بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەخۆداچوونەوە بکات لەو بەکاربردنە بێ پلانەی کە لە دەرامەتە سنووردارەکانی زەویدا دەیکات.

کۆمپانیاکان: بۆ ئەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی گونجاوتر لەگەڵ ژینگەدا پیادە بکەن بەرەو



ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام.

کشتیاران و جووتیاران: بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن بەرەو کشتوکاڵکردنی زیرەکانە بە بەکارهێنانی میکانیزمی نوێی سەردەمییانە.

پەروەردەکاران و چالاکانی ژینگەیی: بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی بەخشینی هزر و هۆشیاریی ژینگەپارێزی.

لاوان و گەنجان: بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی دۆستانەتر لەگەڵ ژینگە.

ناوداران و کەسانی ناسراوی هەر بوارێك: بۆ بەکارهێنانی ناو و ناوبانگیان لەکار و چالاکیی ژینگەدۆستانەدا.

حکومەت و دەوڵەتان: بۆ وەبەرهێنانی ژینگەیی و چاکسازیی زیاتر لە بواری ژینگەدا و، بەرزڕاگرتنی ئەم یادە بە ئەنجامدانی چالاکیی گونجاو، بۆ خستنەڕووی کێشە سەرەکییەکانی ژینگە لە هەر وڵات و شوێنێکدا.

لە کۆتاییدا گرنگە ئێمەش هەموومان پێکەوە ژینگە بکەینە باسی ڕۆژ و، هەر لەم ڕۆژەشدا بەڵێن دووپات بکەینەوە کە بەردەوام بین لە جێبەجێکردنی ئەرکە هەنووکەیی و درێژخایەنەکانماندا و، لە خستنەڕووی ئەو ئەرکانەش کە ڕوو لە هەر لایەکمان دەکەن، بۆ خێرا جێبەجێکردنیان، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم بۆنە جیهانییە گەیاندنی پەیامێکی گرنگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە تەنیا بە بوونی ئیرادەیەکی پتەو و ئارەزوویەکی ڕاستەقینە و هەوڵ و تێکۆشانێکی تەواوکارانەوە، دەتوانرێت ئامانجە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەدی بهێنرێن.



لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان پێکەوە بە ئارامی دەژین و، کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبیندرێت، لەمەشدا ڕۆڵی هەولێرییەکان و بەشێکی دانیشتووانی هەولێر و هەماهەنگییان لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆ بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری دیار و بەرچاوە، لەگەڵ ئەمەشدا فراوانبوونی شار و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان وای کردووە، لێرە و لەوێ حاڵەتی کوشتن و دزی و بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان و تاوانە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕوو بدات. هەر لەو بارەیەوە هۆگر عەزیز گەلالی وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لەم دیمانەیەدا وەڵامی پرسیارەکان گوڵان دەداتەوە.

## هۆگر عەزیز گەلالی

**وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر :**

# بە پاڵپشتیی خەڵک زۆربەی هەرە زۆری تاوانبارەکانمان ڕووبەڕووی دادگا کردووەتەوە

**● کوشتن و تاوانی دزین دیاردە نییە و تەنیا حاڵەتە و زۆربەی تۆمەتبارانمان دەستگیر کردووە**

سەبارەت بە ئارامی و سەقامگیریی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بوونی حاڵەتی کوشتن و دزین، وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر (هۆگر عەزیز گەلالی)، ئاماژە بەوە دەکات کە «هەولێر و پارێزگاکە ڕووبەرێکی زۆر فراوانە و ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان لەخۆ دەگرێت، کە ڕۆژانە ژمارەی دانیشتووانەکەی دوو ملیۆن و نیوە و بە شەو دوو ملیۆن کەسە و، لە شار و ناوچەکانی دەوروبەریشەوە خەڵکی بۆ کاروکاسبی و ڕوو لە هەولێر دەکەن. ڕاستە لەم قەرەباڵغی و جەنجاڵییەدا کە ٢٤ کاتژمێر لە شارەکە و پارێزگاکە جووڵەی هاتوچۆی هەیە، حاڵەتی تاوان و کوشتن ڕوو دەدات، بەڵام هەرگیز ئەم کوشتن و دزییانە نەبوونەتە دیاردەیەکی مەترسیدار، ڕەنگە سۆشیال میدیا و کەناڵەکانی

دیکەی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان لە گواستنەوە و زۆرجار گەورەکردنی تاوانەکاندا هەبێت و، خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێ بکەن، بۆ نموونە بە درێژایی ساڵی ڕابردوو ٧٨ حاڵەتی کوشتن هەبووە، کە بۆ شارێکی گەورەی وەکو هەولێر ژمارەیەکی زۆر نییە، بەتایبەتی کە زۆربەی کەیسەکانی ئەم تاوانە بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەگەڕێتەوە». گوتیشی: «لە سەرجەم ئەم تاوانانەی کوشتن توانیومانە ٧٥ حاڵەتی ئاشکرا بکەین و ڕووبەڕووی دادگامان کردووەتەوە و لە ٩٠٪ی کێشەکانیش ڕووی لە چارەسەر کردووە، دزیکردن و ساختەکاری و فێڵکردن وەکو دیاردە نییە، بەڵکو حاڵەتە، ئەمە لە سەرجەم شارە گەورەکانی دنیا بنبڕ نەکراوە، حاڵەتی دزینی گەورە زۆر بە دەگمەن لە هەولێر ڕوودەدات، ئەوەی هەیە بریتییە لە دزینی ماتۆرسکیل و جانتای پارەی ئافرەتان و بوتڵە غاز و مۆبایل و کەلوپەلی دیکەی بچووکی ناوماڵ».

● **زۆربەی دزەکان هەڵگر و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن**

سەبارەت بە هەوڵەکانی دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیس بۆ ڕێگری و کەمکردنەوەی حاڵەتەکان وتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: «دەزگاکانی ئەمنی و پۆلیس لە پارێزگای هەولێر بە پاڵپشتی خەڵکی، تا ڕادەیەکی باش کۆنترۆڵی ئەنجامدانی تاوانەکانیان کردووە، دیاردەی چەکهەڵگرتنمان لە شوێنە گشتییەکاندا کەم کردووەتەوە، ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکمان بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ زۆر توند کردووە، خۆ ئەگەر سەرنجێك بدەینە حاڵەتەکانی دزین، ئەوا چەندین تۆمەتبارمان دەستگیر کردووە و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بۆمان دەرکەوتووە کە زۆربەی تۆمەتباران هەڵگر و بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکانن، لەم ڕووەوە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ٢٠٢٢/٦/١ واتا لە ماوەی ٦ مانگ ١٨٨٠ تۆمەتبار دەستگیر کراون.

● **کامێرەکانی چاودێری سوودی زۆری بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکان هەبووە**

کامێرەکانی چاودێری بەردەوام چاودێریی و بەدواداچوونی چڕی لەسەر دەکرێت، هۆگر عەزیز گەلاڵی وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لەمبارەیەوە گوتی: «کامێرەکانی چاودێری ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان هەبووە لەسەر دەرخستنی ڕاستییەکان و بەدواداچوونی ڕووداوەکان و ئاشکراکردنی تۆمەتباران، کارکردن لەسەر کامێرەکانی چاودێریی هەولێر مەرکەزییە و لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کامێرەکانی ماڵان و دووکان و خەڵکیش سوودێکی گەورەیان بۆ ئاشکراکردنی ڕووداوەکان هەبووە و، دەبێت یەکێك لە کامێرەکانیان ڕووە و دیوی شەقامەکان بێت، تاوەکو دەزگا ئەمنییەکان سوودیان لێ وەربگرێت».

● **بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووەتە دیاردە**

بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان مەترسی و کارەساتێکی گەورەیە هاتووەتە ناو میللەتی کورد، لەم ڕووەوە وتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: «زۆربەی حاڵەتەکانی دزین و تاوان و کێشەی کۆمەڵایەتی، بۆ ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان دەگەڕێتەوە، ئێمە بەردەوام ئەو جۆرە کەسانەی ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن، دەگرین و ڕووبەڕووی دادگایان دەکەینەوە، هەرچی بازرگان و فرۆشیاری ئەم ماددە ژەهراوییەشە ئیجرائاتی زۆر توندیان لەگەڵ دەکەین، چونکە ئەو کەسانە تۆمەتباری گەورە و نێودەڵەتین و ئەم ماددەیە لە دەرەوەی سنوورەکان دەهێنن، ڕاستە بنبڕکردنی ئەم دیاردە مەترسیدارە جیهانییە کات و ماوەی زۆری دەوێت، بەتایبەتی ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئایینی و خێزان لە بنبڕکردنی بەکارهێنانی ئەم ماددە ژەهراوییە زۆر گرنگ و کاریگەرە. هەرێمی کوردستان و عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر دوور بوون لە ماددەی هۆشبەر، جێگای داخە ئێستا بووەتە دیاردە و بنبڕکردنی ماوە و کاتێکی زۆری دەوێت، سەرەتا دەبێت سەنتەرێك، یان نەخۆشخانەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەوانەی ئەم ماددەیە بەکار دەهێنن، دابمەزرێت و هۆشیار بکرێنەوە و بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە. بە خۆشحاڵییەوە تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك لە سنووری پارێزگای هەولێر چاندن و دروستکردنی ماددەی هۆشبەر نییە، بەڵکو لە دەرەوەی سنوورەکان دەهێنرێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە».

**ساڵی ڕابردوو ٧٨ حاڵەتی کوشتن هەبووە و زۆربەی کەیسەکانی ئەم تاوانە بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەگەڕێتەوە**

**چەندین تۆمەتبارمان دەستگیر کردووە و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بۆمان دەرکەوتووە کە زۆربەی تۆمەتباران هەڵگر و بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکانن**

**لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ٢٠٢٢/٦/١ واتا لە ماوەی ٦ مانگ ١٨٨٠ تۆمەتبار دەستگیر کراون**

**هەرێمی کوردستان و عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر دوور بوون لە ماددەی هۆشبەر، جێگای داخە ئێستا بووەتە دیاردە و بنبڕکردنی ماوە و کاتێکی زۆری دەوێت**




حوسێن یەزدانپەنا سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان:

# ژنان لە هەرێمی کوردستان زۆر کەم کەڵکیان لەو ماف و ئازادییە یاساییانە وەرگرتووە کە بۆیان دانراوە

**دەسەڵات و بەرهەڵستکاران لە هەر بەشێکی کوردستاندا ڕوانگەی تایبەت بە خۆیان بۆ پرسی ئافرەت و ماف و پێگە و پایەیان هەیە. بەڵام ئایا لە ژینگەی سیاسیدا ئافرەتی کورد توانیویەتی ئەسپی خۆی تاو بدات؟ ئافرەت چ سەنگێکی لە پلە و پایەی سیاسی و سەربازیدا هەیە؟ ئایا ئافرەتانی پێشمەرگە تا چەند شکۆیان ڕاگیراوە و تا چ ئاستێك توانیویانە بۆ دەستەبەری خواستەکانی خۆیان و گەلەکەیان تێبکۆشن؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری هاوشێوە ناوەڕۆکی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان بوون، کە ئاراستەی حوسێن یەزدانپەنا سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان (PAK) کرا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** کە باسی ئافرەتان دەکرێت، زیاتر باس لە پێشێلکردنی مافەکانیان و چەوسانەوەیان لەناو کۆمەڵگە دەکرێت، بەڵام زۆر جاریش دەبینین ئافرەتانی پێشمەرگە هاوشانی برا پێشمەرگەکانیان قارەمانانە لە شەڕەکان بەشدارن، ئایا ئەو ژینگە سیاسییە کامەیە کە ئافرەت دەکاتە قارەمان؟ ئەو ژینگە سیاسییەش کامەیە کە ئافرەت دەکاتە کۆیلە و بندەست؟**

- مرۆڤ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بابەتێکی چەقبەستوو و بێ جووڵە نین کە هەمیشە لە یەك بارودۆخدا بمێننەوە. بەڵکو هەم مرۆڤ وەك خۆی بەردەوام لە گۆڕاندایە و هەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی. چەوساندنەوەی ژن هەیە و ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام لە هێندێك کۆمەڵگەی وەك کوردستاندا، ڕۆژگارانێکیش هەبوون کە ژن تێیدا سەروەر و سەرداری خۆی و خێزان بووە. تەنانەت سەرکردەی گۆڕەپانی جەنگ بووە. بە شێوەیەکی گشتیی کۆمەڵگەی کوردەواری و کەلتووره ڕەسەنەکەی، کۆمەڵگەیەکی دژی ژن نەبووە و نییە. لە کۆنەوە ژن و پیاو لەم کۆمەڵگەیەدا، شان بە شانی یەك پڕۆسەی ژیان و بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی خێزان و پەروەردەی منداڵیان، لە دابەشکردنێکی ڕۆڵدا، پێکەوە بەڕێوەیان بردووە. بەڵام کاتێ پای ئایدیۆلۆژیای بێگانە و خوێندنەوەی دەرەوەی ڕەسەنایەتیی کەلتوور و کۆمەڵگەکە دێتە گۆڕێ، کێشەکان سەرهەڵدەدەن. بەم پێیە لە ناو پارادایمی ناسیۆنالیزم و ژینگەی سیاسیی خەبات بۆ گەیشتن بە سەروەریی سیاسیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، ژن مرۆڤێکی خاوەن ڕۆڵ و یەکسانە لە گەڵ پیاو، کە دەبێ پێکەوە ئەو ئامانجە وەدیی بێنن و بیپارێزن. لەم ژینگەیەدا ژن هەم مرۆڤە وەك پیاو، هەم دایکە و سەرچاوەی پەروەردە و هەم پێشمەرگە و هەم هەڤاڵ و پاڵپشتی پێشمەرگەیە بۆ بەها بەرزەکان. ئێوە چاو لە ڕیزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان بکەن، تێدەگەن کە چۆن لەم ژینگەیەدا ژن دووره لە تێڕوانینی کالایی و پلە نزمیی. لەم ژینگەیەدا ژن هیچ ماف و دەسەڵات و دەورێکی کەمتر لە پیاو نییە. لە ژینگەیەکی ئەوتۆدا ژن بووەتە خاوەن هێز و لەشکری تایبەت بە خۆی.

> **چەوساندنەوەی ژن هەیە و ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام لە هێندێک کۆمەڵگەی وەک کوردستاندا، ڕۆژگارانێکیش هەبوون کە ژن تێیدا سەروەر و سەرداری خۆی و خێزان بووە. تەنانەت سەرکردەی گۆڕەپانی جەنگ بووە**

*** بەپێی هەندێك توێژینەوەی سیاسی و ڕاپرسی کە لەسەر ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کوردستان کراوە، بەشێکی زۆری ئاماژە بەوە دەکەن کە ژینگەی ڕەسەنی کۆمەڵاتیی کوردستان هەرگیز ڕێگەی لە ئازادیی ئافرەتان نەگرتووە، بەڵکو ئەوەی ئێستا لە ناو ژینگەی کۆمەڵایەتیی کوردستان بوونی هەیە و مافەکانی ئافرەت پێشێل دەکرێت، کەلتووری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانە و تێکەڵاوی ژینگەی ئێمە بووە. ئایا تا چەند خەبات بۆ پاککردنەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتیی کوردستان لە کەلتووری بێگانە بۆ ئافرەتانی کوردستان گرنگە؟**

- لە وەڵامی پرسیاری پێشووتاندا، ئاماژەیەکم بەم بابەتە داوە. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بۆ مانەوەی خۆیان و بۆ ڕێگری لە گەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی و قەوارەی دەوڵەت، بە یاساکانیان، بە سیاسەتەکانیان، بە میدیاکانیان، بە ئاشکرا، یان بە پیلانی نهێنیی، هەوڵ دەدەن کۆمەڵگەی کوردەواری لە بەها بەرزەکان دابماڵن و وەك خۆیانی لێ بکەن. یەکێ لەو ڕەهەندانەی ئەون شێلگیرانە کاری تێدا دەکەن، ئەو بەستێنەیە. ئەوان تێدەکۆشن ژنی کورد لە شکۆ دابماڵدرێت. هەوڵ دەدەن ئەو پێوەندییە ئەرێنییەی تا ئێستا لە نێوان ژنی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەبووە، هەڵیگێڕنەوە. ئەوان کار دەکەن بۆ ئەوەی بە چەشنی کۆمەڵگەکانی خۆیان ژن تا ئاستی کاڵایەك دابەزێت. ئەوان دەیانەوێ ژن و پیاوی کورد کە لە بناغەڕا

> **لە ناو پارادایمی ناسیۆنالیزم و ژینگەی سیاسیی خەبات بۆ گەیشتن بە سەروەریی سیاسیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، ژن مرۆڤێکی خاوەن ڕۆڵ و یەکسانە لە گەڵ پیاو، کە دەبێ پێکەوە ئەو ئامانجە وەدیی بێنن و بیپارێزن**

تەواکەری یەکترن و بە هەر دوو لا کۆمەڵگە و خێزان دروست دەکەن، بیانکەنە دوژمنی یەکتر و لە بەرانبەر یەکدا ڕایانبگرن.

پاراستنی کەلتووری چاك و ڕەسەنی کوردەواری و گەشەپێدان و وەرگرتنی شتی چاك و بەکەڵکی نوێ تەنیا باری فیزیکیی نییە. بەڵکوو پتر لەوە باری مەعنەوی و نەرم و پەروەردەیی هەیە. بۆ ئەوە دەبێ بیر و فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێندرێت و منداڵان و لاوانی کوردستانی پێ پەروردە بکرێت. بەردەوام پێویستە کوردەواریی بەها بەرزەکانی تێدا بەرهەم بهێندرێتەوە. هاوکات، پێویستە ڕێگری لەو کەس و گرووپانە بکرێت کە وەك ڤایرۆسێکی تێکدەر دەنێردرێن و دەخزێندرێنە ناو کۆمەڵگەوە.

*** ئەگەر سەیری ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو بکەین، دەبینین لەو ماوەیەدا چەندین یاسای گرنگ دەرچوون و کۆمەڵێك یاسای دیکەش هەموار کراونەتەوە کە لە بەرژەوەندیی مافی ئافرەتان بووە. ئێوە وەك کوردستانییەك چۆن سەیری ئەم بایەخدانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مافی ئافرەتان دەکەن؟**

- یاساکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی ژن، یاسای پێشکەوتوون و بە قازانجی ژنانی کوردستانە. بەڵام بۆ ڕەچاوکردنی یاساکان، تاك و خێزان و کۆمەڵگەش خۆیان دەبێ ڕۆڵ بگێڕن. ڕێزگرتن لە ژن و پێگەی ژن و ماف و ئازادییەکانی دەبێ بەها و کەلتوورێکی بە نرخی گشتیی بێت و، هەر کەس لای خۆیەوە پارێزەری بێت. هەروەها لە قوتابخانەی بنەڕەتی هەتا دواناوەندی بەشێك لە ماترِیاڵی خوێندن و پەروەردەی فەرمی بێت. هاوکات حکومەت و دەزگای دادوەریی پێویستە سزای توندی ئەو کەسانە بدات کە دژی ژن توندوتیژی بەکار دێنن و ئەو مافانە پێشێل دەکەن و دەستیان بە خوێنی ژنان سوور دەبێت.

*** بەشی زۆری سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەداران لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکن کە بوونی ئافرەت لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئاشتی و سەرکەوتنی نەتەوە، ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاستە، بۆچی سیاسەتمەداران کەمتر بە کردەیی بوار بە خانمان دەدەن بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکەن؟**

- بێگومان کۆمەڵگە و دەوڵەت و سیستەمێك کە ڕێژەیەکی بەرزتری ژن تێیدا ڕۆڵ بگێڕێت، ساغ و سەلامەتترە. هەروەها پاڵپشتییەکی گەورەشە بۆ پیاو. لەم بابەتەدا ئەوەندەی بۆ پیاوان دەگەڕێتەوە پێویستی بە کاتی زیاترە. ئێستا لە چاو پێشوو پێشکەوتنی زیاتر ڕووی داوە و ڕۆڵی ژن لە ژیانی سیاسی و پەروەردە و کارگێڕیدا زیاتر بووە. من هەر چەند خۆم بە سیاسەتمەدار نازانم، بەڵام وەك خۆم لەبەر ئەوەی لە خێزانەکەمدا هاندەری هاوسەر و کچەکانم بۆ بەشداریی لە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیان و پاڵپشتییان دەکەم و لە پارتی ئازادیی کوردستانیشدا، دەرفەتێکی کراوەم بۆ بەشداری و ڕۆڵگێڕانی کچان و ژنان خوڵقاندووە و، ژنان و کچان لە ڕیزەکانیدا خاوەن پێگە و هێز و ڕۆڵی گەورەن، ناتوانم لەوە بگەم کە بۆچی ئەو دەستەیەی بەڕێزتان ئاماژەتان پێ کرد، ڕێگری لەو ڕۆڵە بکەن، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە کە بریتییە لە کەمتەرخەمیی ژنان خۆیان. من لەو باوەڕەدام ژنان لە هەرێمی کوردستان، زۆر کەم کەڵکیان لەو ماف و ئازادییە یاساییانە وەرگرتووە کە بۆیان دانراوە. ئێوە چاوێك لە بازاڕەکانی ئاڵتوون فرۆشی و کتێب فرۆشییەکان بکەن. ژنان لە کامیان زیاتر دەبیندرێن؟ سەرێك بە ماڵەکاندا بخشێنن، ئایا لە چەند ماڵدا لە تەنیشت مەتبەخەکەدا، کتێبخانەش هەیە؟ بۆیە ژنان ئەگەر گەرەکیان بێت مافەکانیان پارێزراو بێت و ڕۆڵی یەکسان لە گشت گۆڕەپانەکاندا بگێڕن، دەبێ خۆیان بەهێز بکەن و ئەرك هەڵگرن.

*** ئێوە وەك تێکۆشەرێك کە بوونە پێشمەرگە، حەتمەن هۆکارەکەی ئەوەیە کە زوڵم و چەوسانەوەتان پێ قبووڵ ناکرێت، ئەگەر زوڵم و چەوسانەوە ئەوەندە سەخت بێت، بۆچی زوڵم و چەوسانەوەی ئافرەتان لەناو کۆمەڵگە قبووڵ دەکەن؟**

- من لە هەر کوێ بووبم کە دەسەڵات و بەرپرسایەتیم هەبووبێت، یان نەبووبێت، هەرگیز لە ئاست زوڵم و ستەم، بێدەنگیم نەکردووە و هەڵوێستم هەبووە. جا ئەگەر دەسەڵات و بەرپرسایەرەتیم هەبووبیت ئەوە توانیومە هەنگاوێك بنێم و ئەگەر دەسەڵاتم نەبووبێت، هەر دەنگم هەڵبڕیوە. ئەگەر دوور لە خاکەڕایی نەبێت، دەمەوێ ئەو ڕاستییەتان بۆ ئاشکرا بکەم، کە من هەوڵێکی زۆرم دا و ماندووبوونێکی زۆرم کێشا بۆ ئەوەی بتوانم لەشکرێك بۆ ژنانی نیشتمانەکەم بنیات بنێم و بیخەمە سەر پێ کە بتوانن بە هێزەوە هەم ڕزگاریی خاك و ئەستاندنی سەروەری و گەیشتن بە دەوڵەت و سەربەخۆیی کوردستان خەبات بکەن، هەم بۆ لەنگرگرتن لە پێگەی شیاوی خۆیان و پاراستن و وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانیان تێبکۆشن. ئەو لەشکرە تیپی تەوارەکانی ئازادیی کوردستان (TAK) هیچ نموونەیەکی پێشووی نەبووە و لەشکرێکە کە فەرماندەیی و هەموو کاروبارەکانی هەر بە خۆیان بەڕێوەی دەبەن و لە هێندێ بەستێنیشدا، پیاوان لە بەر فەرمانی ئەو لەشکرەدان.

**یاساکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی ژن، یاسای پێشکەوتوون و بە قازانجی ژنانی کوردستانە. بەڵام بۆ ڕەچاوکردنی یاساکان، تاك و خێزان و کۆمەڵگەش خۆیان دەبێ ڕۆڵ بگێڕن**

**ڕێزگرتن لە ژن و پێگەی ژن و ماف و ئازادییەکانی دەبێ بەها و کەلتوورێکی بە نرخی گشتیی بێت و، هەر کەس لای خۆیەوە پارێزەری بێت. هەروەها لە قوتابخانەی بنەڕەتی هەتا دواناوەندی بەشێك لە ماترِیاڵی خوێندن و پەروەردەی فەرمی بێت**

**بێگومان کۆمەڵگە و دەوڵەت و سیستەمێك کە ڕێژەیەکی بەرزتری ژن تێیدا ڕۆڵ بگێڕێت، ساغ و سەلامەتترە. هەروەها پاڵپشتییەکی گەورەشە بۆ پیاو**



سۆفیا ئەمجەد:

# دڵخۆشم بەوەی کە ئەوەندەی لە تەمەنم بە ناخۆشی ڕۆیشت ئەمرۆ خوای گەورە بە زیادەوە بۆی قەرەبوو کردوومەوە

**سۆفیا ئەمجەد خانمێکی تەمەن ٣٨ ساڵەی دانیشتووی قەزای کۆیەیە، وەك خۆی باسی دەکات بەهۆی ژن بوونیەوە باجی زۆری بە ژیان داوە و ئەوانەش کە ناهەقیان دەرهەق کردووە کەسە نزیکەکانی خۆی بوون، سۆفیا بەمجۆرە و راشکاوانە سەربردەی ژیانی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەگێڕێتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

من کچی گچکەی ماڵ بووم سێ خوشکی لە خۆم گەورەترم هەیە، لەگەڵ دوو برا کە ئەوانیش لە من گەورەترن، هەموو خوشك و براکانم بە دەست و قەراری دایك و بابم پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجامدا و هەر یەك لە ماڵ و حاڵی خۆی ژیانێکی خۆشیان هەبوو، من ئەو کاتە تەمەنم ٢٣ ساڵ بوو، دایك و باوکم بەهۆی تەمەنیانەوە هەمیشە نەخۆش بوون، زۆری نەبرد دایکم کۆچی دوایی کرد و مرد، من و بابمماینەوە تەواوی خوشك و براکانم لە ژیانکردنی خۆیان بەردەوام بوون، من بە تەنیا بەڕێوەبردن و بەرپرسیارێتی ماڵم لەسەر شان بوو، دوای ماوەیەك بابم لە پێ کەوت، وای لێهات تەنانەت نەیدەتوانی بچێتە سەر ئاو، هەر خۆم بە تەنیا خزمەتیم کرد، دەمبردە حەمام و دەمشووشت، ریشیم دەتاشی، هیچ کام لە خوشك و براکانم دەستباریان لەگەڵ نەگرتم و تاکە شەوێك لەگەڵم نەمانەوە، ئەو کاتانە داواکاریشم هەبوو بەڵام ئەوەی بیرم لێ نەدەکردەوە زەواج کردن بوو، چونکە بابم بوو وەکو منداڵی ساوای لێهاتبوو، ئەگەر نانم پێنەدابا هۆشی ئەوەی نەمابوو داواشی بکات، هەمیشە پێی دەگوتم ئەوەندەی من لێت رازیم خوا و پێغەمبەر لێت رازی بن، دوای ساڵانێك بابیشم مرد، ئەو کات تەمەنم ٣٠ ساڵ بوو، بابم پێش ئەوەی بمرێ وەسیەتی ئەوەی کرد کە تا من لەسەر ماڵ بم کەس دەست لە خانووەکەمان نەدات، بەڵام هەر دوای پرسە یەکێك لە خوشکەکانم بە مەکر و فێڵ منی بردە لای خۆی و پێیان گوتم رێگە نادەین کچێکی جوان و جاحێڵ بە تەنیا لە ناو خانوویەك بمێنێتەوە، دوای ماوەیەك خانووەکەیان فرۆشت و کردیانە مێوژی سەر بوکێ و هەموویان دابەش کرد، کاتێکیش داواکاریم دەهات برایەك دەیگوت من حەقم نییە و دوایی خراپ بێ خەتای من دەگرن، خوشکێکم دەیگوت ئێمە زۆر خۆشیمان لە ماڵ و مێرد دیتییە بۆ خۆت ئاوا دابنیشە و جلك و بەرگی جوان لەبەر بکە، بە کورتی کەس خۆی لێ بە ساحێب نەدەکردم، بەڵام من حەزم دەکرد رۆژێك زووتر بچمە رێی خۆم و تا تەمەنم بەبەریەوە ماوە دوو منداڵم ببێت، لەلایەکی دیکە نەمدەویست چیتر لە ژێر رەحمەت و بەزەیی زاوا و خوشك و برا و براژن بمێنمەوە، تەمەنم ٣٣ ساڵ بوو داواکارییەکم هات دیسان نیازی رەتکردنەوەیان هەبوو بۆ ئەوەی خزمەتی ئەم و ئەو بکەم، ئەوان هەمیشە بە بیانووی ئەوەی کە من منداڵم نییە لەو ماڵ و ئەو ماڵ کاری ماڵ پاککردنەوەیان پێدەکردم، بەڵام دواجار بڕیاری خۆمدا و ژیانی هاوبەشم پێکهێنا، ئێستا کە دەبینن ژیانێکی خۆشم هەیە و بە بڕوانامەی ئامادەیی کارێکم دەستکەوتووە، خوشکەکانم داوای بەشە میراتم لێدەکەن و دەڵێن ماڵی بابم هەمووی تۆ خواردووتە، تەنانەت ئیرەییم پێ دەبەن، سوپاس بۆ خوا ئێستا زۆر دڵخۆشم بەوەی کە ئەوەندەی لە تەمەنم رۆیشت بە ناخۆشی ئەمڕۆ خوای گەورە بە زیادەوە بۆی قەرەبوو کردوومەوە.

**بابم هەمیشە پێی دەگوتم ئەوەندەی من لێت رازیم خوا و پێغەمبەر لێت رازی بن، دوای ساڵانێک بابیشم مرد، ئەو کات تەمەنم ٣٠ ساڵ بوو**

**حەزم دەکرد رۆژێک زووتر بچمە رێی خۆم و تا تەمەنم بەبەریەوە ماوە دوو منداڵم ببێت، لەلایەکی دیکە نەمدەویست چیتر لە ژێر رەحمەت و بەزەیی زاوا و خوشک و برا و براژن بمێنمەوە**

# هەڵسەنگاندنێک بۆ یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن

**لە هەرێمی کوردستان یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٨، دەرچووە و لە ئێستادا ئەم یاسایە بەرکارە و سەرپێچیکارانی ئەم یاسایە تووشی سزای توندی یاسایی دەکاتەوە. ئەم یاسایە چۆنیەتیی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕێك دەخات و سزای بۆ خراپ بەکارهێنەرانی دیاری کردووە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە گرنگە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



شەنگە هاوار کاکەیی:

**زۆر پێویستە دەست بە هەموارکردنی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بکەین**



شاد ڕزگار:

**خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا هۆکارێکە لە هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان**

شەنگە هاوار کاکەیی، یاساناسە و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە چەمکی توندوتیژی و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و کەمکردنەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، یاسای ژمارە شەشی ساڵی ٢٠٠٨ ی دەرکردووە، کە لە هەشت مادده پێکهاتووە. ئەم یاسایە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن و لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕێکارە یاساییەکانی بەرکارە، بەڵام سەرباری بوونی ئەم یاسایە، ڕێژەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لە هەڵکشاندایە و کێرڤی توندوتیژییە ئەلیکترۆنییەکان ڕوو لە زیادبوونە، بەر مەبنای ئەو ڕاستییەی سکاڵاکان لە حاڵەتەوە بوونەتە دیاردە. هاوکات دەڵێت: «ئەم هەڕەشانە کەسی نەپاراستووە و کار گەیشتووەتە ئاستی هەڕەشەکردن لە کەسایەتییە دیارەکانی کۆمەڵگەکەمان لە چین و توێژە جیاوازەکان، بۆ نموونە مامۆستایانی زانکۆ، پزیشکان، ئەندازیاران، فەرمانبەران و بەرپرسانی حزبی و ئیداری و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کۆمەڵگە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و تەنانەت هاووڵاتی سڤیلی ئاسایی» گوتیشی: «بە هۆی تەشەنەکردنی نائارامی لە کۆمەڵگەکەمان کە دەبینین ڕۆژانە بنکەکانی پۆلیس جمەیان دێت لە تۆمارکردنی ئەو جۆرە سکاڵایانە و بەپێی بەدواداچوونەکان بەشکێك لەو تاوانانە ئەسڵەن ناگاتە بنکەکانی پۆلیس، بەتایبەت ئەگەر تاوانلێکراو قوربانیی بنەماڵەیەکی موحافیزەکار بێت، ئەوا کەیسەکە بەتایبەت ئەگەر کەیسی ئافرەت بێت، بە «تەعتیم»کردن دەمێنێتەوە. بە هۆی نەشکاندنی ئەو بێدەنگییە لە بوونی هەڕەشەیەکی ئەلیکترۆنیی نادیار، دەرنجام دروستبوونی فشارێکی دەروونی لێ دەکەوێتەوە کە مخابن زۆر جار ئافرەتەکە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە».

ئەو یاساناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بە هۆی ئەو ئاساوارە خراپانەی کە لە هەڕەشەی ئەلیکترۆنی بەدی دەکرێن، پێویستە بە چاوپێداخشاندن بە بڕگە و بابەتەکانی ئەو یاسایە بەتایبەت ماددەی دوو کە تیایدا هاتووە: ((سزا دەدرێت بە زیندانیکردنی ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لەش مانگ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ، بە بژاردن کەمتر نەبێت لە یەك ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێك لەم دوو سزایە سزا دەدرێت.)) پێویستە سەرنجمان لەسەر ماددەی دووەم بێت، چونکە ئەم بڕگەیە تایبەتە بە سزادانی تۆمەتبار بە ڕاستەوخۆ، وەکو دیارە شەقی جەزائیی ڕاستەوخۆ ئاراستەی تاوانبارە، بەڵام شەش مانگ زۆر کەمە و بژاردنەکەش واتا غەرامەکە زۆر قورس نییە. چونکە لە گەڕانەوەی لە دادگای تەنفیز، تاوانبار لەو پێنج ملیۆنەی کە بەسەریدا دەسەپێندرێت، بە چەند جار جێبەجێ دەبێت و مانگانە بە پەنجا شەست هەزار دینارێك لە تاوانەکەی ڕزگاری دەبێت». هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لەم حاڵەتەدا پێم وایە یاسا لێبوردەیە لە ئاست ئەو تاوانە، بۆیە لێرەوە دەبێت ئەو یاسایە وەلاوە بنێین و هەرچی زووە دەست بکرێت بە هەموارکردنی ئەو بڕگە یاسایە لە پێناو گەڕانەوەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و لە پێناو مامەڵەکردنێکی ئینسانی و پوخت و سەلیم لە ڕێگای تەلی ئەلیکترۆنی لە کۆمەڵگەکەمان کە دەرنجام ئامانج تیایدا هاتنەکایەی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرنە، بۆیە زۆر پێویستە دەست بە هەموارکردنی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئەلیکترۆنی بکەین».

پارێزەر شاد ڕزگار، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیهانیان بەرەو قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتن بردووە و




گۆڕانکاریی گەورەیان دروست کردووە و بە خێرایییەکی زۆر گەشەیان کردووە، ئەم خێراییە زۆرەش وای کردووە زیانی زۆرتر بێت، لە لایەنە ئەرێنییەکانی کە لە ئێستادا زۆربەی ژیانی تاکی کۆمەڵگەی کوردی داگیر کردووە، هەر لەوەی کە بە بێ سانسۆر و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خراوەتە بەردەم بەکارهێنەران و هیچ سانسۆرێك و چاودێرێکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەپ و بەرنامەکانی ناو سۆشیال میدیا نییە کە چەندین بەرنامە و ڕووم بۆ کاتکوشتن و یەکترناسینی بێ بنەما دروست کراون. بە ئاشکرا کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو ئاکارە خراپەی خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا هەستی پێ دەکرێت و بەداخەوە زۆربەی زیانێکەوتوان زۆر جار ئافرەتان و ڕەگەزی مێینە بوون، بەداخیشەوە ئەوانەی زیان بە ئافرەتان دەگەیەنن، مەرج نییە هەموو جارێك لە ڕەگەزی نێر، یان پیاو بن، بەڵکو زۆر جار لە ڕێگەی خودی ئافرەتانیشەوە زیان بە ئافرەتی دی گەیشتووە.»

پارێزەر شاد ڕزگار ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە «خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا هۆکارێکە لە هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان» و هاوکات دەڵێت: «یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرکانی پەیوەندی، وەك چارەسەرێك دانراوە بۆ کێشەی خراپ بەکارهێنەرانی ئەو ئامێرانە و ئەم یاسایە (ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨) یەکێکە لە یاسا هەرە باشەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام زۆر جار یاساکان بەردەستن، کەچی میکانیزمی جێبەجێکردنی کێشەی تێدیە و وەك خۆی جێبەجێ ناکرێت، ئەم یاسایەش وەك هەموو یاسایەك کەموکووڕی تێدایە و دەکرێت لەگەڵ سەردەم و کات و هەلومەرجدا گۆڕانکاری تیا بکرێت و هەموار بکرێتەوە.

پارێزەر تاڤان حەکیم، ڕای وایە: «لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت لە جیهاندا، کۆمەڵگەی کوردستانیش بێبەش نەبووە لەم خزمەتە مرۆییە و لەگەڵ ئەوەی چەندین سوودی گەیاندووە بە مرۆڤایەتی، بەڵام لە زیانەکانیش بێبەش نەبووە، دواتر بۆ ڕێگەگرتن لە زیانەکان و کەمکردنەوەی توندوتیژی و تاوانەکانی تەکنەلۆژیا لە هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان هەستاوە بە دەرکردنی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨ کە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانە بۆ سنووردارکردنی تاوانەکانی ئەنتەرنێت». هاوکات دەڵێت: «بە بڕوای من یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تۆکمەیە و تا ڕادەیەك توانیویەتی توندوتیژیەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام پێم وایە پێویستە دادگاکان و دادوەرانی بەڕێز قورسترین سزای تۆمەتبار بدەن، تا بتوانن بە تەواوی تاوانەکانی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بنبڕ بکەن، یان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم ببێتەوە».

سەبارەت بە یاساکەش گوتی: «یاسایەکی زۆر باش و لەجێی خۆیدا بووە بۆ کۆمەڵگەی کوردی و چەندین سوودی گەیاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی زۆر هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە یاساکە نییە و بێئاگان لە ڕەفتارە تاوانکارییەکان و سزاکانی، بۆیە پێویست دەکات لە ڕێی سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەکان و میدیاکانەوە هۆشیاریی زیاتر بڵاو بکرێتەوە لە ناو گەنجاندا بەتایبەت کە بەکارهێنەری یەکەمی ئەنتەرنێتن».



تاڤان حەکیم:
**خەڵکانێکی زۆر زانیاریان سەبارەت بە یاساکە نییە و بێئاگان لە ڕەفتارە تاوانکارییەکان و سزاکانی، بۆیە پێویست دەکات هۆشیاریی زیاتر بڵاو بکرێتەوە**



# محەمەد ئەربیللی

## سێ چارەکە سەدە خزمەتی هونەر و میوزیکی کرد

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا باری تەندرووستیی هونەرمەند گەورەو مەقامبێژ محەمەد ئەحمەد ئەربیللی تێکچوو و ڕەوانەی یەك لە نەخۆشخانەكانی شاری هەولێر كرا،دوای مانەوەی چەند ڕۆژێك لەژێر چاودێری پزیشكان، بەڵام دواجار محەمەد ئەحمەد ئەربیللی سەرلەبەیانی دووشەممە ڕێكەوتی ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان كرد .**

محەممەد ئەحمەد ئەربیللی (محەممەد ئەحمەد شێخ فەتحی) هونەرمەندی مەقامبێژ و دەنگبێژێکی کوردستانە. لە ١٩٣٣/٧/١ لە گەڕەکی سەعدوناوەی شاری هەولێر لەدایک بووە، باوکی ئەحمەد شێخ فەتحی لە ساڵی ١٨٩٨ لە گوندی باوەکراوەی ناوچەی باڵەکایەتی ڕوودەکاتە هەولێر و نیشتەجێ دەبێت تاوەکو کۆچی دوایی دەکات لە ١٩٧٢.

لە ساڵی ١٩٤٤ دەچێتە بەرخوێندن لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا تاوەکوو ساڵی ١٩٤٩لەخوێندن بەردەوام دەبێت دواتر ناچاردەبێت دەست لەخوێندن هەڵبگرێت، بەهۆی دەنگ خۆشیەوە دەبێتە جێگای سەرنجی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکەی، لە تەمەنی زۆرمنداڵیەوە بەشداری لەچالاکیە مۆسیقیەکانی قوتابخانە دەکات کە ڕۆژانە دەستپێکی خوێندن بەسروودە نیشتمانیەکانی هونەرمەند دەستی پێدەکرد، هەربەک لە سروودە نیشتمانیە بەناوبانگەکانی نەورۆز و ئەی دلێران و لاوانی کورد لە لەیەن هونەرمەندەوە ئاوازی بۆ دانراوە لە تەمەنی منداڵی قوتابخانەییدا،

لە ساڵی ١٩٥٦کاتێک مەلیک فەیسەڵی دووەم پاشای عێراق سەردانی هەولێردەکات لەدیوەخانی مەلا فەندی چەندین مەقام و گۆرانی فۆلکلۆر پێشکەش بە پاشا دەکات وەک ئاهەنگی پێشوازی کەدەبێتە جێی سەرنجی پاشاو میوانانی دیوەخان، مۆسیقاژەن مەجید فەتاح گرنگی زۆری پێدەدات بە هۆی توانای بەرزی و سەلیقە هونەرییەکەی و مامۆستا عیزەددین فەیزی دەبێتە هاندەری ڕاستەوخۆی بۆ بەردەوام بوون و درێژەدان بە کاری هونەری، ئەمەش وایکرد گۆرانی و بەستە کوردی و تورکمانیەکانی ئەوکاتی هەولێرێ لەکۆڕ و بۆنەکان بڵێتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٣ لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر دادەمەزرێت وەک شوفێر، بەدەم کارەکەیەوە گۆرانی یەلا شوفێر دادەنێت و دواتر لە ١٩٥٩ دەچێت لە ڕادیۆی بەغدا تۆماری دەکات.

دوای سەرکەوتنی گۆرانی یەلا شوفێر و بلاوبوونەوی ئەربیللیش زیاتر بەناوبانگ دەبێت و دەناسرێت گۆرانیەکەیشی لەلایەن چەندین هونەرمەندی مەزنی ئەوکات دەگوترێتەوە،ئیتر ئەم هونەرمەندە زیاتر پەرە بە خۆی دەدات و کات تەرخان دەکات بۆ نووسینی هۆنراوە و دانانی ئاواز و وەک مەقام و بەستە تۆماریان دەکات بە زمانەکانی کوردی و تورکمانی، لە مەقامەکانی نەهاوەند و سەبا و کورد و بەیات خاوەن بەهرە توانایەکی بێ وێنە بووە، هەروەها لەگەڵ هونەرمەندان عەبدولواحید گۆزەچی و نەجات توتنچی و یونس توتنچی ئاهەنگی گێڕاوە و چەندین ئاوازی بۆ داناون هەربەهۆی محەممەد ئەربیللی جەباری براشی بەرەو پەیدادەکات.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ئێزگەی بەغدا و ئەو ڕۆژە یەکەم گۆرانی بەناوی (مەن ئەربیلدە چختم) واتا لە هەولێر دەرچووم، تۆمار کردووە، ئەمەش یەکەم وێستگەی بلاوبوونەوەی دەنگی محەممەد ئەحمەد ئەربیللی دەبێت و ئەم گۆرانییەش هەر زوو بە گوێی هەوادارانی میوزیک و گۆرانی بلاو دەبێتەوە.

بە هۆی پتەوی گیانی پێکەوەژیانی نەتەوەکان لە شاری هەولێر، ئەربیلی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پێکهاتەکان هەبوو ئەمەش وایکردووە کە محەممەد ئەحمەد ئەربیلی بەهەرسێ زمانی تورکی و کوردی و عەرەبی گۆرانییەکان بچرێت و بۆ خۆیشی چەندین جار دەیوت «جیاوازی نەتەوایەتیمان نەبووە و هەمیشە وەک یەک خێزان لەم شارەدا ژیاوین و ئەمەش وای کردووە کە هەموو لایەک رێز لە خۆم و هونەرەکەم بگرن و شانازیش بەو پێکەوەژیانە دەکەم».

محەمەد ئەحمەد ئەربیللی خێزاندار بوو و خاوەنی ٣ کورو ٦ کچە لەئێستاشدا خێزانەکەی لەشاری زێرینی دەوروبەری هەولێر ژیان بەسەردەبەن.



# دانا جەبر:
# کاری عەقاراتیش دەکەم

خانمە ئەکتەری سووری دانا جەبر رایگەیاند ئەو گەیشتووەتە ئاستێك کە ئیتر گوێ بە رەخنە نادات، چونکە پێش خۆیشی زۆربەی ئەکتەرە گەورەکانیش رووبەڕووی رەخنە بوونەتەوە.

جەبر زیاتر گوتی: «من زۆر کۆمێنتە نەرێنییەکان ناخوێنمەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی رەخنە لە خەڵکی دەگرن، ئەوانەن کە ناخیان پڕە لە رق و کینە و، ئیرەیی بە سەرکەوتنەکانی کەسانی دی دەبەن، بۆیە هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە بچووکترین هەڵەی لێ ببینن، بۆ ئەوەی بیکەنە مانشێت و سۆشیال میدیا و لاپەڕە و ویبسایتەکانی خۆیانی پێ پڕ بکەنەوە و، لەسەر حیسابی کەسانی دیکە خوێنەر بۆ خۆیان زیاد بکەن».

سەبارەت ئەو دیمەنەی کە لە کارێکی هونەریدا رەخنەیان لێی گرت دەڵێت: «لەو گرتەیەدا من رۆڵی کچێکی بەدەویم بینی، لە کاتی خۆ شۆردندا کراسێکی کورتم لەبەر کرد، بەڵام کامیرا تەنیا قاچەکانی منی نیشاندا، بۆیە ئەوانە بڵاویان کردەوە گوایە من خۆم رووت کردووەتەوە و، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سۆشیال میدیادا بڵاوبکرێتەوە و چیرۆکی جۆراوجۆری لەسەر بنووسن، کە هەموویان دوورن لە راستییەوە».

دانا سەبارەت بە سەرچاوەی بژێویی ژیانی خۆی گوتی: «جگە لە کاری نواندن و پێشکەشکردنی ریکلام، هەندێك جار لە رێگای چەند هاوڕێیەکەوە خانوو و زەوی دەکڕم و دەفرۆشمەوە».

سەرچاوە: https:// /madapost.net

# کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ هیرد راگیر



دەزگای GoFundMe هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کۆمەکی بۆ (ئەمبیر هیرد) راگرت بۆ ئەوەی بتوانێت بڕی دە ملیۆن دۆلار کۆ بکاتەوە، دوای ئەوەی لە دادگا داوایەکی دژی جۆنی دیب هاوسەری دۆڕاند و ناچار کرا ئەم بڕە پارەیە وەك قەرەبوو بداتە هاوسەری پێشووی.

لە هەڵمەتەکە بە ناونیشانی (Justice for Amber Heard) بوو، بۆ ئەم مەبەستە پەیجێکی تایبەت کرابووەوە و بڕی یەك ملیۆن دۆلار کۆکرایەوە بۆ یارمەتیدانی ئامبر و، راستەوخۆ پارەکانی پێ دەگەیشت.

لە لاپەڕەکەدا هاتبوو: پێدەچێت ئامبر و سۆشیال میدیا هەڵمەتێکیان ئەنجام دابێت بۆ پاراستنی ستەمکار، بڕی قەرەبووەکە زیاترە لە تەواوی سەروەتی ئامبر، مایەی دڵتەنگییە کە جۆنی توانیی لە سزای کارە خراپەکەی رزگاری ببێت، حوکمەکەش کارە خراپەکە بەهێزتر و پتەوتر دەکات، ئەگەر دەتوانیت یارمەتیی بدەیت، تکایە ئەم کارە ئەنجام بدە، پارەکەش راستەوخۆ دەگاتە دەستی ئامبر.

گوتەبێژی ویبسایتی کۆکردنەوە کۆمەکەکە رایگەیاند: ئەوان دەیانتوانی هێمای (Flag) لەسەر پەیجەکە دانێن، ئێستاش سەکۆکە بە نیازە بەدوای پەیجە سەختەکاندا بگەڕێت و رێکاری یاساییان بەرامبەر بگرنە بەر.

نوێنەری (GoFundMe) بە ویبسایتی (Insider) راگەیاند: هەموو ئەو کەسانەی کۆمەك کۆدەکەنەوە دەسڕێتەوە ئەگەر پەیوەندیی راستەوخۆیان نەبێت، یان رێگایان پێ نەدرابێت لەلایەن ئەو کەسەی پارەکانی پێ دەگات، چونکە کاری پێشینەیان بریتییە لە پاراستنی کۆمەڵگە و رێزگرتن لەو کەسانەی یارمەتییەکان پێشکەش دەکەن.

سەرچاوە: https://www. /opinyatimes.com



هونەرمەند وەیسی محەمەد بۆ گوڵان:

# من ئەوکاتەی کە بێدەنگم زیاتر سەرقاڵی کاری هونەریم



**وەیسی محەمەد یەكێكە لەو هونەرمەندە بە ئەزموونانەی كە ساڵانێكی زۆرە خەریكی گۆرانیگوتنە، خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە، لە وەڵامی چەند پرسیارێكی گوڵاندا تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێك لە كارە هونەرییەكانی، بەتایبەتی كەمتر دەركەوتنی و نەبوونی كلیپی تازەی گۆرانی بۆ بەرهەمەكانی.**

***ماوەیەكی زۆرە لە جیهانی هونەری كوردیدا بەردەوامیت، ئێستا بەراورد بە سەرەتای دەستپێكردنت لە هونەری كوردیدا چی گۆڕاوە؟**

-لەبەر نارازیبوونم لە دۆخ و ئاستی موزیكی باشووری كوردستان، گشت كارەهونەریەكانم لە شاری كرماشانا تۆماركردووە، بە هاوكاریی موزیكژەنی بەتوانا وەحید كرماشانی

*** هۆكار چییە هونەری كورد جیاوازە، لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا هونەری كوردی بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە لە زۆر رووەوە؟**

- بەدڵنیاییی هونەری كوردی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە ئاستی كوردستانی گەورە گۆرانی و موزیكی كوردی پێشكەوتووە، بەڵام بەداخەوە میدیای كوردی لێی بێخەبەرە.

*** بە رای ئێوە تەكنەلۆجیا و سۆشیال میدیا خزمەتی هونەرمەندی كوردیی كردووە، یان بە پێچەوانەوە؟**

-سۆشیالمیدیای كوردی لە دۆخی فەوزادایە، بەڵام لە داهاتوودا باشتر دەبێت.

*** كێ بەرپرسە لە دۆخی ئێستای هونەری كوردی؟**

- دەسەڵات بەرپرسە لە ئاراستەكردنی فەرهەنگی میللەتەكەی تا نەوەیەكی خاوەن ناسنامەو پێشكەوتوو بەرهەم بهێنێت.

*** ساڵانێكی زۆرە لە بواری هونەریدای، بەڵام ماوە ماوە بێدەنگ دەبیت، هۆكارەكەی چییە؟**

-من ئەوكاتەی كە بێدەنگم، زیاتر سەرقاڵی كاری هونەریم، بە بڕوای من زۆر خۆنمایشكردن نیشانەی ئەوپەڕی بەتاڵییە، كاری هونەری پێویستی بە تەنیایی قووڵ هەیە، بۆئەوەی بتوانیت گۆرانیی جوان بەرهەم بهێنیت، لەماوەی بێدەنگیی ئەم چەند ساڵەمدا كۆمەڵێك گۆرانیی تازەم تۆمار كردووە، بەڵام بەداخەوە میدیای كوردی لە من زۆر بێخەبەرە.

*** لە كام بەشی كوردستان پێشكەوتنی زیاتر بەدی دەكرێت؟**

-ئاستی گۆرانی و موزیكی كوردی لە رۆژهەڵات و باكووری كوردستان زۆر زۆر بەرزترە، بەتایبەت موزیكی رۆژهەڵاتی كوردستان لە ئاستی جیهانیدایە.

*** چۆن دامەزراوە حكومییەكان یارمەتیدەر دەبن لە پێشكەوتنی هونەری كوردیدا؟**

- دەسەڵات و میدیا بەگشتی لێرە رۆڵی ئاراستەكردن دەبینێت، ئەگینا بەشی زۆری جەماوەری ئێمە ئاستی رۆشنبیریی لاوازە، واتا بەركارە نەك كارا.

*** دوایین كاری هونەریتان چییە؟**

-ئێستا سەرقاڵی چەند گۆرانییەكی تازەم لەگەڵ مامۆستا وەحید كرماشانی بە هاوكاریی ئۆركێسترا لە شاری كرماشان كە من ئەم شارە بە دایكی موزیكی كوردی دەزانم.

**سۆشیال میدیای كوردی لە دۆخی فەوزادایە، بەڵام لە داهاتوودا باشتر دەبێت**

شیرین یاسین:
یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان

# حەز دەکەم بتوانم ببمە ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو




یاریی گۆڕەپان و مەیدان پێشتر لە شارەکانی کوردستان لە لووتکەدا بووە، بەڵام ماوەیەکە وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە نادرێت و، بە شێك لە یاریزانانیش لە شارەکانی کوردستان دەستبەرداری ئەم وەرزشە دەبن، بەهۆی نەبوونی خول و پاڵەوانێتی لە سەر ئاستی کوردستان، گرفتەکانی ئەم یارییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بووندایە و یاریزانانیش ناڕازین لە نەبوونی پاڵەوانێتی، بە شێك لە یانەکانیش تیپی گۆڕەپان و مەیدانیان هەر نەماوە، بەڵام چەند یاریزانێك لە قەزا و ناحییەکان ئێستاش هێشتا ئومێدیان ماوە بارودۆخی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش (شیرین یاسین)ی یاریزانی یانەکانی چۆمان و ئارارات و ڕواندز و ئافرەتانی هەولێرە، شیرین لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی قەزای ڕواندزە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستان؟**

-ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان بە شێوەیەکی گشتیی زۆر خراپە لە کوردستان و، بە شێوەیەك فەرامۆش کراوە کە یاریزان نەتوانێت ئەو حەزەی هەیەتی گرینگیی پێ بدات.

*** کەمیی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بێگومان ئەنجامنەدانی ئەم پاڵەوانێتییە وا لە یاریزان دەکات ئاستی دابەزێت و بەرەوپێش نەچێت، ئەمەش وا لە یاریزان دەکات ئەو حەزەی هەیبێتی نەتوانێت بەرەو پێشی ببات و گرینگیی پێ بدات تا ئەوەی ئاستی گۆڕەپان و مەیدان بەرەوپێش بچێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان بەرەوپێش بچێت؟**

- پێویستە زیاتر گرینگی بەو یارییە بدرێت، یانەکان گرینگی زیاتر بەم یارییانە بدەن و بەرپرسی وەرزشی زیاتر جەخت لەو یارییە بکەنەوە، بۆ ئەوەی یاریی گۆڕەپان و مەیدان پێش بکەوێت و دووبارە زیندوو ببێتەوە.

***گرفتی بووکی یارییەکان لە چیدا دەبینی؟**

- نەبوونی شوێنی تایبەت بە راکردن گرفتی زۆر بۆ وەرزشوان دروست دەکات، سەرەڕای ئەوەش بۆ کچ کێشەی دوو ئەوەندە زیاترە.

***هەستت چۆنە کە یارییەکی قورس ئەنجام دەدەیت؟**

- کاتێك دەبینم یارییەکی قورس دەکەم هەست بە ئاسودەیی دەکەم و چێژی لێ وەردەگرم دڵم پێ خۆش دەبێ.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- من کە یاریی دایك دەکەم حەز دەکەم بتوانم ببم بە راهێنەرێکی سەرکەوتوو و گرینگی بەم یارییە بدەم.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە یاریزان و راهێنەری بیانی ببەستن ؟**

- نەخێر لەگەڵ ئەوە نیم یانەکانی کوردستان پشت بە راهێنەری بیانی ببەستن، سوپاس بۆ خودا چەندین راهێنەری سەرکەوتوومان هەیە ئاستیان بەرزە و دەتوانین پشتیان پێ ببەستین.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکارم لە لایەنەکانی بەرپرسی وەرزشیی زیاتر گرنگی بەو یارییە بدەن و بتوانن ساڵانە چەندین پێشبڕکێ بۆ یانەکان ئەنجام بدەن، هیوادارم وەك وەرزشێکی بەرچاو سەیری ئەم یارییەی ئێمە بکرێت، چونکە وەرزش تەنیا بریتی نییە لە تۆپی پێ.

*** پاڵەوان بوون لای تۆ چی دەگەینی؟**

- هەستێکی خۆشە و هەوڵی زۆرم داوە پێی بگەم.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

- خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم لە داهاتوو.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت ؟**


- بە یاریزان(alexmorgan) چونکە هەم خێرایە و هەم کۆڵنەدەرە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی، داوکارم بەرپرسانی وەرزشیی گرنگی بەم یارییەی ئێمە بدەن و پاڵەوانێتی زیاتر بکەنەوە، سوپاس بۆ راهێنەرم کاپتن فەرمان و خانوادەکەم کە هەمووکات هاوکار بوونە لەگەڵم.



# مۆرینهۆ پێویستی بە یاریزانی زیاترە



مۆرینهۆ دوای ئەوەی لە وەرزی یەکەمی کارکردنیدا لەگەڵ رۆما، یەکەم نازناوی ئەوروپی بۆ یانەکە بردەوە و بووە پاڵەوانی کۆنفرانس لیگ، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری فۆربس باسی سەرکەوتنەکەی دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تیپەکەی پێویستی بە گرێبەستی نوێ هەیە.

مۆرینهۆ لەو دیمانەیدا گوتی: هەوڵ دەدەم لە کارەکەمەدا هەست بە گوشاری زۆر نەکەم، پێموایە پەیوەندییەکی تەندروستم لەگەڵ سترێس هەیە، گرنگە هاوسەنگییەکی باشت هەبێت و هەست بە هیچ نەکەیت و ئەزموونت هەبێت لە وەڵامدانەوەی شتەکان.

ڕاهێنەرە پۆرتوگالییەکە زیاتر گوتی: لە ڕاستیدا کلیلی بردنەوە ئەوە نییە، کە دڵخۆشبیت بەوەی کە هەتە، بەهۆی بردنەوەی چەند نازناوێک، بەڵکو ئەوەیە دەبێت داوای زیاتر بکەیت، هەروەها گوتیشی: بۆ ئەوەی سەرکەوتوویی نابێت هەرگیز بەوەندە ڕازی بی کە بەدەستتهێناوە.

جۆزێ مۆرینهۆ، لە کۆتاییدا گوتیشی: کاتێک گۆڵ تۆمار دەکەیت، دەبێت داوای زیاتر بکەیت، بۆ هەموو شتێک داوای زیاتر بکەیت، هەرگیز نابێت بە کەم ڕازی بیت، ئەم هەستە هیچ پەیوەندییەکی بە تەمەنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کەسایەتییەوە هەیە.

بەگوێرەی هەندێک لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان، لەم هاوینەدا لە لایەن چەند یانەیەکەوە داوا لە مۆرینهۆ کراوە ببێتە ڕاهێنەریان، بەڵام ئەو ڕەتیکردووە واز لە ڕۆما بێنێت، کە هەمیشە ئەو دووپاتی دەکاتەوە، کە ڕێز لە گرێبەستەکانی دەگرێت.

# ڕۆدیگێر باس لە چوونی بۆ ڕیال مەدرید دەکات



به ئامادەبوونی فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریال مەدرید و یاریزانەکە گرێبەستەکەی نێوانیان مۆرکرد، کە ئەم یاریزانە دوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی لەگەڵ چێڵسی رووی لە یانە ئیسپانیەکە کرد و لە وەرزی داهاتووشدا ئەم یاریزانە درێسی ژمارە ٢٢ دەپۆشێت،

یانەی ریال مەدرید لەگەڵ ڕۆدیگەری ٢٩ ساڵان گەیشتنە رێککەوتن و گرێبەستەکەشیان بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێت.

ئەم بەرگریکارە ئەڵمانیە دوای پینج ساڵ لە چێڵسی جیابووەوە و پیش ئەوەی لەگەڵ ریال مەدرید رێک بکەوێت لەلایەن یانەکانی بایرن میونیخ و پاریس سانت جێرمان و یۆڤێنتۆس و بەرشلۆنە هەوڵی گواستنەوەی دەدرا، دواتر بڕیاریدا ریال مەدرید لەسەرووی هەمووان دابنێت و خاوەنی ١٤ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا هەڵبژارد.

ڕۆدیگێر بەرگریکاری نوێی ریال مەدرید لە یەکەمین کۆنگرەی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند گەیشتن بە ئێرە بۆ ئەو هەنگاوێکی گرنگ و گەورەیە، دەشڵێت: زۆر دڵخۆشم بە پۆشینی درێسی ریال مەدرید، خێزانەکەم بە بڕیارەکەم دڵخۆشن، چونکە دەزانن مەدرید چەندە گرنگە، زۆر شت لەبارەی تۆپی پێ نازانن، بەڵام دەزانن واتای ریاڵ مەدرید چییە، ڕیاڵ مەدرید یاریزانی زۆر باشی هەیە بە تایبەت لە پێگەی من، پێموایە رکابەرییەکی بەهێز دەبێت لەسەر وەرگرتنی شوێنێک لە پێکهاتەی سەرەکی، پێموایە بەرگریکار دەبێت خێرا بێت، چونکە هێرشبەرەکان خێرا و لێهاتوون.

ڕۆدیگێر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە پێشتر ریاڵ مەدرید لەگەڵ بریکارەکەی لە مانگی ئەیلول قسەی کردووە، گوتی: دواتر منیش لە مانگی نیسان قسەم لەگەڵ ئەنچیلۆتی کرد، ئەوەی گرنگ بوو بڕیارمدا یاری بۆ ریال مەدرید و ئەنچیلۆتی بکەم، لە بەرشلۆنە هەوڵ هەبوو بۆ گواستنەوەم، بەڵام گوتمە براکەم یان ریال مەدرید یان هیچ یانەیەکی دیکە، هەندێک جار لەگەڵ هاوکارەکانت قسە دەکەیت، بەڵام هاتنم بۆ ئێرە بڕیارێکی تاکەکەسی بوو، لەگەڵ کرۆس و کۆرتوا و هازارد قسەم نەکردووە.

ڕۆدیگێر هێمای بۆ ئەوەش کرد لە دەرەوەی یاریگا هەڵسوکەوتی جیاوازە، دەشڵێت: من حەزم لە قسەکردن و چات و سەماکردنە، بەڵام لە یاریگادا زۆر جدیم، حەزم لە گاڵتەکردن نییە، من زۆر حەز دەکەم شۆفێری بکەم، ئێستاش دەمەوێت فێری زمانی ئیسپانی بم، لە میانەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەنچیلۆتی پێی وتم، کە متمانەی بە من هەیە و چاوەڕێی زۆر شت دەکات و منیش دەتوانم یارمەتیان بدەم.

ڕۆدیگێر جەختی لەوەش کردەوە، کە سەرەتا حەزی لە ژمارە ٢ بوو، کە لێرە ژمارەی کارڤاخالە، دەشڵێت: لە نێوان ١٢ و ٢٢ دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرم و بڕیارمدا درێسی ژمارە ٢٢ بپۆشم.

ڕۆدیگێر لە کۆتایی دا گوتی: دڵخۆشم یەکەمین یارییم بە درێسی ریال مەدرید لە یارییەکی دۆستانە بەرامبەر بەرشلۆنە دەبێت، لە منداڵییەوە بینەری کلاسیکۆم و ریال مەدریدم خۆشویستووە و دەمەوێت سەرجەم نازناوەکان لەگەڵ شاهانەکان ببەمەوە.



# نرخی کریستیانۆ لە دابەزینە

بەپێی پێگەی ترانسفێر مارکێت، تایبەتمەند بە بەهای یاریزانانی تۆپی پێ، لە نوێترین خەمڵاندندا بەهای کریستیانۆ لە بازاڕی گواستنەوەکان لە ٣٥ ملیۆن یۆرۆوە بۆ ٣٠ ملیۆن یۆرۆ دابەزی.

کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە سپۆرتینگ لیشبۆنەی پۆرتوگالی دەرکەوت، لە ساڵی ٢٠٠٣ بەرامبەر ١٩ ملیۆن یۆرۆ رووی لە مانچستەر یۆنایتد کرد، لە ماوەی ساڵێکدا لەگەڵ ئەم یانە ئینگلیزیە بەهاکەی بۆ ٢٥ ملیۆن یۆرۆ بەرز بووەوە، ساڵ بە ساڵ بەهای ئەم یاریزانە لە بەرزبوونەوە بوو، لە ساڵی ٢٠٠٧ بەهاکەی بۆ ٣٤ ملیۆن یۆرۆ بەرز بووەوە و دوای ساڵێکی دیکەش لە ساڵی ٢٠٠٨ بەهای لە بۆرسەی یاریزانان گەیشتە ٥٥ ملیۆن یۆرۆ.

لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی زیاتری بەهاکەی و ئاستی ئەم یاریزانە مانچستەر یۆنایتد سەرکەوتوو بوو لە فرۆشتنی ئەم یاریزانە پۆرتوگالیە بە نرخێکی خەیاڵی و لە ساڵی ٢٠٠٩ کارگێری مانچستەر کریستیانۆیان بەرامبەر ٩٤ ملیۆن یۆرۆ فرۆشتە ریال مەدرید و بووە یەکێک لە گرانبەهاترین گرێبەستەکان.

لەگەڵ ریال مەدرید بەهای رۆناڵدۆ لە بۆرسەی یاریزانان بەردەوام لە بەرزبوونەوە بوو، لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢ تاکو ٢٠١٤ بەهاکەی لە بۆرسەی یاریزانان گەیشتە ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ.

ئەوکاتە رۆناڵدۆ تەمەنی گەیشتە ٣٣ ساڵ ریال مەدریدی جێهێشت و لە ساڵی ٢٠١٨ بەرامبەر ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ رووی لە یۆڤنتۆسی ئیتاڵی کرد، کە بە سەرەتای دابەزینی بەهای کریستیانۆ دادەنرێت لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان و لە ساڵی ٢٠٢١ بەهای ئەم یاریزانە لە بۆرسەی یاریزانان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی و بەهاکەی بە تەنها ٤٥ ملیۆن یۆرۆ خەملێندرا، لە ماوەی ساڵێکدا بەهای ئەم یاریزانە پازدە ملیۆن یۆرۆی دیکە دابەزی و ئێستا بەهای لە بۆرسەی یاریزانان تەنیا ٣٠ ملیۆن یۆرۆیە.





# خەسرۆ هەرکی داواکاریی هەیە

ساڵانە لەگەڵ تەواو بوونی خولەکانی کوردستان و عێراق یانەکانی بەشداربوو لە هەردوو خولە گەورەکە چاویان لەسەر ئەستێرە کوردەکانە، بۆ ئەوەی پەلکێشی ریزی یانەکانیان بکەن، خەسرۆ هەرکی یاریزانی تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، ئەم وەرزە ئاستێکی باشی پێشکەش کردووە، لە ئێستادا چەند یانەیەك دیەوێت گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکەن، لەم بارەشەوە خەسرۆ هەرکی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێر بەشدار بووین لە خولی نایابی کوردستان، بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستانیش لەلایەن چەند یانەیەك داوای گرێبەستم لێ کراوە، کە سێ یانەیان لە ناو شاری هەولێرە»، لە بارەی خولی عێراقیش سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد گوتی: «لەخولی عێراقی، ئەم وەرزە ئازاد دەبم و دەمەوێت بۆ یەکێك لە یانە بەهێزەکانی عێراق یاری بکەم»، لە یانەی تەلەبەش گرێبەستم بۆ هاتووە بۆ ئەوەی یاریی لە ریزی یانەکەیان بکەم».



# پێشمەرگەی هەولێر تۆکمە دەکرێت

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر وەرزی رابردوو نەیتوانی ئەنجامەکانی وەکو پێویست بێت لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەی یانەکە بڕیاری داوە بۆ وەرزی نوێ تاڕادەیەك دەستی کراوە بێت لە هێنانی یاریزانی بەتوانا و ئەستێرە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تیپەکە بکەنەوە بە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە (نیهاد عادل) سکرتێرەی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ وەرزی داهاتوو (سەمیر بابۆ راهێنەری یانەکەمان لەراهێنەرایەتیی یانەکەمان بەردەوام دەبێت، لەگەڵ دەستەی راهێنەران کۆبووینەتەوە و پێمان راگەیاندوون ئەگەر یاریزانی باشتان پێ دێت، دەتوانن تیپێی باش دروست بکەن و دەست کراوەمان کردوون، وە ئەگەر یاریزانیشتان پێ پەیدا نەبوو، ئەوکاتە تیپێك دروست دەکەین لە ریزبەندی یانەکان لە خولی نایابی کوردستان»، نیهاد عادل گوتیشی: «ئامانجی ئێمە لە ئێستادا تەنیا دروستکردنی تیپێکی تۆکمەیە ئەگەر کرا، بۆ ئەوەی پێشمەرگەی هەولێر بکەینەوە بە تیپێکی بەهێز لە خولی کوردستان، وەکو گرفتیش هیچ کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە، تیپەکەشمان یەکێك لە تیپە بەهێزەکانە لە سەر ئاستی کوردستان و دەمانەوێت بە هەمان شێوە تیپەکە بە بەهێزی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین کێبرکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەین».



# شەترەنجی خانزاد بەشداری لە خولی عێراق دەکات

تیپی شەترەنجی یانەی خانزاد بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی بۆ بەشداریکردن لە خولی شەترەنجی یانەکانی عێراقی، کە بڕیارە لە مانگی تەمووزی داهاتوو بەڕێوە بچێت، بۆ ئەم مەبەستەش بەرپرسانی یانەی خانزاد مەشقێکی تۆکمەیان دەست پێ کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، لە بارەی بەشداریکردنی یانەی خانزادیش (دکتۆر دلزارحەمە ساڵح) سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا ئامادەکاری دەکەین بۆ بەشداریکردن لە خولی شەترەنجی یانەکانی عێراقی، جگە لەوەش دەستمان کردووە بە راهێنانی یاریزانانی تازەپێگەیشتووی یانەکەمان، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش ئامادەیان بکەین بۆ ئەو خولە و، بتوانین ئاست و ئەنجامی باش پێشکەش بکەین، وەکو یانەکەش هیچ گرفتێکمان نییە و سەرجەم یاریزانانی تیپەکەمان ئامادەکارییان کردووە، بۆ ئەوەی بە ئەنجامی گەورە لە سەر ئاستی عێراق بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، بڕواشمان بە خۆمان هەیە کە بتوانین لەم کێبڕکێیەدا ئەنجامەمان وەکو پێویست بێت، بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بە ئەنجامە باشەکانمان بدەین، سوپاسی سەرجەم یاریزانان و راهێنەرانیش دەکەین کە هاوکاری و هەماهەنگیی تەواویان هەیە لە تیپەکانماندا، دەمانەوێت خانزاد ببەینە لووتکەی یانەکانی عێراق».



# تووشبووانی شەکرە دەت

خواردنی میوە گرنگیی زۆری هەیە بۆ نەخۆشانی شەکرە، چونکە جگە لە ڤیتامین و کانزا و ماددە دژەئۆکسانەکان، زۆربەی جۆرەکانی میوە رێژەیەکی بەرزی ریشاڵ Fiber لەخۆدەگرن، کە هەڵمژینی شەکر لە کۆئەندامی هەرسدا لەسەرخۆ دەکاتەوە، بەمەشەوە ئاستی شەکری خوێن جێگیر دەبێت، بەڵام لە لایەکی دیکە زۆربەیان شەکر لەخۆدەگرن، بۆیە پێویستە لەسەر تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە کە وریان بن لە چەندێتیی خواردن و هەڵبژاردنی جۆرەکانی میوەدا. لە راپۆرتەکانی کۆمەڵەی ئەمریکیی نەخۆشیی شەکرە ADA هاتووە کە تووشبووانی شەکرە دەتوانن هەر جۆرە میوەیەك بخۆن، بەڵام بە بڕی دیاریکراو بۆ هەر جۆرێك. ئەو جۆرانەی میوە کە رێژەی کەمی شەکر لەخۆدەگرن، گونجاوترن بۆ نەخۆشانی شەکرە، کە بریتین لە: سێو، ئاڤۆکادۆ، گێلاس، خۆخ، هەرمێ، ئاڵو، فەراولە. هەروەها ئەو جۆرانەی کە بڕی مامناوەندی شەکر لەخۆدەگرن، وەکو: هەنجیر، کیوی، ترێ، مانگۆ، پرتەقاڵ، مێوژ، مۆزی کارك. سەبارەت بەو جۆرانەی کە



# زیپکەی گەنجێتی لە پێگەیشتوواندا

زیپکەی گەنجێتی لە پێگەیشتوواندا Adult acne واتە دەرکەوتنی زیپکە لە پاش تەمەنی ٢٥ساڵی، کە ئافرەت زیاتر لە پیاوان تووشی دەبن، بۆنموونە نزیکەی ١٥٪ ی ئافرەتانی پێگەیشتوو دوچاری زیپکە دەبن. ئەمە روونە کە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکانی زیپکەی گەنجێتی پێش تەمەنی ٢٥ ساڵی لەخۆیانەوە بە تەواوی چاك دەبنەوە. ئەگەرچی هۆکارەکانی زیپکە لە پێگەشتوواندا هەمان ئەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی زیپکەی گەنجێتی وەکو زیاد دەردانی چەوریی پێست، گیرانی کونەکانی پێست بە خانەی پێست و بەکتریا و هەوکردن، بەڵام لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی فەرەنسیدا لە زانکۆی پاریس هاتووە کە زیاد خواردنی خۆراکی چەور و شیرینی، هاندەرن بۆ سەرهەڵدانی زیپکەی پێگەیشتوان. ئاماژە بەمەش کراوە کە رۆژانە خواردنی ژەمێکی بچووکی خۆراکی چەور، یان شیرینی، ئەگەری سەرهەڵدانی زیپکەی پێگەیشتووان تا رێژەی ٥٤٪ زیاد دەکات، هەروەها شوکولاتەی سپی تا رێژەی ٢٨٪ و شوکولاتەی تاریك تا رێژەی ١٠٪. کەواتە هەتا رێژەی چەوری و شەکر لە خۆراکدا بەرزتر بێت، هێندە ئەگەری زیپکەی پێگەیشتوان زیاتر دەبێت.

## ـــــــوانن میوە بخۆن.. بەڵام!




بڕی زیادی شەکریان تێدایە، ئەوا پێویستە کە بە بڕی کەمتر بخورێن، بۆنموونە: مۆزی گەییو، خورمای وشککراو، شووتی، ئەناناس، هاوکات لەگەڵ دوورکەتنەوە لە میوەی قوتووکراو، یان ساس و شیرەی میوە کە شەکری زیاد لەخۆدەگرن.

# کەمکردنەوەی خۆراکی کاربۆهیدراتی بۆ تەندروستیی دڵ

پسپۆڕانی تەندروستی جەخت دەکەنەوە کە کەمکردنەوەی خۆراکی کاربۆهیدراتی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ کەم دەکاتەوە، لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێن و کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن و کێشی لەشدا. ئەمەش سەلمێنراوە کە کەمکردنەوەی ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەی بەرزی کاربۆهیدرات لەخۆدەگرن، هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، هەروەها ئەمەش روون کراوەتەوە کە ئەو خۆراکە کاربۆهیدراتییانەی ڕێژەیەکی بەرزی شەکر و ڕێژەیەکی نزمی ریشاڵ لەخۆدەگرن، زیاتر پەیوەستن بە ئەگەری نەخۆشیی دڵ. زیاد خواردنی ئەم جۆرە خۆراکانە هۆکارە بۆ: بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، زیادبوونی کێشی لەش، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی هەوکردن Inflammation لە لەشدا، پەیدابوونی بەرگریی خانەکانی لەش بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسۆلین، ئەمەش هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، ئەمانە هەموویان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکەن، چەند نموونەیەکی کاربۆهیدراتە ناتەندروستەکان وەك: نانی سپی، پاستا و هەویرکارییەکان، هەویری پیتزا، بسکویت، ئایس کرێم، برنجی سپی، میوەی قوتووکراو، شلەمەنییە گازدارەکان، شیرەی دەستکردی میوە، شلەمەنییە شیرینکراوەکان، شیرەی گەنمەشامی Corn syrup، جیبسی پەتاتە، هەروەها قەنادی و خۆراکی شیرینکاری.



# ئاکامەکانی خەوی خراپ

خەو بەشێکی گرنگی ژیانە، لە نزیکەوە بە تەندروستیی مێشکەوە بەندە، خەو وەکو خۆراك و ئاو گرنگە بۆ لەش، سوودەکانی خەوی دروست بە کورتی بریتین لە: بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش، هاندانی بەهێزبوونی سستمی بەرگریی لەش، ڕێکخستن و باشترکردنی توانا و فرمانەکانی مێشك، سووککردنی سترێس، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن Inflammation لە لەشدا، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە. لە لایەکی دیکە، کەم خەوی، یان کوالێتیی خراپی خەو زیان بە تەندروستیی جەستەیی و دەروونی دەگەیەنێت، بۆنموونە ئەمە سەلمێنراوە کە کوالێتی خراپی خەو بە شێوەیەکی درێژخایەن پەیوەندی هەیە بە هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەییەوە، گرفت لە بیرهاتنەوەدا، کەمبوونەوەی کارامەیی جووڵە و ماسوولکەکان، گرفت لە بڕیاردان و پلاندانانندا، تێکچوونی ئارەزووی خواردن و گرفت لە هەڵبژاردنی خۆراکە تەندروستەکان، هەروەها زیادبوونی ئەگەری قەڵەوی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرە، نۆرەی دڵ، جەڵتەی مێشك، لەگەڵ خەمۆکی.

ڕێنماییەکان بۆ خەوێکی باشتر: چەند کاتژمێرێك پێش خەوتن دوورکەوتنەوە لە جگەرە، ئەلکهول، قاوە، چای، شوکولاتە، ڕێکخستنی کاتی نووستنی شەوانە، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی مۆبایل پێش کاتی نووستن، خامۆشکردنی ڕووناکییەکانی ژووری نووستن.





# خۆراکی گونجاو بۆ حاڵەتی زیادبوونی چەوریی جگەر

کۆبوونەوەی چەوری لە خانەکانی جگەردا Fatty liver زیاتر لە ڕێژەی ئاسایی کە بریتییە لە ٥٪ ئینجا پاش پەرەسەندن بۆ دوا قۆناغ، هاندەر دەبێت بۆ مۆمبوونی جگەر Liver cirrhosis کە حاڵەتێکی مەترسدارە و تەنیا بە نەشتەرگەریی گواستنەوەی جگەر چارەسەردەکرێت. نیشانەکانی زیادبوونی چەوریی جگەر بە کورتی بریتین لە: سك ئێشە، یان ناڕەحەتیی سك، هەستکردن بە فشارێکی سووك لە بەشی سەرەوەی لای ڕاستی سکدا، هێڵنج، ئاوسانی قاچ، کەمبوونەوەیەکی کتوپڕی ئارەزووی خواردن، دابەزینی کێشی لەش، کۆبوونەوەی گاز لە ڕیخۆڵەدا Bloating، هەستکردن بە ماندووبوونی توند، گۆڕان لە ڕەنگی پێستدا. بە ڕای پسپۆڕانی تەندروستی دەتوانرێت کە زیادبوونی چەوریی جگەر تا ڕادەیەکی باش کۆنترۆڵ بکرێت و، ڕێگە لە پەرەسەندنی حاڵەتەکە بگیرێت بە هەڵبژاردنی چەند جۆرێکی خۆراك، بۆنموونە خۆراکی کەمچەوری و ئەوانەی کە ماددە دژەئۆکسانەکان Antioxidants لەخۆدەگرن وەکو: دانەوێڵەی تەواو، سەوزەی جۆراوجۆر، شیرەمەنی کەمچەوری، پاقلەمەنییەکان، نیسك، پەتاتەی شیرین، کیوی، سێو، پرتەقاڵ، لیمۆ، برۆکۆلی، سپێناغ، پیاز، هلیۆن، بیبەر، گێزەر، کوارگ (قارچك)، تەماتە، قەرنابیت، ماسی و خۆراکی دیکەی دەوڵەمەند بە ئۆمیگا ٣ وەکو ماسییەکانی توونا، سالمۆن، لەگەڵ ساردین، هەروەها گوێز، باوی، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، کازو.



# سەرئێشەی پاش برسیبوون

نەخواردنی ژەمێکی سەرەکیی خۆراك، دواخستنی ژەمی خۆراك، پەیڕەوکردنی ڕیجیمێکی خۆراکیی توند، یان برسیبوون، ئەمانە هەموویان هاندەرن بۆ سەرهەڵدانی نۆرەیەکی سەرئێشە، بەتایبەتی لە تووشبووان بە شەقەسەردا، کە بە سەرئێشەی برسیبوون Hunger headache ناوزەد دەکرێت. یەکێك لە هۆکارەکانی سەرئێشە لەکاتی برسیبووندا بریتییە لە دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، کە هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە ناڕەحەتی و ماندووبوون، هۆکاری دووەم بریتییە لە زیاد دەردانی هۆرمۆنەکانی سترێس، بەتایبەتی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل Cortisol و ئەدرینالین Adrenaline کە لە ئەنجامی برسیبوون و کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش ڕوو دەدات. ئەم جۆرە سەرئێشەیە لەوانەیە کە توند و هاوکات بێت لەگەڵ ئارەقەکردن، هێڵنج، باوێشك، تووڕەبوون و هەڵچوون، هەروەها زیادبوونی ئارەزووی خواردنی شیرینی. هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە سەرئێشەی برسیبوون: ڕێکخستنی کاتی ژەمە سەرەکییەکانی خۆراك و پاس نەکردنی هیچ ژەمێك، گرنگیدان بە ژەمی بەیانی ئینجا ژەمی نیوەڕۆ، هەڵبژاردنی خۆراکی هاوسەنگ و کوالیتیی بەرز، دوورکەوتنەوە لە خۆراکی خێرا و زیاد خواردنی شیرینی، تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ خەو.


## ئامێرێكی گرنگ بۆ نەخشەسازان



بۆ كاری دیزاین و نەخشەسازی جگە لە پرۆگرامی تایبەت بە نەخشەسازی، ئامێری تایبەتیش هەن كە ئەركی نەخشەسازی ئاسانتر دەكەنەوە. یەكێك لەو ئامێرانە ئامێری Custom Editing Consoleیە. ئامێرێك كە لەگەڵ گشت پرۆگرامەكانی ئادۆب دەگونجێت و ئاسانكاری تەواوی پرۆگرامەكانی تێدایە.

كاتێك لەگەڵ یەكێك لە پرۆگرامەكانی ئەدۆبی دەگونجێنی بۆ نموونە پرۆگرامی پرێمەر، دەتوانی لەبری ئەوەی لە پرۆگرامەكەدا دەستكاری بكەی، بەهۆی ئەو دوگمانەی لە ئامێری ناوبراودا هەن دەستكاری دەكەی، وەك برینی فیلم، لكاندنی فیلم. گۆڕینی دەنگ و ڕەنگ، بە گشتی هەرچی لە پرۆگرامەكەدا دەكرێ بەهۆی ئەو ئامێرەوە بە ئاسانی بە وردی دەكرێت. دوگمەیەكی گەورەتر لە هەموویان لە ناوەندی ئامێرەكەیە، ئەو دوگمەیە دوگمی كۆنترۆڵە، ڕێكخستن و هێنانی پرۆگرامەكان بەهۆی ئەو دوگمەوە دەكرێت. ئامێرەكە لەگەڵ هەردوو سیستەمی ماك و ویندۆز دەگونجێت. نەتەنیا پرۆگرامەكانی تایبەت بە ئەدۆب بەڵكو زۆر پرۆگرامی دیكەش كە كاری نەخشەسازی فیلم و وێنە ئەنجام دەدەن بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئاسانكاری لە بەكارهێنانیان دەكرێت.

## گوگل كامێرایەكی نوێ بەرهەم دێنێ



خزمەتگوزاری google Street View یەكێكە لە خزمەتگوزارییەكانی گوگل كە لەساڵی ٢٠٠٧ەوە دامەزراوە. گوگل ستریت ڤیو بۆ نیشاندانی سێ دەوری 3D بینایەك یا شەقامێكە لە زۆربەی وڵاتەكانی جیهاندا. گرتنی وێنەی شەقامەكان بە كوالیتی بەرز و لە هەموو لایەكەوە پێویستی بە كامێرای تایبەت هەیە. كامێراكان بە مرۆڤ هەڵناگیردرێن و بەڵكو ئۆتۆمبیلی تایبەتیان بۆ تەرخان دەكرێت.

لەم ماوەیەدا گوگل كامێرایەكی نوێتری بۆ ئەم مەبەستە بەرهەمهێناوە. پێدەچێت ساڵی ٢٠٢٣ سوودی لێوەربگیردرێت. هەتا ئێستا google Street View زیاتر لە ٢٢٠ ملیار وێنەی شەقامەكانی لە سەد وڵاتی جیهان گرتووە.

كامێرا نوێیەكە زۆر وەك چاوی كوندەبەبۆ دەچێت و كێشەكەی ٧,٥ كیلۆیە و لەسەر ئۆتۆمبیل دادەنرێت. كامێرایەك كە بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێ دەبێت لە هەموو لایەكەوە بەهێز بێت. كامێراكە خۆی پێكهاتووە لە حەوت كامێرای جیاواز كە وێنەكان بە كوالیتی ٢٠ میگاپیكسل دەگرن. هەر حەوت كامێراكە پێكەوە وێنەیەكی ١٤٠ میگاپیكسلی پانۆرامایی دەگرن.

## لوكۆس مۆنیتۆرێكی جیاواز



لوكۆس (Lukos) مۆنیتۆرێكی جیاوازە، هەر كە وێنەكەی دەبینی هەست بە جیاوازی ئەو لەگەڵ مۆنیتۆرەكانی دیكە دەكەی. شاشەیەكی درێژە. شاشەكە پۆرتێبڵە واتە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت. بۆ كۆمپیوتەر و تەبلێت و مۆبایل دەگونجێت.

قەبارەی شاشەكە ١٤ ئینجە. كوالیتی نیشاندانی زۆر لەسەرێیە واتە 4Kیە. بەشێك لە تایبەتمەندییەكانی شاشە جیاوازەكە ئەوانەن:

شاشەكە لە جۆری IPS LCDیە، بە شەپۆلی ٢ میلی چركە ٦٠ هێرتز. كوالیتی نیشاندانی فۆركەیە. چونكە وەك مۆنیتۆرێكی پورتێبڵ بەرهەم هاتووە بۆ لاپتۆپ، ئامێرەكانی گەیم، تەبلێت و مۆبایل دەگونجێت. بڵندگۆی تایبەتی لە خۆیەتی و بەجیا هەڵدەبن و دەكوژێنەوە. ستاندێكی تایبەتی لەگەڵدایە بەكارهێنەر دەتوانێ بەشێوەی ئاسۆیش دایبنێت.

## لاپتۆپێكی ماژۆلار و زۆر بەهێز



دەستەواژەی ماژۆلار یا مۆدیولار (Modular) بەو ئامێرانە دەگوترێ كە پارچەكانی لەپاڵیەك دەردەهێنرێن و بەكارهێنەر خۆی پارچەكان لەپاڵ یەك دەخاتەوە. گرنگی ئەو جۆرە ئامێرانە لەوەدایە، پارچەكانیان بە جیا گیردەكەون و هەر بەشێك تێكبچێ هەر ئەو بەشەی بۆ دادەنێیەوە، یان دەتوانی بە ویستی گۆڕانكاری بە پارچەكان بكەی.

لاپتۆپەكان بەگشتی یەك پارچەن و پارچەكان لەلایەن كۆمپانیاوە لەپاڵیەك خراون، بەڵام پاناسۆنیك مۆبایلی جۆری Toughbook 40 بەرهەم هێناوە كە زۆر بەهێزە و ماژۆلاریشە.

لاپتۆپەكە لەبەر بەهێزییەكەی بۆ كۆمپانیا و شوێنە نیزامی و ئەمنییەتیەكان دەبێت. بەكەوتن و بەربوونەوە كەوتنە ناو ئاو تێكناچێت.

لاپتۆپەكە لە كانزای منزیۆم دروستكراوە. لە بەرامبەر گەرماو سەرما كێشەی بۆ نایەتە پێش. كاتێك لە بەرزاییەكی دوو مەتریش فڕێدایە خوارەوە هیچی لێنەهات. لاپتۆپەكە ١٤ ئینجە. بەكارهێنەر دەتوانێت پارچەكانی بە ویستی خۆی بگۆڕێت. بۆیە لاپتۆپەكە لە حەفتا بەش پێكهاتووە. بەكارهێنەر دەتوانێت باتری، رام، درایڤی SSD، لای راست و چەپ، پشتەوەی لاپتۆپەكە بگۆڕێت. تەنانەت دەتوانێت پارچەی زیاتریش بۆ دابنێت. كاتێك شەحن دەكرێتەوە هەتا ١٨ كاتژمێر شەحنی دانابەزێت. كێشی لاپتۆپەكە ٣,٣٥ كیلۆگرامە. سیستەمی ویندۆز 11ی لەسەرە. یەكەی لێكدانەوەی ناوەندی CPUی ئەنتەل لە جۆری core i5 و i7ە. رامەكەی ١٦ گیگابایتە و دەكرێ زیاتریش بكرێت. داتاگەكەی ٥١٢یە و دەكرێت زیاتریش بكرێت. شاشەكەی فوول ئیچ دییە. لەمسییە، بە قەڵەم و پەنجە، پەنجەوانە و تەنانەت بەدەستی تەڕیش كاری پێدەكرێت.



# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەکان

ڕەنگە بۆ زۆر کەس ئەم پرسیارە بێتە پێش، چ پێویست دەکات پرۆگرامێك بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەکان دابەزینی. خودی ویندۆز پرۆگرامی تایبەت بە سڕینەوەی تێدایە و دەکرێت لە بەشی کۆنترۆڵ پەنێل و ئەو بەشەی تایبەتە بە سڕینەوەی پرۆگرامەکان سوود وەربگری، بەڵام بەراستی ئەو بەشە زۆر پرۆگرام بەتەواوی ناسڕێتەوە.



پرۆگرامی Revo Uninstaller Pro بە سوود وەرگرتن لە ئۆلگۆریتمی پێشکەوتوو و خێرا دەست دەکات بە سڕینەوەی پرۆگرامەکان. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

توانای چێك پۆینت لە System Restore ویندۆز بەر لەوەی پرۆگرامەکان بسڕدرێنەوە.

توانای پشتیوانی لە ریجستەری ویندۆز بەر لە سڕینەوەی پرۆگرامەکان.

توانای سڕینەوەی فایل و فۆلدەرەکان لە Recycle Binدا.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەتوانم پاسۆردی BIOS سەر کۆمپیوتەرەکەم لابەرم چونکە لەبیرم چۆتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ لابردنی پاسۆردی BIOS واتە پاسۆردی سەرەکی کۆمپیوتەر، چەند ڕێگا و شێوازێك هەن. ڕەنگە ئاسانترین شێوە ئەوە بێت کە لاپتۆپەکەت بکەیەوە و لەودا باتری تایبەت بە BIOS کە لە شێوەی باتری کاتژمێر دەچێت بۆ ماوەی تەنیا چەند چرکەیەك دەربهێنە و پاشان دایبنیەوە. شێوازی دووەم ئەوەیە کە وایەری جامپێرەکان دەربهێنە و لێکیان بدە، بۆ ئەوەی زانیارییەکان بسڕێنەوە. ڕێگایەکی دیکە ئەوەیە کە لە پاسۆردێکی تایبەت کە زۆربەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی لاپتۆپ و کۆمپیوتەر دایدەنێن سوود وەربگری و هەروەها دەکرێت CMOS De-Animator بەکار بێنی، ئەم پرۆگرامە و چۆنییەتی کارکردنی زۆر ئاسانە و دەکرێت سەیرێکی یوتیوّبی فێرکاری تایبەت بەو پرۆگرامەکە بکەی.

# ڤیدیۆ پرۆژکتەرە ناوازەکەی سامسۆنگ

سامسۆنگ نوێترین داتاشۆ واتە ڤیدیۆپرۆژکتەری خۆی خستەڕوو. ڤیدیۆپرۆژکتەرێکی ناوازە و سەرنج ڕاکێش. دیزاین و خێرایی و تواناکانی جێگای سەرنجن.

داتاشۆی جۆری The Freestyle سینەمایەکی مەزن بۆ هەموو شوێن و هەموو کاتێك. داتاشۆی ناوبراو ئۆتۆماتیکی خۆی لەگەڵ دیوار یا ئەو تابلۆیەی بۆی داندراوە ڕێك دەخات. تەنانەت دەکرێت بەکارهێنەر پاڵبکەوێت و داتاشۆیەکە لە بن میچ داتاکانی نیشان بدات. دەنگێکی ٣٦٠ پلەی هەیە. بەهۆی سیستەمی وای-فایەوە داتاکان لە مۆبایل و لاپتۆپ و تیڤە زیرەکەکان وەردەگرێت. جگە لەوەش شوێنی کێبڵی HDMI هەیە. ستاندێکی هەیە کە ١٨٠ پلە دەسووڕێت. کاتێك گۆشەی مەبەستی خۆت دۆزیەوە، داتاشۆیەکە خۆکار دیمەنکان نیشان دەدات.

بەهۆی داتاشۆی The Freestyle سەیری فیلم بکە، یاری بکە. دەکرێت وەك مۆنیتۆرێکی کۆمپیوتەر کاری پێبکەی. داتاشۆیەکی پورتێبڵە و شەحن دەبێتەوە. کاتێك شوێنی نیشاندانەکە بچووکە یا ڕاست نییە. داتاشۆیەکە بە ئاسانی دیمەنەکان لە سەد ئینجەوە هەتا سی ئینج بچووك دەکاتەوە.

لە گەڵ سیستەمی دەنگی ئامازۆن و گوگل دەگونجێت و بە ئاسانی بە دەنگی خۆت فەرمانی پێبکە بۆ دۆزینەوەی فیلمەکان. نیشاندانی فیلمەکان بە کوالیتی HDیە.



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی لۆگۆ

لۆگۆ بەمانای پێناسەی سەرەکی دێت لە کۆمپانیا، ڕێکخراو، قوتابخانە، زانکۆ بەگشتی هەر شتێك کە دامەزراوە بێت لۆگۆی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ دروستکردنی لۆگۆ پێویستە کەسی شارەزا بە پرۆگرامی تایبەت لۆگۆ دیزاین بکا، لۆگۆیەك کە دەربڕ و نیشاندەری دامەزراوەکە بێت. بەڵام بە سەدان ماڵپەڕ هەن کە خزمەتگوزاری دیزاینی لۆگۆ دەبەخشن. بۆ نموونە ماڵپەڕی..canva com لەو ماڵپەڕەدا بەکارهێنەر بە ویستی خۆی لۆگۆ دروست دەکات پاش دیاریکردنی چوارچێوەی و فۆرمی تایبەت دەکرێت، ڕەنگ، فۆنت هەر شتێك گۆڕانی تێدا بەسەر بێنی. لۆگۆکانیش بە فۆرماتەکانی PNG، JPG و PDF خەزن بکەی.

## ئامێرێکی هەمەکارە بۆ هەموو شوێنێک

کاتێك گەشت دەکەی بۆ وڵاتێك، یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان دابینکردنی ئینتەرنێتە. مۆدێمە گەڕۆکەکان بە زۆریان تەنیا سیمکارتی تایبەت بە وڵاتێك دەخوێننەوە. بۆ نموونە مۆدێمی گەڕۆکی (فاست لینك) لەوڵاتێکی دیکەدا سوودی لێوەرناگیردرێت و سیمکارتی وڵاتێکی دیکە ناخوێنێتەوە. ئامێری Skyroam Solis ڕێك بەو مەبەستە بەرهەم هاتووە کە لە هەموو شوێنێك لە جیهاندا بۆ هەموو سیمکارتێك بگونجێت.

ئامێری ئاماژە بۆ کراو لەیەك کاتدا سێ ئەرك ئەنجام دەدات، هەم ڕاوتەرێکی باشی ئینتەرنێتە، هەم کامێرایە و هەم پاوەربانکە بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل. تێکەڵاوێکە لە WiFiیەکی خێرای GLTE ٤ زیاتر لە ١٣٠ وڵاتی جیهاندا سوودی لێوەردەگیردرێت، پاوەربانکەکەی ٤٧٠٠ میلی ئامپەرە کە زیاتر لە ١٦ کاتژمێر شەحن ڕادەگرێ و ئامێرەکانیش شەحن دەکاتەوە. کامێرایەکی جگە لەوێنەگرتن سیستەمی GPSی لەگەڵدایە و ٨ میگاپیسکلە بە کوالیتی HD فیلم دەگرێت. سیستەمی وای-فایەکەی دەتوانێت لە یەك کاتدا ١٠ ئامێری پێوە پەیوەند بکرێن.







# گوارەی بازنەیی خشڵێکی ناسک بۆ گوێچکەکان

مۆدی خشڵەکان لەگەڵ کەشوهەوا و وەرزەکاندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەر بۆیە خانمان لە هەڵبژاردنی خشڵەکانیاندا چەندین جار تووشی دوو دڵی و نیگەرانی دەبنەوە، بەم جۆرە پێویستە خانمان ڕێنمایی پسپۆرانی ماکیاژ و خشڵ و مارکەکان وەربگرن، مارکەی بولگەری گرنگی بە گوارەی بازنەیی ورد و بچووك داوە، کە لە چەندین ڕەنگی جۆراجۆرە. مارکەی میسیکا، مۆدی خشڵی گوارەی دروستکراو لە پلاستیك و باغەی وەك خشڵێکی ئاسایی و سادە خستووەتە ڕوو، بەم جۆرە مۆدەکانی خشڵەکان بە جوانترین شێوە دەردەکەون بۆ بۆنە و یادەکان گونجاون. مارکەی پێجیۆ، گوارەی بازنەیی گەورەی ئامادە کردووە کە جێگەی جوانی و ڕازاوەیە بۆ گەشت و سەیران گونجاوە. مارکەی کارتیێ، گوارەی لە شێوەی بازنەیی و هێلکەیی ئامادە کردووە، کە نەخش و نیگاری جۆراوجۆری لەسەر و، بۆ دەرچوون و بازاڕکردن گونجاوە. مارکەی بۆشیرۆن گوارە ناسك و باریکەکانی ئامادەکردووە کە ناسك و سەرنجڕاکێشە.



# چێژ و خۆشی لە گەشتکردنت وەرگرە

لە کاتی گەشتکردندا هەندێك هەوڵ و گرنگیدان وادەکەن کە گەشتەکەت خۆشتر بێت، هەندێك کەس گەشت لەگەڵ کەسانی دیکە دەکەن، هەروەها هەندێکی دیکە حەز بە گەشتی تەنیا دەکەن، مەرج نییە گەشتەکەت بۆ شوێنێکی دوور بێت، لە کاتی بێزاری و دڵتەنگیدا دەتوانیت گەشتی شوێنێکی دەرەوە بکەیت، یان ئەگەر گەشتەکەت بۆ شوێنی دوور بوو، دەتوانیت هەنگاوەکان بە تەنیا جێبەجێ بکەیت و کارەکانت خۆت بیکەیت. سەرەتا هەوڵ بدە لە ڕێگەی پلانەکانتەوە گەشتەکەت ڕێك بخەیت، هەروەها دواتر بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژی کەرەستە و پێداویستییەکانت ئامادە بکە، کاتت تەرخان بکە، مۆڵەتی تەواو وەربگرە و کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، هەوڵ بدە سەردانی زۆرترین شوێن بکەیت، هەروەها پێویستە ناونیشانی خۆت بە کەسێك بڵێیت بۆ هەر ئەگەرێك، بەر لە گەشتەکەت شوێنەکان دەستنیشان بکە، لە هەر کێشەیەك کەسانی دەوروبەرت ئاگادار بکەرەوە، خواردنی خۆش نۆش بکە، بەر لە خوارنەکەت سەردانی شوێنی گشتی بکە، تاوەکو خواردنی باش هەرس بکەیت، گرنگی بە جلوبەرگ و جوانیت بدە، هاوڕێیەتی دروست بکە.







# لە وەرزی گەرمادا پارێزگاری لە پێستت بکە

پارێزگاریکردن لە پێست، ئەرکێکی قورسە و پێویستی بە زانیاری و شارەزابوون هەیە، هەمیشە کچان گلەیی لە جوانیی پێستیان دەکەن، خانمانی بەتەمانیش بە دەست چرچ و لۆچییەوە دەناڵێنن، ئەمە سەرباری ئەوەی بەردەوامیش بە هەنگاوەکانی جوانکاری و پاکراگرتن و پاککردنەوە پەیڕەو دەکەن. پسپۆڕێکی کۆمەڵەی جوانکاریی ئەڵمانی هۆشداری لە زۆر پاککردنەوەی پێست دەدات، بەوەی کە دەبێتە هۆی هەستەوەری و سووربوونەوە و، نەخۆشییەکانی پێست زیاد دەکات، هەروەها کاریگەری لەسەر ئاستی ترشی سەر پێست دەبێت و بەمەش توانای بەرگری لە شێ و گەرماد لاواز دەبێت، بەم هۆکارەش پێست توشی وشکبوونەوە دەبێت، ئەو پسپۆڕە زیاتر ئامۆژگاریی خانمان دەکات کە ئەو کەرەستانە بەکار بهێنن کە ماددەی (یۆریا)ی تێدایە، بەر لە کڕینی کرێم و شامپۆکانت هەوڵ بدە نووسراو و ڕێنمایی سەر کەرەستەکان بخوێنیتەوە، یان پرسیار لە خاوەنی فرۆشگاکە بکە، چونکە ماددەی یۆریا پارێزگاری لە پێست دەکات و بە نەرمونیانی دەیهێڵێتەوە، هەروەها هەوڵ بدە ڕۆژانە جارێك پێستت پاك بکەیتەوە و زێدەڕۆیی لە پاککردنەوەی مەکە، جگە لەوەش لە وەرزی گەرمادا نابێت بە ئاوی گەرم دەموچاوت بشۆیت، ئاوی گەرماویش با شلەتێن بێت، شەوانەش بەر لە نووستن بە فڵچە و کلینکسێکی تەڕ تەواوی ماکیاژەکەت لابدە و، زۆریش دەست لە روخسارت مەدە، بە تایبەت ئەو کاتەی کە هەست دەکەیت دەستت پاك نییە.






# گالیسکەکەی شاژن تەمەنی ٢٦٠ ساڵە


گالیسکە لە زۆربەی فیلمە کارتۆنی و خەیاڵییەکاندا دەردەکەوێت و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، کە بە کەرەستەیەکی گواستنەوەی کۆن دادەنرێت و لە ئێستاشدا لە شوێن و بۆنە تایبەتەکاندا بەکاردەهێنرێت، بە تایبەت لە ئاهەنگ و شوێنی فەرمی، دواجار شاژنی بەریتانیا بۆ هاتنە دەرەوە لە کۆشك گالیسکە ڕەنگ زێڕینەکەیی بەکار هێنا، کە لە ساڵی ١٩٥٣ بۆ یەکەمین جار شاژنە ئەلیزابێتی دووەمی لە کۆشکی باکینگهام بۆ وێستمنستەر پێ گواسترایەوە، لە یادی یوبێلی پلاتینیندا هەمان گالیسکە بە شێوەی تازە ئامادە کرایەوە بۆ گواستەوەی شاژن. گالیسکەکە تەمەنی ٢٦٠ ساڵە و، تا ئێستا ماوەتەوە و بەردەوام کاری چاککردنەوە و تازەکردنەوەی بۆ دەکرێت، بە چەندین نەخشی جۆراوجۆر چێ کراوە، هەروەها مارشی نەتەوەیی لەسەر گالیسکەکەی شاژن نەخشێندراوە و، تائێستاش بە شێوەییەکی ئاسایی کار دەکات.

# خواردنگەی خێرخوازیی هەولێر

هەمیشە کورد بە سیفاتی چاك و دڵپاکی ناسراوە، هیچ کاتێك لە یارمەتیدان و هاوکاری سڵیان نەکردووەتەوە، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان شوێنی یارمەتیدان و بنکەی خێرخوازی و هاوکاری هەن، لە سلێمانی لە مزگەوتی گەورە هەموو ڕۆژێ خواردن بۆ هەژاران و خەڵکی میوان و گەشتیاران ئامادە دەکرێت، لە مزگەوتی شێخی چۆلیی هەولێر، سەر لە ئێوارانی ڕەمەزان و ڕۆژانی دیکەش بڕێك خواردن بۆ میوانان و ئەوانەی توانای کڕینی خواردنیان نییە ئامادە دەکرێت، بەم دواییە لە باغی شار لە هەولێر خواردنگەیەکی خێرخوازی لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانیی و گرووپی گەلیاوە کراوەیەوە، ئەو خواردنگەیە لە کاتی نیوەڕواندا دەکرێتەوە تاوەکو کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ لە خزمەت گەشتیاران و میوانان و ئەوانەیە کە کەم دەرامەتن، یان هەر کەسێك بیەوێت ژەمێك نۆش بکات، بەبێ جیاوازیی نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و شێوە خواردنەکان پێشکەش دەکرێن، خواردنەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە برنج و شلە، ڕۆژانە بۆ زیاتر لە ١٠٠٠ کەس خواردن ئامادە دەکرێت، لەم چەند ڕۆژەی دواییدا کە خواردنەکان پێشکەشی خەڵك کراون، هیچی نەماوەتەوە و هەندێ کەسێش بۆ وێنە و سێلفی و یادگاری لەگەڵ خواردنگە خێرخوازییەکە وێنە دەگرن.







# ڕێگایەک لە تۆپی زەرد

چیرۆکی قازی زەرد، چیرۆکێکی خەیاڵیی منداڵانەیە، کە باس لە قازێك دەکات، کە ڕێگایەکی دووروودرێژ لە ڕەنگی زەرد دروست دەکات، بەم چەشنە هونەرمەندێکی وڵاتی گانا بە ناوی سێرج ئەتوکی کلوتی، کە کاری دیزاین و وێنەکێشانە، هەڵساوە بە دروستکردنی ڕێگایەکی راستەقینە لە تۆپی زەرد، بیرۆکەکە بووەتە جێگەی سەرنجی منداڵان و تەنانەت گەورە و پێگەیشتووانیش، کارەکەشی بریتییە لە پانکردنەوەی گالۆن، دواتر بە ڕەنگی زەرد بۆیەی کردووە، هەروەکو چۆن لە چیرۆکەکەدا منداڵێك بە ناوی دوروسی، بە جادووی چیرۆکی قازی زەرد ناسراوە، ئەوانەی سەردانی ئەو ڕێگە زەردە دەکەن، هەر یەکێك بۆی هەیە تۆپێك، یان پارچەیەك بە ڕەنگی زەرد بۆیە بکات، ئێستا ڕێگەکە بووەتە ئاوەڕۆیەك بۆ گواستنەوەی ئاوی ناوچەکە لە وڵاتی گانا، کە بیرۆکەیەکی سادەیە و وەك پرۆژەیەکی گەورەی وڵات دادەنرێت.






## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا گورگێك قسە و وتار بۆ باڵندە و گیانداران دەدات، لە کاتێکدا خۆی دەیەوێ باڵندەکان نۆش بکات.

# ماکیاژە سەیرەکانی کچێک







ئەو کچە ناوی (جویس سپاکمان)ـە و تەمەنی (٢٣) ساڵە، بە جۆرێك ماکیاژ دەکات کە شێوەی روخساری هێندە دەگۆڕێت ناتوانیت بیناسیتەوە، بەهرەی ئەو کچە لە تەمەنی (٩) ساڵییەوە دەرکەوتووە، کاتێك دەستکاریی ماکیاژەکانی دایکی دەکرد و چەندین نەخشونیگاری لەسەر قۆڵ و باسکەکانی خۆی دەکرد، دوای ئەوەی دەچێت لە بواری دیزاین و ماکیاژدا دەخوێنێت، ئێستا کارەکانی جێگەی سەرنجن، هەر بۆیە چەندین نمایشی بۆ کارەکانی کردووەتەوە، کە ماکیاژی وای کردووە جێگەی تێڕامان بێت.




## میوزیک

**بریسکە** – Shine

یەکێکە لە تراکە تازەکانی کچە گۆرانیبێژی جامایکی میکیایلا ڤیکتۆریا سیمسپۆن-ە کە ناسراوە بە کۆفی، لە ئەلبوومی Gifted لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرهەم هاتووە، لە جۆری سۆڵ R&B، لە جۆری خێرایە و باس لە گەڕانەوەی خۆشەویستەی دەکات.




## خێرایی - Hustle




فیلمێکی دراما و کۆمێدییە، باس لە تیمێکی باسکە دەکات، کە دوای دۆڕندانەکانیان، یەکێك لە یاریزانییەکانیان خاوەن بەهرە و توانایەکی زۆرە، بەڵام تا ئێستا یاریی نەکردووە، دواتر لە ڕێگەی ئەو یاریزانە شارایەوە تیمەکە دەگەنە سەرکەوتن، فیلمەکە لە ساڵی ٢٠٢٢ لە ئەمریکا وێنەی گیراوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٧ خولەکە، لە دەرهێنانی جیرێمی زاگەر، لە نووسینی تایلۆ مێترنی، لە نواندنی (ئادەم ساندەلەر، خوانچۆ هێمنگۆم، لیۆن باکویت، بابان مارجانۆڤیچ)ـە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەلایەنی پیشەییەوە ئەو بیرۆکانە بنوسەرەوە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانتدا بۆت دێت، چونکە دەکرێت ببنە هۆکاری سەرکەوتنت، ئەگەر سودیان لێ رببینیت، هەنگاوێکی گەورە دەنێیت بەرەو ئامانجەکەت، لەلایەنی سۆزدارییەوە هیچ بڕیارێکی مەترسیدار مەدە کە دواتر پەشیمان بیتەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە هەمو شتێك بە خواستی تۆ دەبێت، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دڵنیابەرەوە لەوەی نرخی ئەو کەسانە بزانە کە گرنگیت پێ دەدەن، تۆش بە هەمان شێوەبە بۆیان، گونجاندنی زۆر هەیە لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پەیوەندییەکەتان دەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەروی پیشەییەوە ئێستا کاتێکی زۆر گونجاوە بۆئەوەی دەست بە ئەنجامدانی پلانەکانت بکەیت، پشت بە کەسانی دیکە مەبەستە و ئێستا کاتی ئەوەیە خۆت تەنیا یارمەتیدەری خۆت بیت، لە رووی سۆزدارییەوە کێشە و گرفتی زۆر هەیە کە پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەیە بۆئەوەی درێژە نەکێشێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەردەوام خەون بە شتە مەحاڵەکانەوە دەبینیت، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ هەوڵێکیان بۆ نادەیت و خۆت ناخەیتە مەترسییەوە، ڕەنگە ئەوەش لەدەستبدەیت کە ئێستا هەتە، چاوەڕێ مەکە خەڵکانێك بە شێوەیەکی ئەرێنی مامەڵەت لەگەڵ بکەن، لە کاتێکدا خۆت بەردەوام دژایەتییان دەکەیت و رەخنە لە کار و تواناکانیان دەگریت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە پێویستە زۆر هێمن بیت، زوو هەڵچون و توڕەیی کاریگەریی نەرێنی لەسەر تواناکانت دروست دەکات، خێزان و هاوڕێکانت بە شێوەیەکی ئەرێنی مامەڵەت لەگەڵدا دەکەن، ئەگەر هەست بە کێشەیەکی شاراوە دەکەیت لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا، ئێستا کاتی ئەوەیە چارەسەری بکەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خۆت لە بارودۆخێکی سەختدا دەبینیتەوە، ڕەنگە بەشێك لە کارەکانت تووشی وەستان ببن، پێویستە هێمن بیت و پشوو وەربگریت، هەروەها با سەرنجت لەسەر ئەو کێشانە بن کە هەیە، ئامۆژگارییەکانی خۆشەویستەکەت سوودی دەبێت ئەگەر بە گوێی بکەیت.

بۆ زانیاریت

# چەکی کارۆموگناتیسی EMP

چەکی کارۆموگناتیسی EMP ئەو چەکەیە کە کەس ناکوژێت، بەڵام شارستانییەت ٢٠٠ساڵ دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، تائێستا ئەوەتان بە مێشکدا هاتووە کە بۆچی ئەمریکا لەوڵاتێکی بچووکی وەك کۆریای باکوور دەترسێت؟ ئایا لەبەر ئەوەیە چەند کڵاوە ئەتۆمیکی هەیە کە ناگات بە ٣٠٠ دانە؟، لەراستیدا ئەوەی کە وا لە ئەمریکا دەکات لە وڵاتێکی وەك کۆریای باکوور بترسێت، ئەوەیە کە کۆریا خاوەنی چەکی ناوەکی نەوەی کۆتایە واتە (چەکی کارۆموگناتیسی )ئەم چەکە کەس ناکوژێت، بەڵکو شەپۆلێك بڵاو دەکاتەوە کە هەموو ئامێرەکانی ناوچەی ئامانج لە ناو دەبات و دەتوانێت لە چەن چرکەیەکدا باشترین کۆمپیۆتەر بکات بە پارچە بەردێکی بێ کەڵك، گەر بێت و کۆریای باکوور بۆمبێکی (١٠کیلۆ تەن)ی لە بەرزی ٣٠بۆ٣٠٠میل لەسەر بەرگە هەوای ئەمریکا بتەقێنێتەوە، ئەوا بە خێرا رووناکی هەموو ئامێرەکانی ئەمریکا لەکار دەخات، بەمەش دەیگەڕێنێتەوە بۆ چاخی بەردین.



## ئۆتۆمبێل - Cars

ئۆتۆمبێلە نوێیەکان سیستمێکیان هەیە کە بەستراوەتەوە بە عەقڵی ئیشپێکردنی مەکینەوە، کە بەردەوام چاودێریی ڕێژەی هاوسەنگیی بەنزین و هەوا دەکات لەسەر پستۆن و، پستۆن و کرانگ شەفت دەپارێزێت لە شکان Air Fuel Ratio، ئەم سیستمە بەردەوام کاردەکات و هەرکاتێك ڕێژەکە نا هاوسەنگ بوو، ئەوا دەبێت هاوسەنگی بکاتەوە، ئەگەر هاتوو هەر حەساسێك کە پەیوەست بێت بەم سیستەمە و ڕێژەی بەنزین و هەوا، ئەوا ئەو سیستەمە ناتوانێت بەباشی کاربکات، بۆیە عەقڵ هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی هێزی مەکەینە بەشێوەیەك کە مەکینە تەنیا بە شێوەیەکی ئاسایی ئۆتۆمبێلەکە لێبخوڕێت و مەکینەکە هیچ هێزێکی هەستان و فەقاز و ئۆڤەری نامێنێت، ئەم کردارەش بۆ پاراستنی ناوەوەی مەکینە (پستۆن، کرانگ شەفت، قۆڵەبەگن)ـە و دەپارێزێت لە شکان، لە هەندێك ئۆتۆمبێل ل ەناو داشبۆرددا بە ئینگلیزی ئاگادارت دەکاتەوە لەو کێشەیە و دەنوسرێت (Engine Power Is Reduced) واتا هێزی مەکینە کەمکرایەوە، لە کۆمپیۆتەریش بەزۆری دوو کۆد دەدات،
P0171 System Too Lean، P0172 System Too Rich
پێت دەڵێت بەنزین لەسەر پستۆن گەلێك زۆرە، یان گەلێك کەمە، بۆیە هەر کاتێك ئۆتۆمبێلەکەت توشی ئەم کێشەیە بوو، ئەوا ناچارت دەکات چاکی بکەیت، چونکە ئۆتۆمبێلەکەت هیچ کێشی نامێنێت و هەرچەندی پێی لێ بنێیت و زەختی لێ بکەیت، مەکینە ناتوانێت تەنانەت ٢٠٪ ی هێزی خۆی بدات.



## پەند و وتە

ئۆلیڤەر ویندڵ هۆڵمز، فیزیاناسی ئەمریکی لە دایکبووی ساڵی ١٨٠٩ لە ویلایەتی ماساشیوتیشی ئەمریکی لە ساڵی ١٨٩٤ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی قسە و گوێگرتن گوتوویەتی: «قسەکردن لە پسپۆری و نەریتی کەسانی زانایە، بەڵام گوێگرتن سیفاتی کەسانی حەکیم و دانایە».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا پیاو و ئافرەتێك هەن، وێنەکە وا گیراوە کە ئافرەتەکە بچووك بێت، بەڵام وانییە و کەسێکی ئاساییە، هەوڵ بدە فێڵکاریی وێنەکە بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

خێزانەکەت گرنگیی تەواوت پێ دەدەن، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی و هەندێك لە ئەرکەکانتەوە تۆ ئەو بایەخەت بۆیان نییە، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، زیان بە پەیوەندییەکەتان دەگات، ئەگەر دەتەوێت دەست بە کارێکی نوێ بکەیت، ئیستا کاتێکی گونجاو نییە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئێستا کاتی ئەوەیە تەماشای ئاوێنە بکەیت و ژیانی خۆت ببینیت، ئەو کەسانە لە خۆت دووربخەرەوە کە هەست دەکەیت کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیان و دەروونت جێ دەهێڵن، لەلایەنی پیشەییەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت دەبیتەوە، بەڵام بە زوویی بەسەریاندا زاڵ دەبیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەرکەوتنت لەگەڵ کەسانی دیکە و دژایەتیکردنی بەردەوامیان، دواتر زیان بە خۆت دەگەیەنێت، لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە بەشێك لە بیرۆکەکانت ڕەت بکرێنەوە، بەڵام بێ هیوا مەبە و دووبارە هەوڵ بدەرەوە، گرنگیدان بە وەرزش بە تەندروستییەکی باشەوە دەتهێڵێتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


وادەردەکەوێت ئەمڕۆ شتەکان بە باشی بەڕێوە نەچن، ئەرکێکی زۆرت دەکەوێتە سەرشان و ناتوانیت بە تەواوی سەرنجی هەمویان بدەیت، پێویستت بە پلان و خۆڕێکخستنەوە هەیە، هەندێك کات پێویستە بڕیاری سەخت بدەیت، بۆ ئەوەی بگەیت بەو ئامانجانەی کە دەتەوێت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕەنگە هەندێك کەس لە دژت کار بکەن، گرفتت هەیە لەوەی ناتوانیت هاوسەنگی ڕابگریت، ئەم ماوەیە باشتر دەبێت ئەگەر هێندە خۆت سەرقاڵی کێشەی کەسانی دیکە نەکەیت و، تەنیا سەرنجت لەسەر ژیانی خۆت بێت، خۆت و تەندروستیی خۆت پشتگوێ مەخە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەلایەنی پیشەییەوە کارەکانت زۆر بەباشی دەڕوات بەڕێوە، هێندە سەرنجت لەسەر کێشەکان نەبێت و لایەنی ئەرێنییان ببینە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر زیاتر هەوڵ بدەیت لە خۆشەویستەکەت تێبگەیت، زیاتر پەیوەندیتان لێك نزیك دەبێتەوە، لەلایەنی دەروونییەوە ئەم ماوەیە پێویستت بە پشووە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626